# گەمە لەگەڵ درندە

## کۆمەڵە وتار

عومەر سەیدە

٢٠٠٥

* گەمە لەگەڵ درندە

* کۆمەڵە وتار

* عومەر سەیدە

* ٢٠٠٥

*٥٠٠ دانە

* ژمارە سپاردنی(٥٩١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە

## پێشکەشە:

به رۆحی پیرۆزی دایکم که منی به ئازادی هێنایه بوون و دەمەوێ به ئازادی بژیم

# لە بری پێشەکی:

بە پێویستم نەزانی هیچ پێشەکیەک بنووسم بۆ ئەم کتێبە، بەڵام ئەوەی دەمەوێ بیڵێم لەسەرەتادا ئەوەیە، کە زۆربەی ئەم وتارانە لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاو بوونەتەوە، زۆربەشیان بۆ کات و دۆخی تایبەتی خۆیان نووسیومن، بەڵام بە پێویستم زانی لە دوو توێی ئەم چەند لاپەڕەیەدا کۆیان بکەمەوە.

## لاوان و حیزب

لاوان لەهەموو کۆمەڵگاکانی جیهاندا ڕۆڵی پراکتیکی دەگێڕن لەهەموو بوارەکاندا ، دەکرێت بڵێین داینەمۆی بەگڕخستنی هەموو جۆرە شۆڕشێکن ، چ سیاسی یاخود فکری هتد. لێرەوە دەبێت لاوان زەمینەیان بۆ خۆش بکرێت بۆ ئەوەی هەموو ئاراستەکانی کۆمەڵگەو وڵات بەئاقارێکی تەندروستتردا ببەن ، بەپێچەوانەشەوە دەتوانرێ وەك کەرەستەی هەموو ناکۆکیو ئاژاوە گێڕییەك بەکاربهێنرێن ، ئەمەش بەبرواببوون بەو ڕێبازو سیاسەتەی پێی دەڵێین تاکە ڕێگای چارەسەری کێشەکان ئەگەر هەمووشمان نەزانین زۆربەمان دەزانین کە حیزب لانکەی یەکەمی ئەو شۆڕشەیە کە دواجار لاوان خۆیانی تیادەبیننەوەو لەوێوە بەرەو ئامانجە گشتیەکان تێدەکۆشن ، بەڵام لەسەردەمی شاخدا کورد پێویستی بەدیالۆگ وشۆڕش کەمتربوو وەك لەئێستا ، ئێستا زەرووربییەتی مێژووییە کەحیزب چیدی لاوان بارگاوی نەکا بەعەقڵیەتی شەڕانگێزیو بۆ هەموو کێشەکان پرۆگرامی نوێ و ڕێگەچارەی عەقڵانی تر بدۆزێتەوە ، چونکە ئەگەر بەو شێوە نادروستە لاوان ئاراستە بکرێن نەوەی دوای ئەوانیش ناتوانن بەئاسانی ئەو ماسکە ناعەقڵانیەی پێش خۆیان فڕێ بدەن لەبنەڕەتدا ئێمەی کورد دەتوانین خوێندنەوەمان بۆ نەتەوەی خۆمان باشتر هەبێت، نەتەوەیەکی سادەین و تەنانەت سیاسیەکانیشمان ئەوەندە سادەن بەر لەوەی لەبەردەم هیچ دەزگایەکی ڕاگەیانەندا شتێك بدرکێنن کەم تازۆر بەتێڕوانینیان ئاشنا دەبین بەرامبەر بەمەسەلەکان.

هەربۆیە لێرەوە بەلاوان دەڵێم :- مەهێڵن حیزب وەك سوتەمەنی حەزە سوتێنەرەکانی بەکارتان بهێنن، هەر خۆشتان دەتوانن ئاڕاستەی دیاردەو بیرکردنەوە ناتەندروستەکانی حیزب بگۆڕن ، چونکە حیزبەکان بانگەشەی دیموکراتیزەکردن و ئازادی بۆ کۆمەڵگەدەکەن و خۆشیان بەمینبەری یەکەمی بەمەدەی کردنی تاکەکان دەزانن، کەلەوانەیە سەد دەرسەد مەبەستی حیزبیش بێت بەڵام بیرمان نەچێت کە کادرەکانی خوارەوە ئەو کادرانەی سەردەمی شاخ نین، بەحیزبیش دەڵێم: تکا ناکەم بەڵام گەردەتەوێت هێزی بیرو توانای سیاسی پێشانی خەلك بدەیت بهێڵە لاوان شەڕی عەقڵ فێربن ، هەرگیز پێت وا نەبێ تفەنگ و خامە یەك شەڕ دەکەن ، چونکە تفەنگ



تەنها مەرگ بەخشەو ناتوانێت بێ بەدێڕی نووسین بەدەستی تفەنگ بەدەستەکەتەوە، بەڵام خامە هەر ئەو میکانیزمەیە کە سنگی پەڕەکان ڕەش دەکاتەوەو ئێمەش دەیخوێنینەوە ، خۆ ئەگەر بۆمان بنوسی شەڕێکەن ئەو ووشانە بەخامەیەك ڕەش دەکەینەوە.

لاوان تاوانبارن کەتاهەنوکە نەیانتوانیوە جیاوازی ئایدیا قبوڵ بکەن و خۆیان دوورخەنەوە لەوەی نەبنەسەرەداوی دروست بوونی ململانێی حیزبیو لەوێوە کێشەی عەشایەری و شێواندنی ئارامی و ئاسوودەیی.

حیزبیش تاوانبارترە کەلەبەرنامەی هەموویان دا هاتووە ((ڕەخنەو ڕەخنەلەخۆگرتن))کەچی نەرەخنە لەخۆی دەگرێو نەرەخنەش قبوڵ دەکات

هەر بۆیە دەڵێم با لاوان بەلۆژیکی عەقڵیەتی سەردەم گۆش بکرێن، تابتوانن چارەنووسی گەل ونەتەوە بەرەو باشتر ببەن.

**ـ لەلاپەرە(٧)ی ژمارە(١٧)ی ڕۆژنامەی(کەرکوکی ئەمڕۆ) ڕۆژی ٢٠٠٤/٣/٣١ بلاو بووەتەوە**

# کێ گرەوەکە دەباتەوە..!؟

یاریگای شەڕە سیاسیەکانی عێراق، هەمەجۆر پاڵەوان باڵیان لێهەڵکردووەو هەر یەکەو بەئاڕاستەیەکدا ئەسپی سەرکەوتن تاو ئەدات، سەرکەوتن بەمانا جوانەکەیو بەدیوە راستەقینەکەیدا نا بەڵکو بردنەوە ئیدی لەسەر حیسابی هەر کەسێك بێت، بۆیە لەسەروبەندی ئەم کێبەرکێیە، قوربانیەکان بەئاستەم ئامانجە راستیەکان دەبن، زۆرینەی هێزە مەیدانیەکان، عەقڵیەتی کاریان بەرامبەر بە هاوکێشەی رووداو گۆڕانکارییەکان زۆر لاسەنگە، ئەمەش پێویستی بەڕێگەچارەی بەپەلەو لۆژیکی هەیە، کەهیچ هێزێك لەعێراقدا شەرعیەتی ئەو رۆڵەی نیە بیگێڕێ.

لێرەوە دەبێ مەزەندەکان ببنە پێودانگ بۆ ئایندەی وڵاتێکی بەم چەشنە وێرانەو شێواوە.

کورد ساڵانێکە بەشێکی زۆری باشووری کوردستان دەبا بەڕێوەو هەموو گرەوە لۆژیکیو نالۆژیکیەکانی تاقی کردەوە، هیچ لایەکیش نەیبردەوەو دوڕانیش میوانی هەموو ماڵێکی کوردی بوو، ساڵانێك بەر لەروخانی بەعس، نووسەرو رۆشنبیرانی کوردستان، داواوتکاو پێشنیاری ئەوەیان دەکرد بۆ ماڵە داپڕاوەکەی کوردی، کە بەزووترین کات ئاشتی بکەنە دیاری بۆ خەڵکی ستەم دیدەی کوردستان، کەچی ئێستاشی پێوە حیزبە زلهێزەکانمان کەم گوێمان لێدەگرن، پێم وایە ئەوەی لەسەر دەمی خەڵکیە، بەپلەی سەدو هەشتا پێچەوانەی راستی رێکنەکەوتنەکەی(پارتیو یەکێتی)یە هەر بۆیە ئێستاش ئەو لوغزە پرسیارەو هیچ کام لەو دوو حیزبە لەیەك رەنجاوە وەڵامیان نادەنەوە، ئەگەر ئەم دۆخەش درێژە بکێشێ بەو شێوەیەی کەلێژ بووەتەوە بۆ ناوچە تازە ئازادکراوەکانی کوردستان بەگشتیو کەرکوك بەتایبەتی، ئەوە کێشەی گەلی کورد دەبێتە ئەو هاوکێشە ئاڵۆزەی کە شیکردنەوەی دوائەخرێت بۆ کۆتایی هەموو پرسیارەکانی ئەم ئەزموونە پڕ بەهایەی کە گەلی کورد بەدرێژایی مێژووی نوسراوی، خەونی پێوە دەبینێ، بەو پێیەش ئێمە وەکو هاوڵاتیانی کورد گرەوی سیاسەتکارانمان دەدۆڕێنین.

لەدوای کوردەوە، عەرەب، وەك دوژمن، وەك دۆست، وەك هاوتای سیاسەتکارانی کوردی لەیاریگاکەنو سیاسەتێکی ئیزدیواجی ناشیرین



پەیڕەو دەکەن، وەك سەردەمی سەدامی دیکتاتۆر کە دێنە دیوەخانی سەرکردەکانمان بە قەسیدە بێ داهێنانەکانیانەوە دەکەونە هۆسە، لەبەغداش شێری سەر مێزی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی حوکمن، نەپاڵێوراوی کۆمەڵگای عەرەبین، وەکو ئەو حیزبانەی ئێمە کە بەدەنگی خۆمان پێش(١٢) ساڵ هەڵمانبژاردن، نەخاوەن هێزو ئیدارەی لۆکاڵیشن وەکو حکومەتەکانی ئێمە، هەر بۆیە جێی خۆیەتی هەمیشە وەك پیلانگێڕێك لێیان بڕوانین، کە خەباتیان دژ بەمافو بەرژەوەندی گەلی کوردە.

دەبێت شتێك لەسەرنجی عەرەب بۆ خۆیان رابکێشن، تا لەڕێیەوە شۆڕببنەوە ناو کۆمەڵگای عەرەبیو بەبەرنامەو رێبازیان خزمەت بە هۆشیاری کۆمەڵگای عەرەبی بکەن، تا بتوانن ئەو هەموو دەرهاویشتە ناتەندروستەی کە بەرامبەر بەگەڕاندنەوەی خاوەندارێتی خۆیان بۆ خۆیان هەیانە، بە شێوەیەکی عەقڵانی ئیفرازی بکەن.

ئەگەر نا ئەم کێبەرکێیە، پاڵەوانی بێ هێزی ناویو کارتی سووری دەداتێ بەر لەوەی یاری دەست پێبکات.

ئەمریکاش، وەك رزگارکەرو دۆست، پاشان وەك داگیرکەرو هێزێکی کاریزمایی هاتە یاریگاکەوەو زۆرترین عەزەڵات نمایش دەکات، لێرەشەوە دەیەوێ بەجیهان بڵێت: ئەوە ئەمریکایەو ئاگاداربن، بەڵام ئەوەی پرسیارەو ناکرێت بۆ خۆمانی هەڵگرینو ناشکرێت لەوە زیاتر چاوەڕوانی وەڵامەکەی بین، ئایە ئەمریکا جگە لەرووخانی(سەدام) چیتری بەخشی بەعێراق، لەمەرگی مۆدێرنو ناشیرین زیاتر.

لەسایەی سیاسەتە نارێکەکەی ئەمریکا لەعێراق، ئەم هەموو کارەساتە ناشیرینانە رووی تێکردین، کە بەدرێژایی ساڵانی رابردوو نەفرەتمان لێ دەکرد، کاتێك ئەم جۆرە دۆخەمان لەکەناڵەکانی راگەیاندنەوە دەبینی لەوڵاتانی دیکەدا.

ئەمریکا بۆ دۆڕان هاتووە یان بۆ بردنەوە..!!؟ ئەمە ئەو گومانەیە کەخەریکە وەك دوو دیویی(دۆڕانو بردنەوە) مێشکم دەکات بە دوو دیو، نازانم بۆچی دەبێت هێزێك کە ئارەزووی ئەم رۆژەی دەکرد، جەبەرووتی خۆی پێشانی جیهان بدات، ئێستا لەبەردەم تیرۆریزمدا، وەك بۆ نمایشی فیلم هاتبن، ئاوها خۆیانو هاوپەیمانانیان دەکەنە نێچیریان، لەبەردەم جیهانیشدا رووی هاوپەیمانەکانیان زەرد دەکەن.

ئەگەر گرەوی(ئەو) بێسەرەوبەرە کردنی عێراقو هێزە سیاسیو چەکدارەکانی بێت، ئەوە گرەوی خۆی بردووەتەوەو تیاچوونی

سەربازو سووتانی ئالیاتە سەربازییەکانیشی شاباشــی بردنەوەکەیـەتی دەیدات.

بەڵام لەهەموو روویەکەوە، لێرە شتێك نیەو نـەماوە نـاوی حکومـەت بێت کە ئومێدی هاوڵاتیان بێت.

ئێرەوئەویَ دوو زەلکاوە، هەمیشە گەرای دواکەوتنی تیا دادەنرێتو، وەك ناشیرینترین ئاکاری جیهانی لەناو دڵی کۆمەڵگای ئەم وڵاتەدا زیت دەبێتەوە.

لەچوار چێوە نانەوەی عـێراق، ئـەو گرەوەیـە کـە هـەموو هێزەکـانی ئێستای عێراق، بە هێزی هاوپەیمانیشەوە ترسی دۆڕاندنیان هەیە.

ئیــدی وابــزانم یاریزانـــەکان ئـــەوەندەیان بەســـە، بــۆ ئـــەوەی مەترســیەکانیان لەبــەرچاو بگــرنو نــاڕەزایی هاوڵاتیــانیش بەهـــەند وەربگرن، تا بتوانن ئومێدێك بخەنە دڵی خۆیانەوە بــۆ بردنــەوەی ئـەم گرەوە.

**لەلاپەڕە(٢)ی ژمارە(٢٠)ی هەفتەنامەی(کەرکوکی ئەمڕۆ)دا بلاوبووەتەوە**

# دەبێ شەڕێک بکەین

دەبێ شەڕێك بكەین‌شەڕێك بەراستی كۆتایی بەشەڕ بهێنێت.

ئێمە زۆر پێمان خۆش بوو كە شەڕ دژی دیكتاتۆرییەتو ڕژێمی بەعس دەست پێبكات، چونكە هەمیشە شەڕێك لەهەموو بێدەنگییەكانی ئەو ڕژێمەدا خۆی مەڵاس دابوو بۆ ئێمەی كورد، حەزمان دەكرد شەڕەكە زۆر لەوە پاكتربێت كە ئەمەریكا خۆی ناوی لێنابوو(شەڕی پاك)، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەخلاقی هەموو ڕۆشنبیرێك ئەوە دەخوازێت كە بە هیچ بیانوویەك شەڕ قبوڵ نیە، بەڵام شەڕ لەگەڵ سەدامدا بەلای ئێمەوە سەرەتایەك بوو بۆ هێنانە كایەی ئاشتیەكی كەم وێنە، هەر ئەمەش وای لێكردین كە بڵێین شەڕمان قبوڵە، ئەم بۆچوونە بەدەرە لەڕای سیاسیو حیزبی، چونكە لەوانەیە ئەوان تەفسیری دیكەیان هەبێ بۆ شەڕ، بەڵام من یان باشتر وایە بڵێم ڕۆژنامەنووسەكان، ئەو ڕاستیەیان لێ دیار بوو كە مانی سەدام شەڕێكی بەردەوامە لەگەڵ ئێمەی كورد بەتایبەتیو گەلانی عێراق بەگشتی،كەچی سەدام وا ڕۆیشتو وڵات ئازادەو بەعسیزم هەر لەجوڵەدایە بەرامبەر بەكورد، هەر خەریكی تێرۆركردنو سڕینەوەی جوگرافیاو مێژوومانن.

وابزانم لەوە زیاتر لێیان بێدەنگبوون گێلێتی دەگەیەنێ، هەر بۆیە باشتر وایە ئەگەر حیزبە كوردییەكان ڕێگەچارەی گونجاویان نیە بۆ بەربەستی كردن لەو كارەساتە، ئەوە دەبێت ئیعلانی شەڕبكرێت بۆ بنبڕكردنی هەتیوەكانی سەدام لەكەركوكداو بەدەستی خۆمان ڕیشەكێشیان بكەین، نازانم چاوەڕێی كێ دەكەن، ئەو ڕزگاركەرە كێیە، كە دێتو ماڵی عەقڵی كۆنە بەعسیەكان خاوێن دەكاتەوە، بەعسیزمەكان كوردەكانیشی پێوە زۆر خۆشحاڵن كە كوردێك بەدەستی عەرەبێكی ناشەریف دەكوژرێتو داوای مافێكمان لێ دەكەن كە سەدامی باوكیان لێی زەوت كربوون ئەویش كەرامەتە ئەی مەگەر خۆیان ناڵێین(لاحیاه بلا شمس ولا كرامه بلا صدام)، سەدام نەماو كەرامەت نەما، سەدام نەماو بۆ كەرامەت دەگەڕێن، ئەی ئێمەی كورد كە سەدام نەماوە بەتۆپو فڕۆكە بۆردومانمان بكات لەچی سڵ بكەینەوە، ئایە سیاسیەتكارانی كورد پێیان وایە ئێمە دەتوانین عەرەب فێرە عەقڵ بكەین..؟! ئەوان پێش هەزارو چوارسەد ساڵ قورئانێكیان بۆ دابەزی بۆ ئەوەی ببن بەمرۆڤ كەچی تەنها ئەو فەتوایانەی قورئانیان بەدڵە كە ئەوان خەیرولئومەبن هەموو مرۆڤی دونیاش خزمەتكاری ئەوان بێت، قورئان دەڵێت"لافرق بین العربی والاعجمی الا بالتقوی"، ئەعجەمی لەمونجیدی عەرەبیدا مانای(ئاژەڵ، بێعەقڵ، هیچ نەزان، عەرەبی نەزان) دەگرێتەوە، ئەم ئایەتە پیرۆزەش ئەوەمان پێدەڵێت كە عەرەب هیچ نەزانە ئەگەر تەقوای خوا نەكات، نازانم تەقوای خوا دزینی سەیارەو كوشتنی



كوردە، هوتاف كێشانە بۆ سەدامێك(٤٥٠)مزگەوتی سووتان بەقورئانەكانیشیەوە، كاتێ لەگوندێكی كوردستاندا لەسەردەمی ئەنفالدا هاتن مزگەوتێك بڕوخێنن، پیرەمێردێكی كورد بەئەفسەرەكەی ووت:" ئەوە قورئانی تیایە" ئەویش وتی"قورئان بۆ بەرژەوەندی ئێمە هاتووە، ئێستا بەرژەوەندی ئێمە لەوەدایە ئەم مزگەوتە بەقورئانەكەوە بسووتێنین".

عەقڵێك ئاوها بڕوانێتە هەموو مانا ئەزەلیەكانی ژیانو هەموو پیرۆزییەكانی خوا لەبەرژەوەندی میللەتێكی دواكەوتوودا بچووك بكاتەوە، دەبێ بەزەبری تفەنگ ئەو چەوتیە مێژووییەیان ڕاست بكرێتەوە، ئەمە شەڕەو دەرچوون لێی دەست هەڵگرتنە لەكەركوك، دڵسۆزانی كێشە سەرەكییەكەی كوردیش لەكەركوكیەكاندا هەن بەڵام نابێ ئەوەمان لەیادبچێت، كە كوردە بەعسیەكان هێشتا بەعەقڵی بەعسیزمانە بیردەكەنەوە.

ئەوەتا لەزۆر شوێنی كەركوك خەریكی داگیركردنی زەویو خانون، نازانن گەر ئەم مەسەلەیە چارەسەر نەكرێت، زەویو ماڵەكەی خۆیشی داگیردەكرێت، ئەم شەڕە دەبێ هەربكرێ چ زوو یاخود درەنگو هیچ بوارێك نەماوە بۆ دیالۆگ لەگەڵ عەرەبدا، ئەوە ڕۆژ بە ڕۆژ ناسنامەی بكوژەكان ئاشكرا دەبێت هەر عەرەبن، كاتی بێدەنگی تێپەڕی، بەر لەهەر كەسێك حیزبە كوردستانیەكان دەبێت گوتاری سیاسییان خۆیان ئاشكرابكەن لەمەڕ ئەم جینۆسایدو هەنگاونانە بەرەو تەعریبە لەلایەن عەرەبە هاوردەكانی ناو شاری كەركوكەوە.

باشترین ڕێگە چارەش، دەركرنی بێ قەیدو شەرتی عەرەبە هاوردەكانەو دروستكردنی هێزی كوردییە لەكەركوكدا، بەئاشكرا یاخود بەنهێنی بۆ پاراستنی سەروماڵی كوردەكان، بۆ كەمكردنەوەی فشاری ڕەگەزپەرستانەی ئەعرابەكان كەوا دەزانن سەدامێكیتر دروست دەبێتەوەو كەرامەت بۆ ئوممەی عەرەبی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتەوە، ئەگەرنا وابزانم كاردانەوەی باشی نابێت ئەم گەمژەییەی عەرەب.

وابزانم دەبێ ئەو شەڕە بكەین كە نامانەوێ بیكەین.

**- لە لاپەڕە(٢)ی ژمارە(٢١)ی ڕۆژنامەی(كەركوكی ئەمڕۆ) ڕۆژی ١٠/٥/٢٠٠٤ بڵاو بووەتەوە**

# شۆڕشی فیکریو ..لاو

شۆڕشو خەبات .. هەمیشە لە دژی نادادیو ستەمی دەسەڵاتەوە سەرچاوە دەگریو تێکۆشانو قوربانی دەوێت.

زۆرێك لە ئێمەی لاوی نەوەی نوێ .. فریای شۆڕشو خەباتی راستەقینە نەکەوتین .. کەسیش ناتوانێ گەرەنتی ئەوە بدات کە ئایە بەڕاستی دەبووین بە شۆڕشگێڕ ..؟!! یان دەبووینە جاشو سیخوڕو .. دژ بە شۆڕش دەبووین.

ئەوەی من دەمەوێ هەڵوەستەی لەسەر بکەم .. هەڵبەتە شۆڕشو زەمینەی شۆڕشو پێویستی شۆڕشە، من گەرەکم نیە لەسەر شۆڕشی شاخو چەکداری شتێك بڵێم، ئەوەندە نەبێت .. کە بەڕاستی ئەوانەی شۆڕشگێڕی راستەقینە بوون لە شۆڕشەکانی شاخدا .. هێمای سەروەریو سیبمولی مرۆڤی ئازیخواز بوونە .. بە جیاوازی هەموو ئایدیاکانەوە.

لەوانەیە هەڵە بم .. یاخود خوێندنەوەیەکی خراپم بۆی هەبێت، چونکە من بۆ خۆم تەنها یەك کاتژمێریش چەکم بە شانەوە نەبووە بۆ خەباتی شاخ.

لە جیهاندا تەنها یەك جۆر شۆڕش نیە، بەڵکو لە کوردستاندا یەك جۆر شۆڕش بەرپا بووە، ئێمە تەنها شۆڕشی چەکداریمان جێدەستی دیارە، وا بۆ سیانزە ساڵ دەچێت بەشێکی زۆری باشووری کوردستان لە چنگی شۆڤێنیزمی عەرەبی رزگاری بووە .. کەچی گۆڕانکاری فکریو کۆمەڵایەتیو زانستیو هونەریو .. هتد، زۆر بە خاویو بە ناتەواوی دێنە ئاراوە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەو کەسانەی دواجار داهێنان دەکەنو بەهرەیان هەیە، زادەی کارو پڕۆژەکانی رێکخراو و سەندیکاو حیزبو حکومەتو نین، بەڵکو بە هەوڵی تاك هاتوونەتە بەرهەم، بە واتایەکی دی .. لێرە کار بۆ پێشکەوتن نەکراوە وەکو هەنگاونان، تەنها لە چوار چێوەی دروشمدا ماوەتەوە.

گەلێك بڕیار بدات بۆ خۆی جودا بژێت، بڕیار بدات ببێ بە خاوەنی کیانی نەتەوەیی خۆی، پێویست دەکات سەندیکاو حیزبو دەسەڵاتی کار بۆ هێنانە کایەی پرۆگرامی نوێی خوێندنو بەرنامەکاری وەگەڕخستنی تواناکانی لاوان بکەن، تا لە ئایندەدا کۆمەڵگەیەکی هۆشیارترو رۆشنبیرتر دروست ببێت، من ناڵێم شتێك هەیە ناوی



کۆمەڵگەی کوردی بێت .. یاخود .. نا، ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە: داخۆ کەسێ .. گروپێ .. رێکخراوێ .. حیزبێ هەر نەهات بە خەیاڵیدا .. کە ساڵ دەڕواو سیستمی ژیان لە کوردستاندا شێوەیەکی زۆر ناتەندروستی هەیە، ئەوەی کە زۆر بە باشی بیری لێکراوەتەوە .. تەنها چەکدار کردنو کردنە هێزی لاو بووە بۆ ململانێو ناکۆکیەکان، ئەمەش شتێکی کاتیەو دەبێ بڵێین تێپەڕی، لە ئێستادا کورد پێویستی بە هۆشیاری زیاترە وەك لە هێز، کورد کە بڕیاری جەنگی نەماوە .. کاری بە شەڕ نەماوە، پێویستی بە گۆڕانکاری ریشەیی هەیە لە هەموو بوارەکانی ژیانی تاكو کۆمەڵی کوردیدا، پێویستی بە رۆشنبیر کردنی لاوانە، پێویستی بە دروستکردنی سوپایەکی هزرو قەڵەمو رۆشنبیرە، چونکە دەمی شەڕی سیاسیو زانستیو فەرهەنگیە لەگەڵ دوژمنو لەگەڵ عەقڵیەتی خێڵو عەقڵیەتی تاکڕەویو عەقڵیەتی حیزباندنی لاوان، حیزباندنی لاو بەو مانایەی کە جگە لە دەروێشی بۆ حیزب !! هیچ ئینتیمایەکی بۆ مەسەلە سەرەکیەکەی میللەتەکەی نەبێت، زۆرێك لە لاوانی نێو حیزبەکان تا ئێستا نازانن پەیڕەو و پرۆگرامی حیزبەکەیان چی دەڵێت .. جگە لەوەی کە ناوی سەرکردەکەیو رەنگی ئالاکەی دەزانێت ..!! کارەساتە لاو نەزانێت کە باوەڕی بە چیەو لە پێناو چیدا خەبات دەکات، لەوانەشە پێویستی وا بکات لە کاتی بەجێهێنانی ئەرکێکدا شەهید ببێتو هێشتا نەزانێت ئەرکی راستی حیزب چیە ..!!.

حیزب کە شۆڕشی بەهێز کردو شۆڕشیش دۆخی کوردی لە ژێردەستەییەوە گۆڕی بۆ سەربەستی .. دەکرێ ئێمە رێز لە شۆڕشگێڕە راستەقینەکانیان بگرینو دەست خۆشی لەکارە باشەکانی حیزب بکەین .. ئەگەر کردیان، بەڵام ناکرێ بێدەنگی لە کارە خراپەکانیان بکەین، بێگومان رەخنەش .. لەگەڵ ئەوەی دڵی حیزب دەشکێنێ .. بەڵام دەتوانێت ئاراستەی کاری حیزب بەرەو باشی ببات، بەشێوەیەك کە ئیدی لەگەڵ خواستی خەڵکدا یەکبگرنەوە، بەڵام سەیر لەوەدایە لێرە .. حیزب قبوڵی نیە پێی بڵێی پشتی چاوت برۆیە .. راستەوخۆ دەچیتە لیستی ناحەزەکانیەوەو وەکو سێبەری دوژمنی خۆی تەماشات دەکات.

ئێستا دەمی پەرابوونی شۆڕشی فکرییە، شۆڕشێك کە هەموو رۆشنبیران سەرکردایەتی بکەنو هەموو لاوە پێشکەوتووخوازەکان خۆیانی تیا بدۆزنەوە، کار بۆ گۆڕانکاری جدی بکەن لە هەموو

بوارەکانی تاكو کۆمەڵگەو ببنە گروپی راپەڕیو و فشار بخەنە سەر دەسەڵات کە گوێیان لێبگرێت، بۆ ئەوەی قەڵەمبازێك بەرەوتی ژیان بدرێت لەم هەرێمە، ئەمەش بە تەوافوقو بە دانانی بەرنامەی کار لەو پێناوەدا پێم وایە ئاکامی باشتری دەبێت.

من لێرەوە بە لاوان دەڵێم کار لەسەر ئایندەی خۆیان بکەن هەر یەکەو لە بوارەکەی خۆیدا، تا دەمی دروست بوونی شۆڕشی رۆشنبیری لە کوردستاندا، ئەو کات دەکرێت خۆیان رێکبخەنەوە لەریزی ئەو تەوژمەی کە کار بۆ گۆڕانکاری دەکات، دروستتر بڵێم کەس چاوەڕێ نەکات دەسەڵات لەوە زیاترمان پێ ببەخشێ، ئەوان ئەوەندەیان پێدەکرێت، بێگومان ئامانجەکانی سەرەتای شۆڕش رزگاری گەلو میللەت بووەو بەدەستهێنانی ئازادی بووە ..!! نەك بردنەوەی کورسی ..!! هەر بۆیە جێی خۆیەتی سیاسەتکارو دەسەڵاتدارەکان لەوە وەئاگا بهێنینەوە، کە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە .. گەل حوکمی خۆی بکات لە رێی نوێنەری راستەقینەیانەوەو خۆیان بڕیار لە ژیانو چارەنووسیان بدەنو کەس خۆی نە سەپێنێ بەسەریاندا، ئەو کات دەبێت دەسەڵاتیش هاوکارو پشتیوانی ئاوها پرۆژەیەك بن، بۆ زیاتر بەهێزکردنی کیانی کوردیو دروستکردنی کۆمەڵگەی کوردی بە ستایلی لۆژیکی سەردەمو دوور کەوتنەوە لە عەقڵی خێڵگەراییو بڕیارەکانی دیوەخان، پێویستیشە ئەو مەنهەجە ناتەواوەی بواری پەروەردەو فێرکردن بگۆڕدرێت، هەر لە سەرەتاییەوە تا کایەکانی خوێندنی باڵا.

بەم چەند هەنگاوەش شتێك لە دواکەوتنمان کەم دەبێتەوەو هەنگاوێك بەرەوپێش دەنێین، بەڵام ئەم کارە کەمتر نیە لە کار کردن بۆ شۆڕشێك، چونکە هەموومان لەلامان روونە ئەو ئەزموونە تاڵەی کە کوردستانی شەلاڵی خوێن کرد .. دەرەنجامی ناهۆشیاری ئێمە بوو، پێویستمان بە شۆڕشە لە پێناوی هۆشیاری .. دەبێت بڕیاری یەکخستنی دەنگی ناڕەزایی بدەین لەبەرامبەر ئەم هەموو دواکەوتنە، کە بە پلەی یەکەم دەسەڵاتو حیزب تیایدا تۆمەتبارە، دەبێت بۆچوونەکانمان یەکبخەین لەمەڕ گۆڕانکاری لە کوردستاندا .. تا شۆڕشێکی نوێ بەرپا بێت.

**لە رۆژنامەی پێگە بلاوبووەتەوە ساڵی ٢٠٠٥**

# که عەرەب هۆشیار نەبێتەوە .. دەبێت کورد هۆشیار بێت

لەو ناونیشانەی سەرەوە رەنگە تەواو هەڵە نەبم، بەڵام ناشکرێت هێڵی راستو چەپ بەسەر هەموو عەرەب نەژادێکدا بهێنین .. چونکە نموونەی روناکبیری باشیان تیادایە کە من بۆ خۆم خۆشەویستیم هەیە بۆیان، لەوانیش(محەمەد غانم) نووسەری سووری عەرەب نەژادە، کە بەقەد هەموو بیرکردنەوەی سیاسەتکارو دەسەلاتی عەرەبی، ئاگایی لە مێژوو و ئینتمای بۆ مرۆڤ بوون هەیە، بەر لەوەی عەرەب بێت.

ئەمەیان بۆ جێی خۆی، بەلام کێ دەتوانێ گرنتی ئەوە بدات لە کۆی(٢٢) ولاتی نیشتمانی عەرەبیدا تەنها(٢٢) کەسی دیکە وەکو محەمەد غانم بیر دەکەنەوە بەرامبەر بە منی کورد .. کە خودای ئەو و خودای من .. زوبانی کوردیو خاکێکی شاخاوی دا بە منو بەویش زوبانی عەرەبیو خاکێکی بیابان.

کە ئەو شوکری خودای خۆی ناکات بۆ ئەوەی داوێتی پێیو بەردەوام دەیەوێ منیش بخوات .. دەبێ کاممان لای ئەو خودایە خۆشەویست بین کە ئەو پێی وایە نەتەوەکەی ئەو خەیرو لئومەیەو منیش نەوەی(ئیبلیس)م .. ئەو هەمیشە وەکو ئیزرائیل چەقۆکەی تیژ دەکات بۆ ملی منی کوردو منیش بەردەوام دەست درێژ دەکەم بۆ برایەتی ئەوی عەرەب .. تاوانم چیە کە حوشترەکانی ئەوان ناتوانن بە شاخەکانی نیشتمانی مندا سەرکەون، ئەو باوەڕی بە مەزنی نەتەوەکەی هەیەو بە من دەڵێت ناسیۆنالیست، ئەو قەتلٚ عامی منی پێ رەوایەو مەلا درۆزنە خوانەناسەکانیان، لە حەویجەو فەلوجەو سامەڕاو نەجەفو دیالەو موسڵەوە .. فەتوای کوشتنی کورد دەدەن، منیش گێل .. گێل دەلالێمەوە بۆ ئەوی نا هۆشیار .. ئەوی بەش خوراو .. ئەوی خوێنرێژ .. ئەوی چنگ سوور بە خوێنی منی کوردو .. دەڵێم بەعس ستەمی لێکردووە بۆیە ناتوانێ ئەم ئازادییە قبولٚ بکات، کەچی نەک ئاکارەکانی سەدام دووبارەوە دەکەنەوە، بەڵکو وەکو سەردەمی جەهالەتی بەر لە هاتنی قورئان .. خەریکی مل پەڕاندنی بێتاوانترین بەندەکانی خودان.

کاتی هاتنی پێغەمبەران نەما .. تا بیانگەڕێنێتەوە سەر رێ، هەر بۆیە هیچ شتێك لەو قەومە پڕ جەهالەتە چاوەڕێ ناکرێ مەگەر هەر ئەو



کارە دڕندانەیەی کە ئێستا پێوەی سەرقاڵن، کەواش بوو دەست خستنە نێو دەستیان ئەوپەڕی گێلێتیەو دەبێت خۆمانی لێ ببوێرین.

منێك نەتوانم وەکو ئەو بکەومە سەربڕینو ئەو لەجورئەتی سەربڕین دابڕم .. ناشتوانم فێری عەقلی بکەمو رێگەی مرۆڤ بوونی پێ نیشان بدەم.

باشترین چارەسەرێك ئەگەر هەبێت .. بێ دەنگ نەبوونمانە لەو کردەوە نامرۆڤانەی کە عەقلیەتی شۆڤێنیزمی عەرەبی بەرهەمی هێناوەو پێشکەش بە دونیای سەردەمو تەکنەلۆجیای جیهانی دەکات.

من کە کوشتنم حەلاڵ بێت بە پێی ئەو شەریعەتەی ئەو بە نابەڵەدی خۆیو خێڵە دەوارنشینەکانی هان دەدا، دەی بۆ لە پێناو مانی خۆمدا ئەو دڕندانە بنبڕ نەکەم .. منێك بزانم هەموو بەریەك کەوتنێك لەگەڵ عەقڵی عەرەبیدا دەرەنجامەکەی هەر زەرەری منەو کۆستی من دەکەوێ .. بۆ بڕیار نەدەم بە جیابوونەوە لە عەرەبو بیابانو دەوارو حوشترو پێی پەتیو چەقۆو خوێن.

منێك دڵنیا بم ئەوان نە بە قورئان .. نە بە ئاین .. نە بە پێغەمبەر باوەڕ نەهێننو نەبنەوە مرۆڤی ئاسایی .. منێك دڵنیابم ئەو ناوو هێما ئاینیانەی مەزارگەکانیان لە باشووری عێراقە .. هەمووی بە دەستی عەرەب کوژراوەو ئێستا خۆشیان شیوەنەکەی بۆ دەکەن، منێك بزانم تا دوێنێ سەرۆك وەزیرانەکەیان بە نامەی بەرپرسێکی نێو فەرمانگەیەکی سلێمانی نەبوایە بۆی نەبوو دابەزێتە ناو شاری سلێمانیو ئێستا وەکو باوە سەدامەکەیان کوردی لەبەر چاو کەوتووە، چ دڵێکم بە برایەتیو پێکەوەژیان خۆش بێت لەگەڵ ئەو عەقڵە نەخۆشانەو تا کوێ منی کورد لەگەڵ ئەواندا هەڵدەکەم .؟!

بۆ سەرکردەکانی کورد ترسیان لەو گوتارە هەیە کە باسی جیابوونەوەی کوردی تیا بێت، ئایە دەمێکی دیکەی پێویستتر ماوە تیایدا داوای جیابوونەوەی کورد بکەین لە عێراقی عەرەبیو تووڕدانو سووتانی ناسنامەی عێراقی بوونو دەست بەردان لە نیشتمانی عەرەبی.

ئایە تاکەی دایکانی کورد چاوەڕوانی سەربڕینی کوڕەکانیان بکەن .. سەدام دەیکوشتنو دەیشاردینەوە لەژێر خاکو خۆڵی ئەو بیابانە سۆزانیانەی ولاتەکەی لەمەڕ خۆی، بەلام ئەمانەی ئەم سەردەمە بۆ شانازی بە وەحشیەتی خۆیانەوەو بۆ داننان بە دڕندەیی خۆیانو بێ هۆشی نەتەوەکەیان .. مرۆڤەکان دەهێننە سەر شاشەی کەناڵە

ئاسمانیەکانو پاش لالآنەوەیـەکی زۆر ئـەو کـات بـە کردەوەیـەکی بیَ ئابڕویانە ملیان دەپەڕێنن.. کە بەڵگەی نا مرۆڤایەتیان دەداتە دەسـت خودای دروست کەری ئەوانو بەندەکانی سەر زەوی .. ناشکریَ بیر لە هیچ دیالۆگێك بکرێتەوە لەگەڵیانداو تەنها دەبێت پلانێك بۆ سـڕینەوەو سـەر لـەنویَ بونیادنانـەوەیان دابڕێژرێـت لەلایـەن ئـەو عەقڵانـەی کـە دەیانەویَ سەرکردایەتی سیاسیو چەکداری عەرەبی بگرنـە دەسـت .. چونکە بەڕاستی ئابڕووی ئومەی عەرەبیەکەیان چووەو بەرەو قوڵـترین گۆمی سەرشۆڕیان بردووە.

لێرەشەوە دەگەینە ئـەو راسـتیەی کـە ئێمـەی کـورد نـاکریَو نـابێت لەگـەڵ ولآتێکدا هەڵبکـەین کـە بـە خوێنمـان تینـوون لەسـەر بنـەمای جیاوازی زمانو حەزی داگیرکاری ئەوان بۆ خاكو ولآتی ئێمە.

نـاکریَ لـەوە زیـاتر بێدەنـگ بـوون .. دەبێـت سـەرکردەکانی کـورد هەڵوێستیان ئاشکرا بکەنو بە تەنها دەربڕینی نیگەرانی بەرامبەر تیرۆر کردنی نەوەکانی کورد لە بیَ تاوان .. هەموو شتێك نیەو دەبێت بڕیارو گوتاریان هەبێت .. چونکە زۆرینەی خەڵکی کوردسـتان بوونـە بـە دوو بەشەوەو دابەشی سەر هەردوو حیزبی دەسەلآتداری کوردی بوونـە .. ئەگـەر ئـەوان هەڵوێسـتیان نـەبێت، هـەموو کاردانەوەیـەکی شـــەقامی کوردیـش بـە کـاری تێکدەرانـەو دەسـتی ئـاژاوە لەقەڵـەم دەدرێـت .. تەنانەت لەلایەن دەسەلآتەکانی کوردیشـەوە .. نموونـەش سـووتاندنی ئالاکەی تورکیا بوو .. کـە دواجـار لـە هـەردوو هـەرێمی کەسـكو زەرد کەوتنە راوەدونانو گرتنی ئەو لاوە خوێن گەرمانەی کە بڕوایـان وابـوو پێی هەر داگیرکەرێك دەبێت ببڕدرێتەوە گەر بیەویَ پیَ بنێتە ناو خاکی کوردستان.

دەمەویَ تەنها بە دوو دێڕ کورتکراوەی وتارەکەم بڵێم: ئێمە نـاتوانین وانەی دیموکراسی فێری عەرەبو شـۆڤێنیەکانی دیکـە بکـەین .. گـەر ئێمــە بەڕاســت دەمانــەویَ بەشــداری لــە دروســتکردنی ولآتێکــی دیموکراسیدا بکەین .. باشتر وایە لە خۆمانـەوە دەست پێبکـەینو لـە بەرپرسو کادرە حیزبیەکانی خۆمانەوە وێنە جوانەکانی دیموکراسـیو یـەکدی قبوڵکردن نمایش بکـەین، بـەڵام ئـەوانی خوێـنرێژ .. ئـەوانی هەمەجی .. ئەوانی فاشیزم .. دەبێت هیچ ئومێدکمان پێیـان نـەبێتو بڕیار لە دروست کردنی سنوور بدەین لە نێوان شاخەکانی خاکی ئێمەو بیابانەکانی ولآتی ئەوان.

**ژمارە(٣٧)ی رۆژنامەی(کەرکوکی ئەمڕۆ) ٢٠٠٤/٩/٢٦**

## شێرەکەی بارزان دەبێ چی پێبێ بۆمان

ئەو ناونیشانەی سەرەوە، دێڕی یەکەمی وەرگیراوە لەیەکێك لەدروشمەکانی ناو شاری کەرکوکەوە کە بەبۆنەی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی دەسەلاتەوە بۆ (کاك مەسعود) نوسراوە.

ئێمەی کورد گەلێك خۆشحاڵ دەبین کاتێ سەرکردەیەکی کورد پۆستێکی ئەوەندە گرنگ وەردەگرێو ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە خوێنی شەهیدانمان بەرهەمی هەبووە، هەرچەندە وەرگرتنی ئەو پۆستە لەسیناریۆی شانۆیەك دەچێت کە ئەگەر لەدەق دەرچووی، ئیدی دەرهێنەر رازی نابێت، بەلام هەقی خۆمانە بلێینو بپرسین، ئەمە دووەم جارە سەرکردە کوردەکانمان ئەو پۆستە وەردەگرن، توانیان یان دەتوانن چ گۆڕانێکمان بۆ بهێننە ئاراوە لەمەسەلەی کەرکوکدا؟، کەرکوك ئەو شارەیە کە نەك هەر نەتەوەکانی دیکە چاویان تێبڕیوە بەڵکو ولاتانی دراوسێش دانیان لێ تیژ کردووە، خۆ ئەگەر سەردەمی داگیرکاری مۆدیلی بمایە ئەوە ئێستا لەماوەی ئەم ساڵی رابردوودا کەوتبووینە بەر چەندین هێرشی داگیرکاری تورکو عەرەبو هتد.

ئێمەی خەڵکی کەرکوك پاش ئەوەی(مام جەلال) ئەو پۆستەی وەرگرت بەر لە(کاك مەسعود)، چاوەڕوانی شتی باشمان دەکرد کە بە جوهدی سەرکردەیەکی کورد بێتە بەرهەم، نەك چاوەڕانی دەرگای رەحمەتی عەرەبە شۆڤێنیزمەکانو ئەمریکای داگیرکەر بین، چونکە ئەوەی لەوان بینیمان تەنها داگیرکاریو کوشتو بڕبووە بۆ گەلی کورد، ئیدی نازانم ئێوەی سەرکردەو سیاسەتمەداری کورد بۆ دەبێ ئومێدتان بەکەسێ هەبێ کە لەبنەمادا خودی ئەو دەسەلاتانە دروست بووی ئایدیای ناسیۆنالیستین.

زۆر چاوەڕێ بووین(مام جەلال) سەردانێکی کەرکوك بکاتو ئەوەی لەتواناو دەسەلاتی ئەودایە بۆ ئەم شارەی بکات، بەلام بەداخەوە بۆ نەجەفولئەشرەفو کەربەلای موقەدەس بە هەولێر بوو وەك لەبۆ کەرکوك، تەنها لەدیوەخانو ژێر دەواری عەرەبی باشووردا بینراو لەکەرکوك نا.

هەر بۆیە دەڵێم: دەبێ(کاك مەسعود)یش بەهەمان شێوە مانگەکە تەواو بکاتو هیچ حسابێك بۆ کەرکوكو خەڵکی کەرکوكو ئاوارەی کەرکوك نەکرێت!؟، ئایە بۆ تا ئێستا هیچ گوشارێکتان دروست



نەکردووە بۆ دووبارە نیشتەجێکردنەوەی ئاوارەکانی کەرکوكو رزگارکردنیان لەژێر خێمەو ناو مۆڵگا سەربازیو حکومیەکان؟ باچیتر پۆلیس هەڵ نەکوتنە سەریان بەبیانووی ئەوەی، ئەو شوێنە شوێنێکی حکومیەو وادەزانن ئەوەندە کاڵفامینو نازانین کە نەحکومەت هەیەو نە کەسیش خاوەنی ئەو بینایانە ماوە، تەنها بەرنامەیەکەیە بۆ ترساندنو تۆقاندنی ئاوارەکانو رێگەگرتن لەگەڕانەوەیان بۆ شاری دێرینی باوباپیرانی نەتەوەی کوردمان.

لێرەوە داوا لە(کاك مەسعود) و ئەو بەڕێزانەی دیکەش دەکەم کە پاش ئەو ئەو پۆستە چاوەڕێیانە، کە ئەگەر هیچتان پێ نیە بۆ کەرکوك، تکایە لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە خۆتانمان پێشان مەدەن، سەری مانگیش بەدەستی بەتاڵەوە بگەڕێنەوە بۆ لامان.

ئێمە ئەوەندەی پێویستمان بە پراکتیکە لەهەڵوێستی ئێوەدا، نیو ئەوەندە پێویستمان بە گوتاری سیاسی ناهاوبەشتان نیە کەهەر گوتارێکتان لەلایەکەوە شەن دەکات.

وتارەکەم بەهێرشێ مەزانن دەکرێتە سەرتان، لەدڵی ئێمەوە بڕواننە کەمتەرخەمی خۆتان، بۆ ئەوەی شەرعیەتمان پێبدەن گلەییتان لێ بکەین.

**لە هەفتەنامەی(کەرکوکی ئەمڕۆ)دا بلاو بووەتەوە**

# ئۆج ئالان هەر شێرە... ئەی پێشمەرگە ئازاکە

بە شاهیدی هەموو جیهان(عەبدوڵڵا ئۆج ئالان) سەرکردەی گەورەترین هێزی سیاسیو چەکداری باکووری کوردستان بوو، سەرکردەیەك تا رادەی خۆبەخشین لەپێناوییدا خۆشەویست بوو لەلای گەلی کورد، ئەگەر لەهەر چوار پارچەکەش نەبووبێت، لە باکووری کوردستان رووداوەکانو کاردانەوەکان ئەو راستیە دەسەلمێنن.

نازانم دەبێ ئەو کەسە کێ بێت ئەوەندە شێرانەو بێشەرمانە بە سەرکردەیەکی وەکو(عەبدوڵڵا ئۆج ئالان) دەڵێت:"رێوی لە پێستی شێردا"، ئەوە کێیە لەپێستی پێشمەرگەیەکی دێرینەوە شەکری بێتام دەشکێنێ!؟ ئەی بۆ هەتا سیاسەتی حیزبتان خواستی بوو، ئۆج ئالان کوردپەروەرو شۆڕشگێڕبوو، شان بەشانی ئەو دژی فڕۆکەکانی تورکیا شەڕتان دەکردو لەیەك سەنگەردا دەجەنگان.!!!

زۆرباش بیرمە من خوێندکاری ئامادەیی بوومو بڕوانامەی رێزلێنانو مەدالیای رێزلێنانیان دامێ کە تابلۆیەکم لەسەر گرتنی ئۆج ئالان کردبوو، حیزبتان دەست خۆشی لێ دەکردم، ئیدانەی تورکیای دەکرد بۆ ئەو ئاکارە سیاسیە، نائەخلاقیە، وامانزانی تۆڵەی ئۆج ئالان دەکەنەوە! پێم وابێ یەکێك لەسەرکردەکانیش فرمێسکی راستی بۆ ئۆج ئالان رشت.

پاشان نازانم ئەو هەوایە بۆچی واگۆڕاو بەرەوپاش شەنتان دەستی پێکرد؟! ئەوەندەش گێل نیم ئەو پرسیارە دەکەم مەبەستمە وەبیرت بهێنمەوە ئەی پێشمەرگە.

تۆ ئەگەر شۆڕشگێڕی چۆن بەو زمانە ناشیرینە لەسەر پیاوێك پەنجەت دێتە نووسین بەناهەق کە تائێستاش لەزیندانی ئیمرالیەوە شێرانە دێتە گۆو رەخنە لەسیاسەتی تورکیا دەگرێت.

حەزدەکەم تۆش ئەو شێرەم پێبناسێنی، ئەی پێشمەرگە ئازاکە کە لە(ئۆج ئالان) بوێرانەتر ئێستاشی پێوە بتوانێت ئاوها راستەوخۆو بەبێ پەردە لە تورکیاو لەهەموو جیهان رەخنە بگرێتو بڵێت:"حکومەتی تورکیا لەسیاسەتیدا خراپە بەرامبەر بەگەلی کوردو پێویستە پەرلەمانی ئەوروپاش چاو بەو بڕیارەدا بخشێنێتەوە کە کۆنگرەی گەلی پێخستۆتە لیستی رەشەوە"وەکو ئەوەی پاش



نیوەڕۆی رۆژی ٢٠٠٤/٤/١٧ لەکەناڵی (ROJ.TV)ەوە دەرکەوت لەزیندانەوەو خاوەن گوتاری خۆی بوو.

کوا؟ کام گوتارە سیاسیەی سەرکردەکانی لەمەڕ خۆمان، توانیویەتی بە بێچووە ئەتاتورکەکان بڵێت چیدی رێ نادەین دەست لەکاروباری باشووری کوردستانی وەربدەن، ئەی مەگەر یادت چوو، کە بۆ رازی کردنی دڵی تورکەکان، لەهەردوو هەرێمی کەسكو زەرد، خوێندکارەکانی زانکۆییان دەئاخنیە زیندانەوە لەپای سوتانی ئالاً نەگریسەکەی تۆرانییەکان، لەوانەیە لەم ساتەدا بڵێی: بەڵێ ئەی لاو راستەکەی.

بەڵام منیش دەڵێم: رێمبدە بۆت تەواو بکەم ئەی پێشمەرگە، تورکیا هەر بەلەناوبردنو خزاندنە نێو زیندانی براکانمانەوە ناوەستێ لەتورکیا، بەڵکو دەیەوێت زوبانی ئێمەش لێرە ببڕێتەوەو نەتوانین بڵێین(کورد)نەتەوەیەکی جودایەو(کوردستان) داگیرکراوەو پارچە پارچە کراوە، هەر دەڵێینو دەنووسین: بەپێی ئاماری فلان ساڵو بەپێی لێکۆڵینەوەکەی فلان ولاًتو لە ئینسکلۆپیدیای فلاًندا هاتوە کە کوردستان خاکی کوردەو کەرکوك لەسەردەمی مادەکانەوە دروستکراوە، ئەم قسانە مێشکمانی هێلاكو دەبەنگ کردو هەر سەرکردەیەك نەیوێرا دەنگ هەڵبڕێتو بڵێت سەربەخۆییمان دەوێت.

ئەو هەموو گروپو حیزبە دژ بەکوردانە بەدەستی دراوسێ تینوەکانمان بەخوێنی کورد دروست بوونە، کام سەرکردە هاتە سەر شاشەی(TV)و ووتی کورد رێگا بەم کارانە نادا لەخاکی خۆیدا، ناوی کام ولاًتیان هێنا کەچاوی بەکوردا هەڵنایاتو هەموو جیهان بەدۆست دەخوێننەوە بۆ موجامەلەکردن، نەك هەر دۆستێکیش شك نابەین بەڵکو خۆمانیش دوژمنی خۆمانین.

ئەوەتا هەر دەبێ بڵێین: ئێمە عێراقینو نامانەوێ سەربەخۆیی وەدەست بهێنین، نەکا ناوی جیاخوازمان لێ بنرێتو وەچەکانی ئەتاتورك دڵیان زویر بێتو کوڕە گەورەکەی حافز ئەسەد بێزار بێتو کۆماری (عەبا) لەشانەکانمان لێ بڕەنجێ.

ئەی پێشمەرگەی دێرین مەگەر بیرتان چووەوە لەشاخ شەڕی عێراقچیەکانتان دەکردو ئێستاش پێچەوانەکەی دەکرێت بەڕاست.

هاوڕێ تۆ پێشمەرگەی دێرینو کوردپەروەرو شۆڕشگێڕی، بەندەش لاوێکم تەنها لەکتێبەکانەوە مێژوو دەخوێنمەوە، تۆ قارەمانیتو

لەریزی حیزبی شێرانی، بەندەش نەك هەر لەریزی باوەڕی رێوی بەڵکو جەنگەڵیشم نەبینیوە.

من بیرمە هەر جارەو یەکێ لەدوو حیزبە زلهێزەکەی کوردستان دەکەوتنە وێزەی گەریلاکانی(P.K.K)، بۆ بردنەوەی دەستخۆشی ئەتاتورکەکان.

ئەی تۆ ئەی پێشمەرگە قارەمانەکە، ئەو حەزە چیەو لەکوێوە نووکی پێنووسەکەتی راکێشا بۆ تێکەڵکردنی دێڕی نارەوا لەگەڵ سکاڵاکەت لەبەرپرسێکی ناو حیزبەکەت.

منیش وەکو تۆ ئاوارەی کەرکوکم، منیش وەکو تۆ پێم ناخۆشە پێمان بڵێن(١٢) ساڵە بەناوی ئاوارەییەوە حیزبەکان دەدۆشن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا لەگەڵ مەبەستی سەرەکی قسەکەدام کە پێویستە کەرکوکیەکان سیمای کەرکوك زیاتر کوردستانی بکەنەوە، گرەو لەو مێژووەوە ببەینەوە کە سیاسەتی بەعسی ناسیۆنالیستی شۆڤێنیزم بۆ نەوی نوێی ئەعرابەکان تۆماری کردووەو وەرەقەی دەستی ئێمەش بەهێزترە، بەڵام دواجار حیزب هەموو شتێك نیە، حیزب ناتوانێ ئەم گرەوە بۆخۆی بەتەنها بباتەوە، دەبێ هەموو شەو خەوتنی سەر شۆستەیەکی کەرکوکمان لەکۆشکە بەرزەکانی وڵاتانی ئەورووپا پێ باشتربێت.

بەڵام ئەی پێشمەرگە (ئۆج ئالان)ی کورد چ تاوانێکی دەرهەق بەتۆ کردووە؟ تا منی لاویش دەنگم بخەمە پاڵ دەنگت ئەی پێشمەرگە.

**ـ لەلاپەڕە(٥)ی ژمارە(٦٢)ی رۆژنامەی(چارەسەری) رۆژی یەك شەممە ٢٠٠٤/٥/٣٠ بڵاو بووەتەوە**

## زوو پێمان نەووتن بگەڕێنەوە

بەڕێزان بارزانیو تاڵەبانی:

کە لەڕۆژنامەکانەوە ستونێك، یان وتارێکتان بۆ دەنووسراو داوای لێدەکردن لەو بەئەنجومەنکراوە.. مەحکومە بکشێنەوە، واتان دەزانی نووسەرەکان چاویان بەئێوەدا هەڵنایەت، کاتێك دەنووسرا کاکە عێراقییەکان ئامانیان نیەو لەدواییدا(هەپ بەیان) دەدرێتە دەست کوردەوە، نەدەچووە تەرازووەکانتانەوە.

کاتێك پێتان دەوترا موجامەلەی ئەمریکا مایە پووچیە خەیاڵتان بۆ نەدەچوو ئەمریکا گاڵتەی بەموجامەلەدا بێت.

چاوەڕوانی رەحمەتی ئەمریکاتان کرد کەرکوك بکاتەوە بەکوردستان، کەچی واخەریکە دەیکات بە ئەفغانستان، باسی گەڕانەوەی ئاوارەکانتان هەر دوادەخست بەڵێنێکی درۆتان پێدرابوو گوایە عەرەبی هاوردە دەگەڕێنرێنەوەو ئاوارەکانیش بەسەر سەری ئەمریکاو ئەعرابەکانەوە نیشتەجێی کەرکوك دەکرێنەوە.

لقو مەڵبەندتان وابزانم گەیشتە بەسرەو عیمارەش، پێتان وابوو حیسابی ئێوە لەگیرفانی ئەمریکایە، خەیاڵتان رۆژێك نەیووت: ئەمریکا تەنها بەرژەوەندی خۆی دەوێتو ئێمەی کوردی بێدەنگیش بەزەندەقچوومان دەزانێ.

کوا..؟ لەکوێ(جۆرج بۆش)و هەموو سەرانی هاوپەیمانان بەرەسمی دانیان نا بەتاوانی بێدەنگی خۆیاندا بەرامبەر بە(هەڵەبجەو ئەنفال)..؟ نەڵێن لەمێژە ئەو کارەساتە..،(٨٨) دوێنێکەیە بۆ ئەمریکا.

تکا ناکەم بەلاَم ئەڵێم: ئەگەر یەك ساتێك زووتر خۆتانو وەزیرو جێگرەکانی نێو حکومەتە ترسناکەکەی بەغدا بکشێنەوە، لەوانەیە(ئەزعەفولئیمان) باشتر بێت لەچیتر بێدەنگ بوون.

سیاسەت وابزانم هەموو کات دۆڕانو بردنەوەیە، ئێوەش ئەگەر ئەم گرەوەتان دۆڕاندووە، عەیب نیەو دەکرێ بیر لەشاخو ئەلتەرناتێڤەکانی دیکەی بکەینەوە.

هیوای ئەم رۆژەمان دەخواست کە سەدام نامێنێو کورد ئاسوودە دەبێت، بەلاَم ئاسوودەیی لەباوەشی نەوەکانی ئەعرابدا نیە بۆ ئێمەی کورد، کە حکومەتەکەیان ئێستاشی پێوە هەموو کۆنە بەعسیەکانی ئایدیای شۆڤێنیزمە.



وابزانم ئێستا ئێوە تورەن لەوەی درۆتان لەگەڵ کراوە، نەدیمەنەکانی هەڵەبجەو نە ئێسكو پروسکەکانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، هەستی ئەمریکاو عەقڵی عەرەبیی نەبزواند تا دان بەمافی کورددا بنێن.

ئێمەش لەئێوە تورەین کە هیچ موبادەرەیەکتان لەگەڵ ئەمریکا نەبوو بەرامبەر بەهاوپەیمانی بوونو باوەڕتان بەو سیاسیە ئیفلیجانەی بەغدا کرد.

## پێویستە کورد خۆی یەکلا بکاتەوە

هەرچی مێژوو پێی ووتووین‌و هەرچی ئەدیب‌و نووسەرە گەورەکانی کورد بەحەسرەتیەوە سەریان ناوەتەوەو هەرچی خوێنی شەهیدان لەپێناویدا رژاوە، وابزانم ئازادی‌و سەربەستی کوردو سەربەخۆیی کوردستان بووەو بەدەست هێنانی سیادە بووە بۆ کوردستان نەك بۆ عێراق.

خۆ ئەگەر شەهیدەکان زیندوو ببنەوەو گوێیان لەدروشمی سەرکردەکانی ئێستای کوردبێت، گومانی تیانیە چەکەکانیان دادەنێن‌و بیر لەشۆڕشێکی دیکە دەکەنەوە نەك ئەو شۆڕشەی لەپێناویدا شەهید بوون.

هەرچی نووسراوەو دەنووسرێ‌و ووتراوەو دەوترێ کە گوایە(برایەتی) کوردو عەرەب مێژووی هەیەو پێویستە، من دەڵێم: نەخێر عەرەب هەر عەرەبەو خاکی عەرەبی هەیەو کوردیش هەر کوردەو خاکێکی کوردی داگیرکراوی هەیە.

ئیدی وابزانم گێلێتیە بڵێین دەبێت هەوڵی پێکەوەژیان بدەین لەگەڵ عەرەبدا، پرسیار جێی نابێتەوە لێرەدا کاتێ هەموو جیهان‌و کورد دەبینن لەخاکی ئیغتیسابکراوی کوردستانداو بەئاشکرا.. کوردقڕان درێژەی هەیە، ئەمەش ئاگایی ئەوەمان دەداتێ کە کێشەکە پەیوەندی بەخودی سەدامی دیکتاتۆرەوە نیە، ئەمە پەیامەو هەموو نەوەکانی ئەعراب تینوون بەخوێنی رۆڵەی کورد، نابێ‌و ناکرێ هەرگیز ئەو شێوە هەمەجیانەیەی کوشتن‌و پارچە..پارچەکردن‌و سووتانی ئەو(٥) پێنج کوردەی سامەڕاو ناو کەرکوك‌و شوێنەکانی دیکە بەدەستی تیرۆریزمی ئیسلامی تێبیگەین..!! نەخێر هەموو عەرەب، چ زاڵم‌و چ مەزڵومیان بڕیارەو داویانە، کوردبوون.. مەحوکم دەکەن‌و تەنانەت بەووشەی کوردیش قەڵس دەبن، ئیدی باشترین ڕێگەچارە جیابوونەوەیە بۆ تاهەتایە لەعالەمی عەرەبی‌و بیرکردنەوەیە لەسەربەخۆیی کوردو کوردستان‌و کات نەما بۆ یەکگرتنی(عەگاڵ‌و جامانە) شاخ‌و بیابان نابنە دەستەخوشك روبارو زۆنگاو یەك بۆنیان نیە.

بۆچی بۆبڕیاردان لەچارەنووسی چەند ملیۆنێك مرۆڤی کورد! ئەمریکا پرس‌وڕا تەنها بەچەند کەسێك دەکات؟! ئەمە ئەو فیلآنەمان بیردەخاتەوە کە لەڕابردوودا لێمان کراوە.



ئەی وەزیفەی ئەفسەری تۆرانیەکان چیە لە(فڕۆکەخانەی کەرکوك)، ئایە(پۆڵ هارڤی) وادەزانێ هەموو کورد گێلەو بەو قسەیەی ئەو بڕوا دەکەن کە دەڵێت:"کاری ئەوان ئەفسەری پەیوەندی"یە؟! ئایە خەریکی رێکخستنی چ پەیوەندییەکن ئەو تۆرانیانە لەخاکی کوردستان، ئەی مەگەر هەر ئەوان نین تورکمانەکان تەیار دەکەن بەدەمارگیری لەخولی جۆراو جۆر، لەتورکیادا بەناوی سەردانیەوەو دەیانهێننەوە بۆ کەرکوك، ئەی ئەوانە چی بوون هێزی هاوپەیمانان‌و ئاسایشی کوردی دەستگیریان کردن، تۆرانی نەبوون بۆ ئاژاوەگێڕی هاتبوونە کوردستان؟!

برایەنە ئەمریکاو هاوپەیمانان لەبێدەنگی هێزی کوردی گەمژەیی دەبینن، وەك ئێوە بیر ناکەنەوە کە بڕواتان بەدیالۆگ هەیە لەگەڵ ئەعراب‌و تورکمانەکانداو لەگەڵ خۆمانیشدا هەردەم پشتتان لەیەکە.

**لە ژمارە(٢٥)ی هەفتەنامەی(کەرکوکی ئەمڕۆ)دا بڵاوبووەتەوە**

## مەسەلە گرنگەکان چی بوون

زۆر بابەت هەنە لە دونیادا کە دەبێت زۆر بە نهێنی مامەڵەی لەتەکدا بکرێت، ئەمەش لەبەر هەستیاری ناوەڕۆکو واقیعی بابەتەکە، من نامەوێ هیچ نموونەیەك لەو بارەیەوە بهێنمەوە، چونکە شتە نهێنیەکانی هیچ ماهیەتیەکی نیە لای منو لەگەڵ بیرۆکەی شاردنەوەی نهێنی گشتیدا نیم، بەتایبەت ئەگەر چارەنووسی وڵاتێك..نەتەوەیەك.. کۆمەڵگەیەك دیاری بکات.

دوایین کۆبوونەوەی وەفدی نێوان(پارتی‌ویەکێتی) لە هەولێر، کە من بۆ خۆم چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد هەر وەکو کۆبوونەوەکانی دیکەیان، بڵێن لەسەر خاڵە سەرەکیەکان تەبا بوونو ڕێککەوتنو ئاشتی دەبێت بەرقەرار بێت، بەڵام شتێکی تازە خوێندرایەوە لە تەلەفزیۆنەکەوە، ئەویش ئەوەبوو کە(لەسەر مەسەلە گرنگەکان گفتو گۆیان کرد)، دەبێ ئەو مەسەلە گرنگەی نێوان هەر دوو حیزبی باڵا دەستی کوردستان چی بێت، نازانم چ مەسەلەیەك لای ئەوان زۆر گرنگە.. بڕوا ناکەم.. ئاشتبوونەوەی راستەقینە یەکێك بووبێت لە مەسەلە گرنگەکانو ئەوە جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق هەر بڤەیە بۆ ئەوانو نا.. بڕوا ناکەم باسی کوردی کردنەوەی کەرکوکیشیان کردبێت، چونکە ئەوە پارەی دەوێتو پارەش خۆشەویستی هەمووانەو ئاوارەش کاتی ئەوەی هاتووە، کە خەباتی مەیدانی دەست پێ بکاتو منداڵو ژنو کچو کورو پیریان بچنە ژێر خێمەو ئیدی دەر ئەکرێنەوەو جارێکی دی تەرحیل دەکرێن، یاخود تووشی پەلاماری عەرەبە شۆڤێنیزمەکان دەبن، وەکو لە هەفتەی رابردودا بینیمان، ئەوە گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە کە حیزبەکان لەم سەوا سیاسیەدا کەمترین خزمەت بە هاوڵاتیانی کورد بکەن، ئەرزە دابەش دەکەن.. بەڵام کەمترین ئاوارە چانسی هەیەو زۆرینە خزمی بەرپرسەکانو بگرە هەندێکیان نە ئاوارەنو نە راگوێزراو.. کەچی بەر لە منی راگوێزراوو ئاوارە ئەرزەو خێمەو(٣٠) گەڵاکەشی دەدەنێو زۆربەیان خاوەنی چەند خانوویەکنو ئاوارەی راستیو دڵسۆزی مەسەلە گرنگەکەی کەرکوك تەنانەت بە کرێش خانووی چنگ ناکەوێ، نەك وەکو قەرەبوو کردنەوەی.. ئیدی نازانم ئەو بەڕێزانەی مەکتەبی سیاسیو نازانم سەرکردایەتیو ئەو ناوە گەورەو قورسەکان دەبێ چ مەسەلەیەکی گرنگیان خستبێتە بەر باسو



لێکۆڵینەوە، ناتوانم گومانی هیچ ببەم، لەبەر ئەوەی هەرچی گومانی ئێمەیە لەسەر مەسەلەکانی ئەوان بە پێچەوانەوە دەردەچێت.

ئیدی کاتی ئەوە نەما کە مۆسیقایەك بخەنە سەر دەمو چاوەکانو ریپۆرتێرێکیش بە ئارەزووی دڵی بەرپرسەکان ووشەی بێ سوود ریز بکاتو بە گوێی خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستاندا بیڵێتەوە، ئەوەتا لە هەموو جیهانداو تەنانەت لە گەورەترین وڵاتی زلهێزی دونیا.. لە ئەمەریکادا.. رکەبەرەکەی سەرۆك دێتە سەرشاشەی تەلەفزیۆنو راستەوخۆ هەرچیەکی هەیە بەرامبەر بە سەرۆك دەیڵێتو رەخنەی توندیشی لێدەگرێت.. کەچی لە کوردستانی خۆمان، نەك لە سەرۆك بەڵکو لەسەر کادرێکی ناو حیزبیش رەخنەی راستی بگرێت.. دوور نیە نان بڕوات بکەن.. ئەگەر شتی خراپتر لێ بەسەر نەیات.

بەسە کەی کاتی ئەوە ماوە لە وڵاتێکدا دروست بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی خواستو خولیای تاکەکانی بێتو خەون بە دیموکراسیەتەوە ببینن.. کەچی حیزبەکانیان بچووکترین مافی ئەوان نادەن کە زانیاری لەسەر چارەنووسو دواڕۆژی گەلو نەتەوەی کوردەو هەرچی هەیەو نیە.. هەر خۆیان بە نهێنی قسەی لەسەر دەکەنو ئێمەیش وەکو هەر نەبین.. بە رەوای نازانن شتێك بزانین لەسەر تێڕوانینی ئەوان بۆ ئەو ئاڵۆزییە کوشندەیەی باشووری کوردستانی سەراسەر گرتووەتەوە.

داوایەکم هەیە لە هەموو کەناڵو رۆژنامەو رادیۆکان.. تکایە هیچ هەواڵێکمان بۆ ئامادە مەکەن کە ئەگەر نەتانتوانی چ لەڕووی کاری رۆژنامەوانیەوەو چ لەڕووی پێوستی خەڵکی کوردستانەوە.. هەموو رەگەزە سەرەکیەکانی هەواڵی تیادا بێت .. بۆ نموونە: ئەو کۆبوونەوەیە بەڕاستی لەسەر چی کراو گەیشتنە چی..نەك بڵێن لەسەر مەسەلە گرنگەکان، چونکە من دەزانم مەسەلە گرنگەکان گرنگ نین لای ئەوان، یاخود کێ لەوان ناهێڵێ ئاشتی بگاتە دوا مەنزڵ، نەك هەر دوو لا کۆك بوون لەسەر خاڵە سەرەکیەکانی ئاشتی سەرتاسەری، چونکە من دەزانم کەس لەوان ئاشتیەکی ناوێت کە لە چوارچێوەی هەڵبژاردنێکی دیموکراسیو دوور لە فرتو فێڵ دەسەلاتەکانیان بدۆڕێنن بە دەنگی رەوای گەلو هاوڵاتیانی کوردستان.. نا ئەم شتانە مەڵێن جارێکی دیکە.. چونکە هەموو خەڵکی کوردستان وەکو من لێتان حاڵیە.. کە ئەو کۆبوونەوانە هیچ مەسەلەیەکی گرنگی جەماوەری خەڵکی کوردستانی تیا تاوتوێ ناکرێت، ئەوەتا مەسەلەی گرنگی منی کوردستانی شاری کەرکوکی رووگەی کوردانی هەر چوار پارچەکەی

کوردستانه، نه‌ك هه‌ولێرو سلێمانیو قه‌ڵاچوالانو سه‌ری‌ره‌شو دوكانو مه‌سیف.. كوا؟ كه‌ی؟ كام له‌و دوو حیزبه به‌بێ شه‌رم هاته ناو كه‌ركوكه‌وه‌و خۆی به خاوه‌نی زانیو له كۆبوونه‌وه‌یه‌كی جه‌ماوه‌ریدا جه‌ختی له‌سه‌ر ئه‌وه كرده‌وه كه كوردستان به‌بێ كه‌ركوك.. مانای هه‌ڵگیرسانی شۆڕشێكی دیكه‌یه، یاخود كام له‌كه‌سی یه‌كه‌می ناو ئه‌و دوو حیزبه هاتنه كه‌ركوكو له‌سه‌ر ئاینده‌ی شاره‌كه گوتارێكی سیاسی بێ په‌رده‌یان راگه‌یاند، ئه‌گه‌ر به‌ڕاستی ده‌تانه‌وێ بۆ كه‌ركوك خه‌بات بكه‌ن.. زۆر دره‌نگه.. ئه‌گه‌ر واده‌زانن خه‌ڵكی هه‌موو لێتان رازینو سیاسه‌تێكی شه‌فافو له‌بارتان هه‌یه بۆ خه‌ڵكی كوردستان، ئه‌وه به پێچه‌وانه‌وه.. ئه‌وه‌نده داخراویتان پێوه دیاره خه‌ریكه له نامۆ ده‌چنو له‌گه‌ڵ خواستی شه‌قامو تاكی كوردیدا یه‌ك ناگرنه‌وه، ده‌ی به‌رێزینه مادامێك زۆرینه‌ی خه‌ڵك پشتو په‌ناتانه.!! بۆ گوتارتان ئاشكرا نیه له‌سه‌ر دواڕۆژو ئاینده‌ی ئه‌م میلله‌ته‌ی كه ساڵه‌هایه خه‌بات ده‌كه‌نو هه‌وڵ ده‌ده‌ن بۆ ئازادی كوردستانو ئێستا ره‌شبینن به‌رامبه‌ر به هیمه‌تی ئێوه، بۆچی جیابوونه‌وه راناگه‌یه‌نن، ئایه ئه‌مریكا درۆی دیموكراتیزه‌كردنی عێراقو مافی گه‌لان نادا به گوێی جیهاندا، خه‌ڵكی كوردستان به یه‌ك ده‌نگ: سه‌ربه‌خۆییان ده‌وێت زۆرینه، ئه‌ی ئێوه بۆ ..نا، بۆ شتێك ناڵێن له ئاست ئه‌و ناوونیشانه‌دا بێت كه خه‌ڵكی وای بۆ ده‌چێت..؟ پێتان وایه كه‌س پشتیوانتان نیه.

كاری خودپه‌سه‌ندیو تاكڕه‌ویو حیزبایه‌تی دوابخه‌ن.. مێژوو ره‌قیبه به‌سه‌رتانه‌وه.. گه‌ل چاوه‌ڕوانی گوتارتانه‌و چاوه‌ڕوانی ئێوه‌یه، ئه‌گه‌ر نا له مێژبوو كارێكی دیكه‌یان كردبوو.. شۆڕشێكی دیكه‌یان به‌رپا كردبوو.

مه‌سه‌له گرنگه‌كانیش هه‌ڵگرن بۆ ده‌می هه‌ڵبژاردنی په‌رله‌مانی كوردستان، چونكه ئێمه نازانین چی له‌لای ئێوه گرنگه‌و چی ماهیه‌تی نیه.. خۆ ئه‌گه‌ر هه‌ر سوورن له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی ده‌بێت هه‌ر بتانبینین له‌شاشه‌ی ته‌له‌فزیۆنه‌كانه‌وه.. ئه‌وه به‌بێ ده‌نگی مه‌یه‌نه سه‌ر شاشه‌و مۆسیقا.. یاخود .. ریپۆرتێر له‌سه‌ر قسه‌كانی ئێوه‌و كۆبوونه‌وه‌كانی ئێوه قسه‌مان بۆ بكه‌ن.

**له‌لاپه‌ڕه(٥)ی ژماره(٣٥)ی هه‌فته‌نامه‌ی(كه‌ركوكی ئه‌مرۆ) بلاوبووه‌ته‌وه**

# کچە بێخاوەنەکان

بۆیە ئەم دەستەواژە ناشیرینەم کردووە بەناونیشان، مەبەستمە ئەوانەی خۆیان بەخاوەنی(کچ) دەزانن، بۆ خوێندنەوەی بابەتەکەم پەلکێش بکەم.

لەهەر گۆشەیەکی ئەم وڵاتە گەر کچێك هەبێت..! بەرامبەر بەو(خاوەن) بوونی هەیە، بەو مانایەی کچێك نیە سەربەست بێت لەبڕیار، بیرکردنەوە، هاتوچۆ، هەمیشە باوكو برا خاوەنی یەکەمی کچن، پاش ئەوان دایكو خوشکی گەورەتر لەخۆی، ئەو پۆستە وەردەگرن.

گەورەترین سوکایەتییە بەمرۆڤ ئەگەر ڕێنەدرێ ببێ بەخاوەنی خۆی، ئەگەر باوکێك لەم وڵاتە عەریزەی داوە کە کچی ببێت، هەقی نازی هەیە بەسەر کچەکەیەوە، بەڵام هێشتا نەکاتە خاوەنی(کچ)، لەم وڵاتە خێزانەکان ئەوەندە دەزانن، پاش چەند ڕۆژێکیتر دایك منداڵی دەبێتو تاکێکی خێزانەکەیان زیاد دەکات، لەوانەیە ئێستا بەو شێوەیە نەمابێت، بەڵام هەموو ئەوانەی لەپێشساڵەکانی نەوەددا لەدایك بوونە، ئەگەر سەد دەر سەدیشی نەبێت، نەوەد دەر سەدی بێبەرنامە هاتوونەتە بوون، تاوانباری یەکەم لەم بێئاگاییە، بەپلەی یەکەم(دایكو باوك)ە، لەزۆر شوێنی ئەم وڵاتەی لەمەڕ خۆمان بیستوومەو حەقیقەتیشە، باوك هەیە ناوی منداڵەکانی نازانێ لەبەر زۆری ژمارەی منداڵەکانی، دواجاریش ئەگەر یەکێك لەوان سەرپێچی هەر قسەیەکی باوك بکات، ئایەتێکیان بەهەڵە لەبەرکردووە کە گوایە ئەگەر باوك لەمنداڵ ڕازی نەبوو، خواش لێی ڕازی نابێت، بەبێ ئەوەی باوك کارێکی کردبێ دڵی ئەو خوایە خۆش بکات کە خۆی باسی لێوە دەکات.

بەهەر نرخێك بێت ئەوان خاوەنن، مەرجیش نیە ئەو خاوەنە بەندەی بێگوناهی خوا بێت، بەڵام مەرجە بتوانێت خاوەندارێتی کچە بکات.

نازانم بۆ دەبێت مرۆڤ ئەگەر شتێك لەئازادی خۆی چنگکەوێتەوە پێی بگوترێ(بێخاوەن)، بێخاوەن بەدیوێکی ناشیریندا نەوەك ئەو بێخاوەنیەی ئێمە باسی لێوە دەکەین.

ئەگەر نەتوانین کچان لەخاوەنەکانین وەرگرینەوە، ئەوە سیستمی کۆیلایەتی لە ماسکی ئەخلاقەوە شەرعیەت وەردەگرێت، بەم هەنگاوە



خراپانەش(کچ) ناتوانێ بیر لەداهێنان بکاتەوە، ئەو کچانەی ئێستاش ئازادییەکی نەوعیان هەیە، ئەوە تەنها خەریکی شەڕی ئازادیین بۆ کچەکانی دیکەو بەردەوام لەشەڕدان.

مەبەستم لەوەرگرتنەوەی کچان، ڕێگەپێدان بەئیختیارەکانی کچو فەراهەمکردنی کەشێك کە لەسیمایاندا ئازادی سەما بکات.

خاوەندارێتی کچ نازانم لەچ سەردەمێکەوە دەست پێدەکات، بەڵام دڵنیام لەسەردەمی چاخی بەردیندا نێرو مێ یەکسان بوونە لەئەركو فەرماندا، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی سروشت نێرو مێی یەکسان کردبوو، سەندنەوەی ئازادی لەمێینە پەیوەندی بە حەزە شەڕانگێزییەکانی نێرینەوە هەیە، کە ئێستاشی پێوە پیاوان شەرعیەتی هەموو ئەو کارانەیان هەیە کە ژنان بۆیان نیە تەنانەت باسیشی بکەن، زۆر لەکوڕان دەبینین کە لەبەردەم خوشکەکانیاندا بەشانازییەوە، نامەی کچان دەخوێننەوە، بەڵام نەك ڕێنادەن خوشکەکانیان نامەی کوڕێك لەبەردەمیان بخوێننەوە بەڵکو، بۆ چوونە بەردەرگاش سنووریان بۆ دادەنێن.

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم: ئێمەی مرۆڤ کە دێینە ژیانەوە بەڵگەنامەیەکمان نیە لەسەری نووسرابێت، خاوەنی تۆ(فڵان) کەسە..!! کەچی هەر کاکەو خۆی دەکات بەخاوەنمان، وەك بڵێی ئەو نەبووایەو لەبەر خاتری ئەو نەبووایە، ئەفرێنەری ئێمە، فڕێی نەدەداینە ژیانەوە، ئەمەش زۆر جاران کوڕانیش دووچاری دەبن، بەڵام بەڕێژەیەکی زۆر..زۆر کەمتر لەکچان.

(بێخاوەن)ی لەکۆمەڵگای ئێمەدا ئەوەندە ناشیرینە چووەتە فەرهەنگی جنێومانەوە، لەڕاستیشدا مرۆڤ ئەو کاتە هەست بەبوونی خۆی دەکات کە خۆی خاوەنی خۆی بێت، نەك کەسانی دیکە خاوەنی بن.

ئەگەر بێتو لە پیاوێك یان لەکوڕێك بپرسیت: بۆ ڕێ بەکچتان نادەن ئەوەی خۆتان بۆ خۆتان ئارەزووی دەکەن، ئەویش سەربەست بکەن لێی؟ لەوەڵامدا دەڵێت:"مێینە بیرکردنەوەی تەواو نیە!!"ئەم دێڕە، یاخود باشتر وایە بڵێم ئەم بۆچوونە پێدەچێ سەدان ساڵ تەمەنی هەبێتو هەر پیرنابێت، دڵنیاشم ئەمە وەسیەتی باپیرەیە بۆ باوكو لەباوکەوە بۆ کوڕو لەکوڕیشەوە بۆ نەوەی نوێو ئیدی کارەساتی دیلێتی کچان بەردەوامی وەردەگرێت.

خۆ لەوانەیە تاکو تەرا خێزان هەبێت هەمان ئەو سەربەستیەی بۆ کوڕانی فەراهەم دەکات، بۆ کچانیش کەمتەرخەم نەبێت، بەڵام ئەمانە لەدەگمەنەکانن.

لەهەموو ئەوانەی پێشتر سەیرتر ئەوانەن کە زۆر جار کێشە بۆ کچان دروست دەکەن، بەبێ ئەوەی خزمی (خاوەن)یش بن، ئەوانەیش ئەو کوڕانەن کە بەناوی خۆشەویستیو هاوواتاکانی دیکەیەوە، کچان بەخۆیانەوە دەبەستنەوەو ناچاریان دەکەن ملکەچی بڕیارو ئارەزووەکانیان بن، بەبێ ئەوەی کچان بەشداری لەو بڕیارەدا بکەن.

هەر بۆ نموونە زۆرێك لەکوڕان کە من بۆخۆم گوێم لێیان بووە، بەمافی خۆیانی دەزانن(غیرە) لەخۆشەویستەکانیان بکەنو ڕێنەدەنو جگە لەخۆیان بۆ سلاوێکیش قسە لەگەڵ کوڕانی دیکەدا بکەن، ئەمەش لای هەندێك لەکچان بووە بە مۆدو وادەزانن ئەگەر کوڕە(غیرە)ی لێنەکات خۆشی ناوێتو گرنگی پێنادات، نەخێر ئەگەر کەسێك تۆی خۆشبووێت بۆ دەبێت مەرجی هەبێت بۆت، ئەی مەگەر درۆیە کە وتراوە خۆشەویستی دەبێ مەرجی تیا نەبێ؟! دواجار ئەم نەریتە سواوەش دیوێکی دیکەی خۆ بە(خاوەن) زانینی کچەو دەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئیشی لەسەر بکرێت.

بەڕێزترینو تێگەیشتووترینو بەڕەوشتترین کچ لەم وڵاتەدا، ئەو کچانەن کە دیوی دەرەوەی دەرگای حەوشەی خۆیان نابینن، سەیرە بۆچی کەسێك تەنها لەبەر رازیکردنی دڵی کەسێك یان چەند کەسێك، ئامادەبێت خۆی بئاخنێتە نێو چوار لای دیواری ژوورەکەی، نەك هەر ئەوەندەش کە زەواج دەکات، کوڕێکی گیرفان قورس دێتو تەنها یەك وشەی لەگەڵدا ناگۆڕێتەوەو دەبێت بەهاوسەری تاهەتایی تەمەنی، لەخاوەنێکەوە بۆ خاوەنێکی دیکە دگوێزرێتەوەو دەستەواژەیەکی ناشیرینتری دەست دەکەوێت، لەبری(کچ)ەکەم، دەبێت بە(ژن)ەکەمو ئیدی نەهامەتی زیاتر دەبێتو نەك هەر چوونە بەردەرگاو بازاڕ، بەڵکو بەشێوەیەکی منالآنەتر شێوازی دانیشتنو خەوتنو پۆشاکیشی لەلایەن مێردەوە بۆ دیاری دەکرێت، ئەوەی لێی زیاتر دەبێت ئەوەندەیە کە شەوەکەیشی لەگەڵدا دابەشدەکرێت.

لێرەوە دەمەوێ بە پیاوان بڵێم: ئێوە بتوانن ببن بەخاوەنی خۆتان مەبن بەخاوەنی کەسی دیکە.

حەزی خۆ بە(خاوەن)زانینیش، پەیوەندی بەمێژووی دێرینی پیاوەوە هەیە کە هەمیشە لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتیو هۆکارەکانی دیکەدا،



تەختەی نمایشی کوشتارگەی سازکردووەو نەشئەی لەوە وەرگرتووە کە سوپایەك هەیەو(ئەو) بەخاوەنی خۆیان دەزانن.

کچان مادام ئێوەش هەر خەریکی گسك لێدانن، گسکێکیش لەماڵی بیرکردنەوەی خاوەنەکانتان بدەن.

**ئەم وتارە لە رۆژنامەی(پێگە) بڵاو بووەتەوە ساڵی ٢٠٠٤**

# کوردە بەعسیەکان و .. جارێکی دی جاشێتی..!!

بەعسی بوون چەند شورەیی‌و سەرشۆڕییە بۆ کورد، جاشێتی(دە) ئەوەندە لاپەڕەیەکی رەش‌و قێزەوەنی مێژووی کوردە.

زۆربوون ئەوانەی بێشەرمانە ئەندام‌و ئەندامی کارای ناو ریزەکانی حیزبی بەعسی فاشی بوون‌و دژی نەتەوەکەیان نەتەوەی کورد، خیانەت‌و کاری نامرۆڤانەیان دەکرد، بەڵام زۆرتربوون ئەوانەی لەژێر ناوێکی دیکەداو بەناسنامەیەکی دیکە، دووجار خزمەتی حیزبی بەعسی رووڕەشیان دەکرد بەجاشێتی، جاشێتی.. هێندەی نامرۆڤ بوون کەمی‌و ناعەقڵانیەتی ئەو کەسانە دەردەخات کە کلکایەتی‌و جاشایەتیان بۆ دوژمنەکانی کورد کردووە.

ئەوەتا ئێستا لەکەرکوکداو پاش نەمانی سەدام‌و دەسەڵاتی بەعسیزمەکان، بێشەرمانەتر، کۆنە بەعسیە کوردەکان‌و باوەڕپێکراوەکانی(رائید حەمید)و دەلاڵی ئەمنەکانی سەیتەرەی کەرکوک، دەیانەوێ رێگری لەهاتنەوەی ئاوارەکان بکەن.

وادیارە ئەوانە بیریان چووەتەوە کە لەبەرامبەر جەبەرووتی بەعسیە شۆڤێنیزمەکاندا هیچ کەسێك نەیدەتوانی خاوەنی خۆی‌و ژن‌و ماڵەکەی خۆیشی بێت، یان دەیانەوێت بەم کارەیان وەفاو پەیمان دووبارە بکەنەوە بۆ سەدامی رەمزی دۆڕانی عەقڵی عەرەبی‌و سەرکردەی هەموو دۆڕانەکانی ئوممەی عەرەبیە..

من پێم وانیە سووتاندنی ئەو(٥٠) خێمەیەی ئاوارەکان لەگەڕەکی ئیسکانی شاری کەرکوك، لەڕووی سیاسەت‌و عەقڵ‌و ئەخلاقەوە هیچی کەمتربێت لەپارچە.. پارچەکردن‌و سووتاندنی ئەو(٥) لاوەی شاری کەرکوك کە لەشاری(سامەڕا)ی هێمای جەهالەت ئەنجامدرا.

هەندێ ئاماژەی دیکە هەن باسی ئەوە دەکەن کە گوایە ئەو شوێنەی ئاوارەکان خێمەیان لێهەڵداوە، کەسێکی بەرپرس لەناو حیزبێکی کوردیدا دانی لێخۆش کردووەو ئەم کاردانەوانەش ئاراستەکردنە، خۆ ئەگەر واش بێت، من ئەم کارە نائەخلاقیە بە بەرەنجامی میانڕەوی حیزب‌و دەسەڵاتی کوردی دەزانم لەگەڵ پاشماوەی بەعسیەکان‌و لەلایەکی دیکەشەوە بەزادەی عەقڵی شۆڤێنیزمی عەرەبی‌و دوژمنەکانی دیکەی کوردی دەزانم.



لەوانەیە ئەو کۆمەڵە نەفس نزمە، بەوە درکیان نەکردبێ کە هەمووومان باش دەزانین جارێکی دی خەریکی جاشێتی‌و کلکایەتی کردنی دوژمنانی کوردن، ئەمەش بە وتەی یەکێك لەوانەی لەگەڵ ئەو تاقمە ناکوردە بوو کە بەر لەدەسپێکردن پاشگەزبووەوە، دانی نا بەوەدا کە لەسەر داوای عەرەبە هاوردەکان‌و تورکمانەکانی ریزی بەرەی تورکمانی ئەو کارە ئەنجام دەدەن.

هەر کەسێ کوردی خاوەن کەرامەت‌و هەڵوێست‌و غیرەت بێت، دەبێت ئیدانەی ئەم کردەوە بەعسییانەیە بکات کە هاوشێوەی ناردنی(T.N.T)و جاش وسیخوڕی زەمانی پاش راپەڕینە، دەبێت لەبەرامبەر درێژەپێدەرانی رێبازو عەقڵی جاشێتی‌و ئایدیای بەعسیزمدا ببین بەکۆسپ‌و هەڵیان بوەشێنینەوە.

لەوکاتەدا کە پەیامنێری رۆژنامەیەکی کوردی دەگاتە ئەوێ‌و لێیان دەپرسێت: لەپای چی ئەم کارە دەکەن، وەکو کەسێکی خاوەن هەست‌و بەشەهامەت، پاش جنێودان بەیەکە بە یەکەی سەرکردەکان‌و پارێزگاری کەرکوکیش دەڵێن:"رێگە نادەین ئەمانە لەبەردەم ماڵەکانماندا خێمە هەڵدەن، بەرامبەر دەرگاکەمانە"، ئەی کوڕی باشانە بۆچی نەتاندەتوانی بە نەوەکانی بەعس بڵێن: رێگە نادەین لەبەردەم ماڵەکەمان سەنگەر لێدەن، نەك نەتاندەوێرا، بەڵکو خۆتان خەریکی لێدانی سەنگەربوون دژ بەکورد، ئەی کە دەڵێن:"کۆمەڵێ شۆڕشگێڕی کەرکوکین" تازە کەوتووەتەوە بیرتان بکەونە مقاوەمەتی کوردی بوونەوەی کەرکوك، ئێوە دەرگا لەسەر عەقڵتان دامەخەن، مێژوو رەقیبە بەسەر هەموومانەوە، لەبەعسی بوون‌و کارە ناشیرینەکانتان بوراون، ئێوەش هەر نەبێ هەندێ لەسیمای ناحەزتان جوان بکەنەوە، هەرهیچتان پێناکرێت بۆ کورد، بەدەستی کورد خۆتان مەدەن بەقەڵبەیەکدا، ژن‌و مناڵی ئەو ئاوارنە خوشك‌و مناڵی هەموو کوردێکی دڵسۆزە، بەڵام ئێوە گەر لەدەرگای خۆتان دەترسن، ئەمانە بۆ رۆژێکیش بەعسی نەبوونەو خاوەن شەرەف‌و غیرەتن، دەرگای ئێوەو هەموو کەرکوکیەك دەرگای ئەوانیشە، ئەوان بەگەڕانەوەیان خزمەت بە دۆزی کوردی دەکەن لەم کاتەدا، ئێوەش بەپێچەوانەوە دەروێشی بۆ بەعسیزمەکان دووبارە دەکەنەوە.

لەم دۆخە ئاڵۆزەدا.. کە هەمووومان چاوەڕانی گەڕانەوەی ئاوارەکانین بۆ کەرکوك‌و گەڕانەوەی ناسنامەکەی کەرکوکین بۆ کوردستانیەتی جارانی‌وئەوەی ئاوارەو راگوێزراوەکان‌و ماڵ‌و خێزانی پێشمەرگە

دێرینەکانی کەرکوك چاوەڕوانی دەکەین، هەڵوێستی هەمە لایەنەی حیزبە کوردییەکانە بۆ مەحکوم کردنی ئەو کارە ناشیرینەیە، هەر لێرەشەوە بەو فریوخواردووانە دەڵێم: دانیشن ئەگەرنا جام کەپڕ بوو لێی دەڕژێ، ئیدی ئەو کاتە کەرکوکیشتان نامێنێت بۆ حەوانەوە.

ئامۆژگارییەکی دیکەشیان دەکەمو دەڵێم: هێندەی ژمارەی ئەو ئەمنانەی کە دۆستی ئێوەبوون لەسەیتەرەی کەرکوك، جاشو لیوا حەرەس جمهوری بەدەستی هەریەکێك لەو پیاوانە کوژراوە کە ئێستا لەشاری باوباپیرانیان بەژیانی ژێر خێمەیەك رازیین، ئێوەی هەرزەکارییش خەیاڵتان وایە لێتان دەترسن.

ئەوان لەو رۆژانەی هیچ کەسێك نەیدەوێرا بە(سەدام)ی لووتشکاو جگە لە(بابە سەدام) بڵێت، چاونەترسانە لەسنووری تیپەکانی(٢١)ی کەرکوكو (٢٥)ی خاڵخالآنەوە دەهاتنە نزیك کەرکوكو زەبری مەرگیان لەپیاوەکانی سەدامو هاوشێوەکانی ئێوە دەوەشاند.ئەمێستا واقیعی حاڵی کەرکوك داوایان لێدەکات نەرمو نیان بن لەگەڵ هەموو لایەك، ئەگەرنا ئێوەی کۆنە بەعسیو جاشو عەرەبی هاوردەو هەموو دوژمنەکانی کورد، بەری دوو رۆژی هەڵمەتی ئەوان ناگرن.

**لە ژمارە(٢٦)ی هەفتەنامەی(کەرکوکی ئەمرۆ)دا بڵاوبووەتەوە**

# دەوڵەتی سەربەخۆمان دەویٚ

ئێمەی کوردساڵەهایە خەونەکانمان زندەبەچاڵ دەکریٚو گەر بمانەویٚ هاوارێکیش بکەین بۆ سەر بەخۆیی.. هەر جارە بە جۆرێك دەنگمان دەتاسێنن.

چیدی کاتی ئەوە نەماوە بە بەندو باڵۆرەی رۆژئاوایی بکەوینە هەلەکە سەما، رۆژئاوایەك دەسەڵاتی خۆی لەسەر جینۆسایدو خوێن تۆکمەو پتەو کردبیٚ دەبیٚ چاوەڕوان چی لیٚ بکریٚ کە شێوەی لە راستی بچێت، نەتەوەی کورد بەشێکی زۆری دانیشتوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێك دەهێنن، پێویستە سەرانی وڵاتانی عەرەبیو سیاسەتکارانی رۆژئاوایی خۆیان لەو گێلێتیە رزگار بکەن کە مانەوەی کوردو خاکی کوردستان بە پارچە.. پارچە کراوی باشتر بێت بۆ ناوچەکە، مێژوو شاهیدە لەو سەردەمانەی کە کورد کەمتر شارەزا بوون بە دونیای سیاسەتو رۆشنبیری تاوەکو ئێستا بیٚ پشوودان لەشۆڕشدا بووە بۆ وەرگرتنەوەی مافی خۆیو رزگار کردنی خاکی کوردستانی چوار پارچە کراو، بەڵام ئێستا لاوی کورد زۆر.. زۆر شارەزاو ئاگاداری گۆڕانکارییەکانو پلانەکانن کە نەخشەی ئایندەیەکی وەك جاران ژێر دەستەو خاك داگیر کراومان بۆ دەکێشن، گەر بێتو لەم هاوکێشەیەی کە تیایدا شوێنی کورد نادیارە پاسای دەینەوە، دەبێت رۆڵو شوێنی سەرکردەو سیاسەتکارانی کورد دیاری بکەین.

سەرکردەکانی کورد لە(باشووری کوردستان) ـ ئەو پارچەیەی بەر عێراق کەوت لەدابەش کردنەکەی پەیمانی(لۆزان)، هەر یەکەو بە ئاوازێكو بە ئاراستەیەك کار بۆ ئایندەی گەلی کورد دەکاتو دواجار نەك لەلای ئێمەی هاوڵاتی شەقامی کوردی، بەڵکو لای سیاسەتکارانی دیکەی هەمان یاریگا دەکەوێتە بەر تانەو تەشەرو راستیەکانیش هێندە لێڵو تەڵخن لەبەر چاوی ئێمە.. خوا نەکات بەرچاو روونیەکمان بکەن سەرکردەکانمان، تووشی رەشبینیو نائومێدی کردووین.

لێرەوە شتێکی دیکە دەبیٚ بڵێین.. ئەویش لە روانگەی بڕوابوونی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردیو زۆربەی حیزبە کوردستانیەکانی دیکە بە دیموکراسیەتو ئازادی بیروڕا دەربڕین، کە لە پەیڕەو و پرۆگرامیاندا ئاماژەی پێدراوە.. دەڵێم ئەگەر هەر مەسەلەیەکی سیاسی وابەستەی چارەنووسی نەتەوەی کوردبوو باشتر وایە بە هەر



رێگایەك بێت بیر لەراپرسی خەڵکی کوردستان بکەنەوە، تا بزانن ئێمەی شەقامی کوردی چیمان دەویٚ، چونکە بە تەنها سەرکردەکان گوزارشت لەڕای گشتی گەلی کورد ناکەن، راستە ساڵانێك خەباتیان کردوەو کاری گران لەئەستۆیاندا بووە بۆ دۆزی کوردی، بەڵام بۆ ئەوەی بەرامبەر بە مێژوو گوناهبار نەبن، پێویستە لەو هەنگاوانەی کە بۆ بەدەست هێنانی مافی کورددا شکست دەهێنن ئێمەی خەڵکی کوردستان ئاگادار بکەنەوە، تا لە کەمتەرخەمی هەموو لایەك بە ئاگا بینو لەوەش زیاتر لە راستیەکان بگەین.

لەئێستادا دەنگێکی کز هەیەو باسی سەربەخۆیی دەکاتو نازانیٚ چۆن ببێتە هاوارێكو گوێی زلهێزەکانی دونیا کەڕ بکاتو وەك چۆن ئێستا خۆیان لەئاست ئەو کارەساتانەی بەسەر گەلی کورددا هاتوون کردوە بە (کوێرو لاڵو کەڕ).

دەبوو سیاسەتکارانی کورد داوای سەربەخۆییان بکردایەو هەرگیز بەکەمتر لە سەربەخۆیی رازی نەبوونایە.. دەشکریٚ لەئێستا بەدواوە بیرێك لەسەر بەخۆیی بکەنەوەو خۆیان تەیار بکەن بۆ هاوکێشەکانی بە دەست هێنانی سەربەخۆیی.

شورەییە بۆ کورد داوای فیدراڵیەت دەکاتو پێی رەوا نابینن، زۆر جارانیش کە سەرکردەکان لە میدیاکانەوە دەردەکەونو باسی داواکردنی فیدراڵیان لەگەڵدا دەکرێت، دەڵێن ئێمە داوا ناکەین، بەڵکو بڕیاری لێدەدەین، روونتر بڵێم.. مەبەستیان ئەوەیە کە ئەوان بە دەستی خۆیان ئازادیان بۆ گەلی کورد دەستەبەر کردوە، ئیدی بە چ رێسایەك داوای فیدراڵی لەکەسانێك بکەن کە لەسایەی ئازادییەکەی لەمەڕ کورددا شۆڕشیان دەکرد.

کورد ئەگەر کارتی دەستی بەهێزە دەبیٚ بڕیار بدات کە بیر لە سەربەخۆیی بکاتەوەو بیخاتە بەرنامەی کارییەوە، هێندە باسی پێکەوەژیانیان کرد، من وەکو کوردێك گومان دەکەم لەو کەسانەی کە لەعێراقدا پێکەوەدەژینو یاخود دەچنە کۆنگرەکانەوەو بانگەشەی پێکەوەژیان دەکەنو لەراستیشدا ناتوانن لەگەڵ خۆیاندا بژین، نەك لەگەڵ دەوروبەرەکەیاندا.

ئیدی ئێمە کەبزانین بەرامبەرێکمان هەیە کێشەی لەگەڵ خۆیشیدا هەیە چاوەڕوانی چی لێبکەین؟ باشتر وایە ئێمە جوداخواز بینو شەرم لەکەس نەکەینو ئەمەش مانای دابەش کردنی خاکی عێراق ناکات..

بەڵکو وەرگرتنەوەی خاکی کوردانە لەچنگی دێوەزمەی سەدەکانو لەشکری ئەمارەتەکانی خوێن.

دەکرێ لە هەنگاوی یەکەمدا خۆمان ڕێکبخەینەوە لەسەر بنەمای بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی کوردی، بەڵام بەو مانایە نا کە بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیزمی دروست ببێت.. نەخێر کورد کە بەدرێژایی مێژوو لەژێر دەستەییدا بووە، بەرز راگرتنی دروشمو هێماکانی نەتەوەییمان ناچێتەوە چوار چێوەی شۆڤێنیەتەوە.

ئەم کارەش دەبێ روخسەتی لای سەرکردەکان بدرێت، ئەگەرنا گەورەترین پرۆژە هەبێت بۆ خزمەتی کێشەی کوردی.. سەر ناگرێ گەر یەکێك لە دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە بوون بەلەمپەر لەبەردەمیدا.

گەورەترین لەمپەرو ڕێگریش لەبەردەم ئاوا پرۆژەیەکدا دوو پارچەییو دوو ئیدارەیی ئەم باشووری کوردستانە لەئێستادا.

**لە ژمارە(٢٨)ی هەفتەنامەی(کەرکوکی ئەمڕۆ)دا بڵاوبووەتەوە**



## کەرکوک...بۆنی مردووی لێدێ

کەرکوک ئەو شارەی نزیکەی(١٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن نفوسی دەبێت، سەیرە ناوەندەکانی رۆشنبیریو راگەیاندنو سەندیکاو رێکخراوەکانو تەنانەت حیزبەکانیش پێوە، نەیانتوانیوە جووڵەیەکی رۆشنبیری بخەنە شارەکەوە، خەڵکی شاری کەرکوکیش نایانەوێ فێربن نایانەوێ بکرێنەوە نایانەوێ بزانن پاش روخانی بەعس چی روودەدات.

ئەوە ماوەی(١٥) رۆژ زیاترە، رێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت(CDO) سەرقاڵی پرۆژەی زنجیرە کۆڕێکی فیکرییە لەشاری کەرکوكو دەوروبەری لەبوارەکانی(توندوتیژی لەکۆمەڵگادا ـ کۆمەڵی مەدەنی ـ دیموکراسی ـ مافی مرۆڤ ـ پێکەوەژیانی ئاشتیانە ـ بەشداری خەڵك)، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هاوڵاتیانی کەرکوك کەچی زۆر بەکەمی خەڵك ئامادەی کۆڕەکان دەبێت، وەکو ئەوەی ئەم شارە تەنها بۆ مردووان بێت تەنها کاری تیرۆریستی تیایدا بەباشی دەرواتو هەموو هەوڵەکانی دیکەی ئیفلیج کردووە.

دەپرسم: "ئایە ئەو رێکخراوانەی بانگەشەی خزمەتی کۆمەڵگەی مەدەنیو سیستمی دیموکراسیو پرۆژەی ئازادی دەکەن، چیان پێیەو نایانەوێ کەس بیزانێت لاوان بۆچی بوونی خۆیان ناسەلمێننو نایەنە مەیدان".

بەڕاستی هەموو شەقامو کۆڵانەکانی ئەم شارە بۆنی مەرگی لێدێ هەموو ئەو کۆڕانەی کەبەستران ژمارەیان تائێستا(١٥) کۆڕە خامۆشیو نائامادەییەکی پێوە دیاربوو، هەر لەشاری مردووان دەچوو.

ئەو رێکخراوە پرۆژەی(١٤٥) کۆڕی هەیە لەسنووری کەرکوك هەر بۆیە پێویستە هاوڵاتیانی شاری کەرکوك بەشداری تەواو بکەن.

**ـ لەلاپەڕە(٤)ی ژمارە(٢٣)ی رۆژنامەی(کەرکوکی ئەمڕۆ) رۆژی ٢٠٠٤/٦/١ بڵاو بووەتەوە**

# پرۆژەیەک بۆ مەرگی لاوان

لاوان لەهەموو كۆمەڵگاكانی جیهاندا بەشداری بەرچاویان هەیە لەهەموو گۆڕانەكان و لەهەموو بزووتنەوەكانی شۆرش‌و بەرگری‌و هەستانەوەو پێشكەوتن و ..هتد.

هەر بۆیە دەبێت وەكو بناغەی هێزی سیاسی‌و زانستی‌و فەرهەنگی بەبایەخەوە لێیان بڕوانین، چونكە راستیەكی حاشا هەڵنەگرە كەلاوان جگە لەوەی داینەمۆی بەگڕخستنەوەی تواناكانی هزرو بونیاتنانەوەی وڵاتن، لەهەمان كاتدا ئایندەش لەسەر دەستی ئەوانەوە نەخشەی دەكێشرێت. بەڵام لەعێراقدا بەگشتی‌و لەكوردستاندا بەتایبەتی ئەو ئەركانەی كە بەلاوان دەسپێردرێت، تێكڕا پرۆژەی مەرگی چاوەڕوانكراوی لاوانە، ئەمەش لەوانەیە درکی پێنەكرابێت، ئەگەر نا چ حكومەتێك مەبەستێتی نیشتمان بپوكێنێتەوە هەر بۆ نمونە:ـ باشترین چانسی لاو لەعێراقدا بۆ دامەزراندن و باشبوونی نەوعیی ئابوورییان، بەشەكانی سەربازی‌و پۆلیسی‌و ئاسایشی‌و پاسەوانی تایبەتە، ئەمەش لەوڵاتێكی ناهۆشیاری وەكو عێراقی زۆنگاری تیرۆردا، ئەوەمان دێنێتەوە بەرچاو كە لاوەكان بۆ باشبونی ژیانیان ناچن، بەڵكو بەرەو مەرگ دەچن، لەوانەیە خۆشیان هەستیان پێنەكردبێت، خۆ ئەگەر لە وردەكاری وەرگرتن و دامەزراندنیان قوڵ بینەوە دەبینین ئەم پرۆژە ترسناكە پێویستی بە واسیتەو دۆستایەتی‌و شتی دیكەش هەیە، كەبەرەو ئاقارێكی تاریك دەبرێن بەرامبەر بەمەش لە شوێنە گرنگەكانی وەكو دەزگاكانی هۆشیاری‌و رۆشنبیری‌و راگەیاندا قەڵەو و پیرەكان بەدەست لەسەر سنگەوە پێشوازیان لێدەكرێت بەخۆیان و رۆشنبیرییە تۆز لێنیشتووەكانیانەوە. لەوانەیە لێرەدا كەسانێك هەبن بڵێن لاوان خۆیان هیچیان پێنیە..!! بۆیە ! بەڵام من دەڵێم: نەخێر ئەگەر پێشیان بێت هیچ ماهییەتێكی نیە بەلای بەرپرسانەوە، چونكە ئەوان بەهزری نوی‌و گوتاری نوێوە دێنە گۆڕەپان و رەش و سپی لێك جودا دەكەنەوە.

ئەگەریش بڵێن ئەوە تۆ باسی كام لاوانە دەكەیت كە كەس هیچی لێنەبینیون، ئەوە من دەڵێم: لاوان بۆ ئەوەی چاوەڕوانی داهێنانی تۆكمەو ناوازەیان لێبكەین، دەبێت پرۆژەیەكمان هەبێت بۆ زەمینە خۆشكردن بۆیان و بواریان بدەین بێنە پێشی‌و گوێیان لێبگیرێت،



لێرەدا من دەپرسم: ئایا هیچ دەزگایەك، هیچ حكومەتێك، هیچ حزبێك، هیچ رێكخراوێك پرۆژەی پێیە بۆ دروستكرنی لاو..؟ یان هەر هەموویان بەریتمە كلاسیكیەكە دانیان لەبردنەوەی زۆرترینیان خۆشكردووە بەمەبەستی چەندایەتی ریزە شێواوەكانیان، كام لاو دەرگای لەسەر كرایەوە تا لەزیندانی یەئسی ئایندەی رزگاری بێت، باشە كەسێك لایەنێك بیری لەوە كردووەتەوە كە بەبێ لاو هیچ ئامانجێك و هیچ مەرامێك و هیچ ویستێكی سیاسی نایەتە دی، باشە كە هەموو حیزبەكان باسی ئازادی‌و دیموكراسی‌و پێكەوە ژیان و زانست و چەندەها دروشمی بریقەداری دیكە دەكەن پێیان وایە تەنها بەبردنەوەی دەنگی لاو ئیدی ئایندەیەكی رووناكیان پێشكەش كردوون یاخود تەنها رەنگێك بەباڵایان دەبڕن و لە رەنگاڵەیی دایاندەبڕن..؟ حەیفێ وڵاتێك سەراپا شێواوە چاوەڕوانی ئەوە دەكات رۆشنبیرێكی كۆنە ساڵ چرا بلور تەڵخەكەی هەڵكات هەتا گەل و وڵات چاو رۆشن بێت، ئەرێ نازانم تاكەی ئەم یاریكردنە بەلاوان، رۆژێك پیشمەرگەی جل بۆرەو هەموو شەڕێك دەكات و موچەكەشی بەكەیفی سندوقە نادیارەكانە، رۆژێك لیوای تایبەت و ئاسایشەو تەنها پلانەكانی شەڕو شۆڕیان فێر دەكرێت، لەلایەكی دیكەشەوە دیسان لاو بۆ دەربازبوون لەو جەنجاڵییەی ژیان بەدوو ئایەت‌و ووتەی پێچەوانە تەفسیر كراو كلیلی بەهەشتی دەدەنی‌و بەرەو مەرگێكی زۆر قێزەوەن سەربەرزانەو بێباكانە دروشم دەڵێت و دەبێتە چەند پنتێك گۆشتی قیمە كراو، هاوار لەدەست بێئاگایی لاوان و ئەگەر مەرگی هەر رۆژەو بەجۆرێك بۆیان دەكرێ بە بووك.

بەپۆلیس كردنی لاوان.. ئەی بەرپرسان و سیاسەتكارانی كورد مانای بردنەوە نیە، ئەی مەگەر شۆرشی (رێنساس) خەون و خەیاڵی پڕوپوچ بوو كە لاوانی فەرەنسا سەر لەبەری وڵاتیان پێگۆڕی بۆ تا ئێستا پرۆژەی رۆشنبیركردنی لاوان نەبووەتە پیرۆزترین پرۆگرامی بەرەو پێش بردنی وڵات، هیچ حزبێك و رێكخراوێك شانازی بەو لاوە قەڵەم بەدەستانەوە نەكات كەلە ریزی ئەو دایە، خۆ ئەگەر خۆی‌و قەڵەمەكەی بە بڕشت بن یاخود دۆگما ئەوە هەموو بەهرەكەیان زادەی ماندووبوونی خودی لاوەكانەو پێمان وابێ كەس شتێكی پێشكەش نەكردوون، لەم نیشتمانە دزراوە هەرچی بیەوێ پێبگات دەبێت یۆنانی سەردەمی(سوكرات)ی بیربێنێتەوە، چونكە دواجار رەخنەش دەبێت

بەشـان و بـاڵی کـەس و حیزبێکـا هـــەڵبدرێت، کەشایســتەی چەمۆڵــە لێنانن.

بۆ ئەوەی لاپەرەیەکی مێژووتان هەبێت کە بتوانن شانازی پێوەبکەن لە ئێستادا کار بۆگەڕانەوەی خاوەندارێتی لاو بکەن بۆ خۆیان، ئـەوەی ئێستاو لەم کاتەدا بەلاوان بڕاوە یان مەرگە بەدەستی تیرۆرستان، یـان مەرگە لەپێناوی تیرۆرستان، یاخود خەساندنی هەموو خولیاکانێتی لـە پێناو مووچەیەکی مانگانە کەلە ئەرکێکی ناشریندا چنگیان دەکەوێت.

**لەلاپەڕە(٤)ی ژمارە(٣٤)ی گۆڤاری(تیرۆژ)دا بلاّو بووەتەوە**

# یەکێتیو پارتیو .. بۆنەو بەزمەکان

یەکێك لەو شتانەی کە یەکێتیو پارتی زۆر کاری لەسەر دەکەنو راگەیاندنو ریکلامیان بەباشی تیشکی دەخاتە سەر، بۆنەکانیانە وەکو دامەزرادنو یادی شۆڕشەکان.

لە ولاّتێکدا کە تاوەکو ئێستا خەڵکی خێری لە خۆی نەدیوەو چاوەڕوانی ئاسودەیی دەکات، بە هیمەتی پارتیو یەکێتی بێتە بوون، زۆر شێواز کارکردن هەن کە دەکرێت بیری لێبکرێتەوە .. یاخود کاری پێبکرێت، بۆ ئەوەی خۆیان جوانتر بکەن لای کۆمەلاّنی خەڵکی کوردستان، بۆ نموونە دروستکردنی سوپایەك لە خەڵکی مەدەنی لەناو گەڕەكو شەقامەکان بۆ ئەوەی راستەوخۆ کار بۆ نەهێشتنی دیاردە ناشارستانیەکان بکرێت، ئەویش بە تەنها ئاگادار کردنەوەی دەزگاکانی پۆلیس لە زیادەڕۆیو کارە نایاساییەکانی وەکو دیاردەی چەکداری نایاساییو هاتووچۆی ئۆتۆمبێل بە پێچەوانەوەی یاساکانی هاتووچۆو دەستدرێژی بۆ سەر ژنانو کچانو بە کەم سەیرکردنی منالاّنو .. هتد، زۆرێك شێوازی کارکردنی دیکە هەن، کە لە رێیەوە دەتوانرێ وابەستەیی هاولاّتیان بە یاساو بڕیارەکانی پێشکەوتنو بە مەدەنی کردنی کۆمەڵگەوە فەراهەم بکرێت.

بەلاّم لێرە بە داخەوە .. یەکێتیو پارتی ئەوەندەی منەتی شۆڕشو خەباتمان بەسەردا دەکەن، ئەوەندە بیر لە پڕۆژەو بەرنامەکاری جوان ناکەنەوە بۆ بەرەو پێشبردنی دۆخی سیاسیو باری ژیانی هاولاّتیانی کوردستان، گەر بێتو لەیادکردنەوەکانیانەوە بۆ بۆنەی دامەزراندنو بەرپاکردنی شۆڕشەکانەوە لێیان بڕوانین، بەشێوەیەك گوزارشتی لێدەکەن، کە ئەوان کۆمەڵە مرۆڤێك بن لە شوێنێکی دووری دونیاوە هاتبن بۆ رزگاری خەڵکی کوردستانو خەڵکی بە قەرزاری خۆیان دەزانن.

من گوێم لێبوو لە رادیۆی دەنگی کوردستان، کە چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کەمال کەرکوکی ئەندامی مەکتەبی سیاسی(پ.د.ك) کرا، بە بۆنەی سالّیادی(شۆڕشی گولاّن)ەوە، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لایەنگرێکیان ووتی: "من سەری رێزو نەوازش بۆ کاك کەمال کەرکوکیو هەموو ئەندامانو پێشمەرگەو کاك کەمالەکانی دیکە دادەنوێنمو خۆم بە قەرزاری ئێوە دەزانم "!! سەیرە بۆچی خۆمان بە قەرزاری ئەوان بزانین؟ ئەی ئەوان لە ئێمە نین ؟!! ، ئەی کەسو کاری ئێمەش لەریزەکانی ئەواندا نەبوون خەباتیان دەکردو شەهید دەبوونو سەروەرییەکانیان تۆمار دەکرد!!؟، بۆچی ئێستا ئەوانو ئێمە یەك نین؟!!، گەر ئەوان هەر ئەو جوملەو دەستەیەی سەردەمی شاخن .. مومکینە سەریشمان بکەینە فەرشی رێگەیان .. نەك وەکو نەوازشێك بۆیان دانەوێنین، بەلاّم گەر بە شەقامو ناوبازاڕو ناو ئۆرگانەکانی خوارەوەی حیزبەکاندا بگەڕێین .. زۆرێك لەو شۆڕگێڕو قارەمانانەی سەردەمی شاخ دەبینینەوە، پڕ .. پڕن لە گلەو گازندە لە حیزبەکانیانو پشتگوێ خراون، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو تووشی گرفتی نەبوونی ماڵو خانوو و کەمی مووچەو جۆرەها دەردەکانی دیکە بوونەتەوە .. کە دوچاری زۆرینەی خەڵکی ولاّت بووە، لەبری ئەوانیش لەڕێی کەسایەتیو خزم خزمێنەوە، زۆرێك خەڵکی نا شایستەیان بەرز کردووەتەوە کە هەرگیز قبوڵی ناکەن پێیان بڵێی:"زەحمەت نەبێ وەرە خوارەوە"، مەگەر بڵێیی:"فەرموو قوربان بۆ خوارەوە سەرکەوە".

ئەوان گەر پێیان نەکراوەو ناکرێ رێزی تەواو و شوێنی شیاو بۆ ئەو پێشمەرگە دێرینانە دابنێن، کە بۆ چرکەیەکیش خیانەتیان نەکردوە، با چیدی باسی بۆنەکانی دامەزراندنو شۆڕشەکانیش نەکەنەوە لە کەناڵەکانیانەوە .. چونکە پیشمەرگەیەك دەناسم کە(٢٣) بیستو ساڵی تەمەنی لە شاخ بەسەر بردووە .. جگە لە چەندین جار برینداربوون بە سەختی، ئێستا تەنها خۆی لە کلیپی سرودەکاندا دەبینێتەوە .. یان لە کاتێکدا کەسێك دەهێننە سەر شاشەی(کوردسات) لەبارەی ئەو بۆنانەوە قسە دەکات، ئەویش وەکو یەکێك لەو پێشمەرگانە دەردەکەوێت لە کاسێتەکان کە بۆ راستکردنەوەی قسەکانیان بەکاری دەهێنن، جگە لەویش پێشمەرگەیەکی دیکە دەناسم، کە بەر لە پرۆسەی ئازادی لە بینای ئالیاتی پۆلیس لە سلێمانی لەگەڵ خێزانەکەیدا ژیانیان دەگوزەراند، بە هۆی پیسی کەشو هەوای شوێنی نیشتەجێبوونەوە، دوان لە منداڵەکانی تووشی گرفتی بینین ببوون، ئەو پیاوە رۆژێك کە چاوپێکەوتنێکم بینی لە تەلەفزیۆنەوە سەبارەت بە شۆڕشو سەردەمی شاخ، دەرکەوت لەناو دەستەیەك پێشمەرگەو لە کاتی پشووداندا، گۆرانی بۆ دەووتنو ئەوانیش هەڵدەپەڕین ئەو لەو دەمەی ژیانی خستبووە نێو تاشەبەردەکانی نیشتمانو لە نێو کۆڵەپشتەکەیدا پەیامێکی نەبووە، جگە لەوەی کە گەل لە مەحاڵی ژیان رزگار دەکاتو شەهیدبوونیشی بەوپەڕی پلەی شەرەفی کوردایەتی زانیوە، کەچی کاکی وەها دەکرێ بە بەرپرسی کە لە خەونیشدا فیشەکی نەتەقاندووەو رۆژێك لە رۆژان کوردایەتی نەکردووە.

من بۆیە دەڵێم یادی دامەزراندنی حیزبو شۆڕش مەکەنەوەو بڵێن: ئێمە بووین لەو کاتانەی کە مەرگمان لەبەرچاو گرتبوو، ئاسودەیی گەلو ولاّتمان لا مەبەست بوو"، چونکە ئێستا لە نێو ریزەکانی حیزبدا خەڵکانێك هەن، نەك ئەوە نەبوونە کە ئێوە شانازی پێوە دەکەن، بەڵکو جاشو بەعسیو سیخوڕیش بوونەو بە خوێنی کەللەسەری کوردو پێشمەرگە تینوو بوونە.

بۆ ئەوەی دڵی پێشمەرگەکانی سەردەمی کوردایەتی هەندێك ئاسودە بێت، بۆ ئەوەی هاولاَتیانی کوردستانیش دڵیان لێتان ئاشت ببێتەوە، تکایە ئەو پارەیەی کە بۆ بۆنە تایبەتیەکانی حیزب خەرجی دەکەن، بیکەنە پرۆژە بۆ کەس‌و کاری شەهیدان‌و ئەنفالکراوەکان‌و بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی، بیکەنە پرۆژە بۆ ئەو پێشمەرگەو کەمئەندامانەی کە توانایان نەماوە وەکو پێویست کاری پێشمەرگایەتی‌و سەربازی بکەن، دەزانن چەند جوانە گەر لە ئێستادا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە پاداشتی پێشمەرگە دێرینەکان بدەنەوەو قەرەبووی کەس‌و کاری شەهیدان‌و ئەنفالکراوەکان‌و بەرکەوتووانی چەکی کیمیای بکەنەوە، بەبێ تەزکیەی حیزبی، بە گیانێکی کوردانەوە .. وەکو یەك بڕواننە هاولاَتیانی خەڵکی کوردستان.

بەسیەتی ئەم هەموو یادکردنەوە بێ بەرنامەو بێسەرو بەرانە، کە تەنها پارەی زۆر خەیاڵی تیادا بەفیڕۆ دەڕوات‌و شتێك ناکات بەو شێوەیەی کە ئێوە بۆی دەچن، چونکە کورد هەموو فێربوون‌و دەزانن کە حیزبەکان کەی دامەزراون‌و چییان کردووەو چی دەکەن .. بەلاَم بەرنامەی تازەو بیرکردنەوە بە عەقلێەتی سەردەم، لەوانەیە کاری باش بکات لە ڕەوتی کارەکانی حیزبداو لەوێوە خزمەت بە خۆیان‌و بە خەڵکیش بکەن.

ئێوە کە دەڵێن: دەنگی ئێمە دەنگی میللەتە .. دە میللەتیش ئاسودە بکەن، هەق وایە بگەڕێنەوە بۆ ناو خەڵك‌و خاکی بن، تا بتوانن لەگەڵ ئەو هاولاَتیانەی ئێوە حوکمڕانیان دەکەن .. ببن بە یەك .. ببن بە خاوەنی یەك بڕوا لە پێناو خزمەتی کوردستان‌و ئایندەی چارەنووسی سیاسی‌و ئابوری‌و زانستی کورد.

**لە ژمارە ٧٠ی ڕۆژی یەك شەممە ٢٠٠٥/٦/٥ی هەفتەنامەی کەرکوکی ئەمڕۆدا بلاَو بووەتەوە**

# پەرلەمانی کوردستان و .. سیناریۆو سینەما

لیستی یەکگرتووی پارتیو یەکێتی بۆ پەرلەمانی کوردستان، هەر لە سەرەتای ڕێکەوتنیانەوە بۆ چوونە هەڵبژاردنەوە بە یەك لیستی، ڕەخنەو قسەی زۆری لەسەر وترا، بەڵام وادیارە چ پارتیو چ یەکێتی، ئەو ئەزموونەی کە هەیانە لەگەڵ یەکدا هێشتا وانەی ئەمڕۆی فێر نەکردوون، ئەگەرنا نەدەبوو بە وەها لیستێك ڕازی بن کە ئەوەندەی نەمابوو بۆ جاری دووەم ڕووی کورد زەرد بکەن لەلای وڵاتانی دونیا، لەسەر بچڕینی مشتێ زیاتر لە هەیمەنەی دەسەڵات خەریك بوو هەلایەکی دیکە بنێنەوە.

ئەمە لەلایەكو ئەو چاوەڕوانیەی کە خەڵکی کوردستانی تووشی دڵەڕاوکێی هاتنەوەی ئاشووب کردبوو لەلایەك، بەڵام سەیرترین شتێك کە دواجار ناچار بوون پەرلەمان دانیشێننو ئەو ڕۆڵانەی دیاری کرابوو بۆ کارەکتەرەکانی سینەمای پەرلەمانی کوردستانی لە پڕۆڤەوە بهێننە سەر تەختەی شانۆ، دواجار ڕۆژی شەممە ٤ی حوزەیران، وەکو ئەوەی کەس لە باسو خواسیان ئاگادار نەبێت، بەبێ دوودڵی(کەمال کەرکوکی) دێتە گۆو دەڵێت:"من پێم باشە کاك عەدنان موفتی بە سەرۆکی پەرلەمان دابنرێت"و لەبەرامبەریشدا(عەدنان موفتی) دەڵێت:"منیش پێم باشە کاك کەمال کەرکوکی جێگری سەرۆکی پەرلەمان بێت"، باشە لانی کەم ئەگەر ئەو بەڕێزانەی کە نوێنەرایەتی گەلی کورد دەکەن لە پەرلەمانی کوردستان، بەتایبەت ئەو دوو بەڕێزەش ئاگاداری قسەو باسی نێو ڕۆژنامەکان بن، ڕازی دەبن ئەو ڕۆڵە لاوازەیان بدەنێ لەبەرامبەر کامێراکانی میدیادا، کە سیناریۆی ئەم سینەمایە ڕۆژی چوار شەممە ڕۆژنامەی هاوڵاتی لەلاپەڕە یەکدا بڵاوی کردووەتەوە !!؟، بێ گومان نەخێر، بەڵام ئەوان نەك ئاگایان لە دەنگی خەڵکی نیە کە ڕەخنەیان لێدەگرێت، بەڵکو بەلایانەوە گرنگ نیە کێ قسە دەکاتو چی دەوترێت، چونکە دەزانن قسەو ڕەخنەی خەڵکیو ڕۆشنبیرانیش شتێك لەمەسەلەکە ناگۆڕێت، کاتێك دەسەڵات لۆکە بئاخنێتە گوێیەکانیەوە.

خەڵکی وایاندەزانی سەدامو بەعسە ناهێڵن کوردەکان لەگەڵ یەکدا ڕێبکەون، وایاندەزانی بە نەمانی ئەوان کورد هەنگاوی باشتر دەنێت بۆ بەدیهێنانی خەونی چەند ساڵەی نەتەوەی کورد، بەڵام ئێستا وا



دەردەکەوێ حەزی قایم کردنی پایەکانی کورسی دەسەڵاتو بەرنەدانی، شتێکی نەهێشتووەتەوە لای پارتیو یەکێتی کە ناوی بەرژەوەندی گەلی کورد بێت.

ئەوان لەپێناو بەدیهێنانی خەونەکانی حیزبو مەکتەبی سیاسی هەردوو لا ئامادەبن ببنە کارەکتەری سینەماییو ڕۆڵی ڕاستەوخۆ لە شاشەکانی تەلەفزیۆنەوە ببینن، دەی ئێمە چ دڵێك بە نوێنەرەکانی دیکەی پەرلەمان خۆش بکەین، چاوەڕوانی کام شەڕەیان بکەین لەسەر ئێمە لەنێو پەرلەمانی کوردستان، ئایە دەتوانن وەکو(بەهادین ئەدەب) کە لەناو مەجلیسی شورای ئیسلامی ئێراندا هەڵدەسایە سەر پێو دەیوت:"من نوێنەری ئەو خەڵکەم کە هەڵیانبژاردووم، لە داواکانی ئەوان بێدەنگ نابم"، ئایە مەکتەبی سیاسیەکانیان ڕێیان دەدات شەڕی داواکارییەکانی شەقامی کوردستان ببەنە نێو پەرلەمانەوە؟!! ئایە دەنگ هەڵدەبڕن لە پەرلەمان بۆ ئەوەی ژیانی کەسو کاری ئەنفالکراوەکانو بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی باشتر بکرێتو زیاتر خزمەت بکرێن؟!!، یان نقەیان لێوە نایاتو تەلەبەیەکی گوێ ڕایەڵ دەبن ..!!.

من بەدگومانم لەوەی کە سەرۆکی پەرلەمانو جێگرەکەی ڕازی بووبن بەوەی کە نمایشی ئەو ڕێکەوتنە بکەن کە پارتیو یەکێتی لە دوای چوار مانگ دەگەنە نیمچە قەناعەت لەسەری، سبەینێ کێشمەکێشی وردەکاری پڕۆژەکانی پەرلەمان چی لێدەکەوێتەوە ..!! بە دڵنیاییەوە هەر کەسێ لەوان دەبێت ڕوئیاو خەیاڵی حیزب بباتەوە بۆ نێو هۆڵی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانو لەوێ کار بۆ وەدیهاتنی خەونی حیزب بکات، چونکە تا ئێستا هەموو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەگشتی، کەسێکیان نیە چاوەڕوانی ئەوەی لێبکرێ کە لە داهاتوودا دەنگ هەڵبڕن لە ئاستی نادادییەك گەر ڕوویدا لە پەرلەمانی کوردستاندا، وەکو ئەوەی بینیمان لە ماوەی ڕابردودا هەموو بێدەنگەیان لێکردبوو، مێشێك میوانیان نەبوو، کە پەرلەمان لە پاش ئاشکرابوونی ئەنجامەکانیەوە چوار مانگ خەوی لێکەوت.

قوڕ بەسەر .. ئەوەی کە خەیاڵی وایە پەرلەمانی دووەمی کوردستان، کار بۆ بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردی دەکات، ڕەنج بەبا .. ئەوەی کە وادەزانی پەرلەمان لەوە باشتر نابێت کە کورد هەیەتی، زۆرجار قسە لەسەر ئەوە دەکرا ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی ببرێت بۆ بەغدا، تا لەوێ تاقیکردنەوەی لەسەر بکرێت، کەچی پەرلەمانی بەغدا

له نمایشەکەدا زووتر هاتنە سەر شاشەو سیناریۆکەیان لە مێژە تەواو کردوە، هەر بۆیە هەقیان بەدەستە پێمان بڵێن:"ئەو کورسیانەی لەسەری دانیشتوون بەرهەمی خوێن شەهیدانو رەنجی شۆرشگێڕەکانتانو خەباتی چەند ساڵەی گەلەکەتانە .. ئاگاداری بن"، چونکە لەرابردودا بیرمان لە شتی وا نەکردبووەوەو وامانده‌زانی بەرهەمی رەنجی خۆمانو یەك دوو رۆژی خەباتە.

گەر پەرلەمانی کوردستان بەم فۆرمەیەوە تەعمیم بێت بۆ خولەکانی دیکەی هەڵبژاردنی ئەوە لە کۆمپانیای بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی دەچێت.

خوا بکەم مەسەلەکە تەنها حەساسیەتی هەردوو لا بێت بەرامبەر یەكو وەکو بانگەشەی بۆ دەکەن بێمتمانەییان بێت بە یەك، رۆژێك بێت ئەوە بگات بە کۆتایی، ئەگەرنا داهاتوویەکی باش چاوەڕوانمان ناکات لە هەرێمی کوردستانداو بەردەوام پەرلەمانی کوردستانو سینەماو سیناریۆکانی وەکو ئەم خولەی ئێستای دووبارە دەبنەوە.

**لە ژمارە ٢٢٧ی رۆژی چوار شەممە ٢٠٠٥/٦/٨ی هەفتەنامەی هاوڵاتی‌دا بڵاو بووەتەوە**

## دەنگ بدەن بە لیستی ژمارە(سفر)

لیستەکانی پەرلەمانی عێراقیو کوردستان زۆرن، تیایاندا هەیە تیرۆریستەو هەیە خوێنەوارییەکەی زۆر کەمەو هەیە خاوەن تەکیەو خانەقایەو نازانێت دەوڵەتو حوکمڕانی چیە، هەیە هیچ شتێك لە یاسای بەڕێوەبردنی وڵات نازانێ.

کاتێ بانگەشەی هەڵبژاردنم گوێ لێبوو، کەوتەوە بیرم کە منیش دەمەوێ خۆم کاندید بکەم بۆ پەرلەمان .. بەڵام کاتێ چاوم بە لیستەکاندا گێڕا، بینیم هیچ ژمارەیەك بۆ من نەماوە، ناچار لیستی ژمارە(سفر)م بۆ خۆم داگیر کرد.

لێرەوە دەڵێم دەنگم پێبدەم .. بڕوا بکەن ئەگەر دەربچم هەموو شتێکتان بۆ دەکەم، من لەبەر ئەوەی حیزبم نەبوو کەس نەهات داوای یەك لیستیم لێبکاتو نەچوومە هاوپەیمانیی کەسەوە، ئێستا هەموو لیستەکەی من تەنها خۆممو یەك دەنگیش بە دەست دەهێنم، بەڵام دڵنیا نیم ئایە خۆم دەنگ دەدەم بە خۆم یان .. نا، چونکە بیر کردنەوەی دەوێ دەنگ بە کێ بدرێ باشەو کێ کاری پێویستمان بۆ دەکات.

باوەڕم بە ئازادی رۆژنامەگەری هەیە .. بە ئازادی تاکەکان هەیە بەر لە چەسپاندنی سیستمی دیموکراسی، باوەڕم بە کارکردن هەیە بۆ دانانی پایەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، باوەڕم بە ئازادی ژن هەیە، باوەڕم بە باشترکردنی ژیانی لاوان هەیە.. ئەم هەموو باوەڕەشم کاری جدیان بۆ دەکەم لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی خۆمدا.

دەنگدان بە لیستی ژمارە(سفر) دەنگدانە بە باوەڕی نەبوونی ئازادی رەهای تاکەکانو .. دەنگدانە بە ناڕەزایی لە سیاسەتی هەموو حیزبەکان .. دەنگدانە بە "دەست بگرە بە کڵاوی خۆتەوە با نەیبات" .. دەنگدانە بە راستیو واقیعی کوردستانو عێراق، دەنگدانە بە ناشیرین بوون لەبەر چاوی حیزبەکان .. دەنگدانە بە دەنگی سەربەخۆیی کوردستانو دروستبوونی دەوڵەتی کوردی.

پەرلەمانی عێراقو کوردستان .. پەرلەمانی خێڵو حیزبو پیروپەککەوتەیە، پەرلەمانی کادرەکانی حیزبو پیشمەرگەکانو کۆنە بەعسیەکانە، پەرلەمانی پیاوانی ئاینیو مەزهەبو تەکیەو خانەقایە، پەرلەمانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە ناجۆرەکانی عێراقی عەرەبیو کوردستانە، بەڵام بیرتان نەچێت .. بۆ مێژوو باسی بکەن پەرلەمانی لاوەکان نیە ..! ! پەرلەمانی داینەمۆی هێزەکانی عێراق نیە، پەرلەمانی ئەو



کەسانە نیە کە بازرگانی بە هێزو تواناو ژمارەیانەوە دەکرێت، پەرلەمانی من نیە .. من وەکو لاو.

دەدەی دەنگ بدەن بەو پەرلەمانەی لە یەکێك سەیرو سەمەرەکانی جیهان دەچێت .. لە هەزارەی سێهەمدا هاتوون کار بۆ خەفەکردنی دەنگی لاوان دەکەنو بڕیارو یاسایەك دەردەکەن لاوان مەحروم بن لە خۆ پاڵاوتن بۆ پەرلەمانو شارەوانیەکانو مەرجی تەمەن دەکەنە لەمپەر لەبەردەمیان، ئەگەرنا لەو کوردستانەی خۆشی لە خۆی نەبینیوە، لاوی هێندە بە تواناو خاوەن ئیرادەی تیادایە کە دەکرێت لەبری هەموو(عەلاوی و یاوەر)ەکان بنو زۆر لەو وەزیرو مودیر عامانەی بەغدا باشترنو ترسی ونبوونی پارەی(ئاوارە)شیان لێناکرێت، باوەڕیشیان بە فرەژنی نیە وەکو سەرۆكو زۆرێك لە بەرپرسەکانی کوردستانو عێراق.

حەزم دەکرد ئێستا منیش وەکو هەموو ئەو کادرە حیزبیانە سەرقاڵی کۆکردنەوەی دەنگ بم بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان، بەڵام پەرلەمانی عێراق نا .. پەرلەمانی کوردستان، مەبەستم ئەوە نیە حەزم دەکرد حیزبی بوومایە، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە لاو بۆی هەبوایە خۆی بپاڵێوی بۆ پۆستی پەرلەمانو منیش دەنگی بۆ کۆبکەمەوە.

ئێستا لەبەر ئەوەی لیستی من لەنێو لیستەکانی پەرلەماندا نیە، بڕیارم داوە رۆژی هەڵبژاردن چاوم بنوقێنمو خەتێك بدەم لە فۆڕمی دەنگدانەکە بۆ هەر کێ دەرچوو پیرۆزی بێت، نازانم باش دەکەم یان نا، بەڵام دەمەوێ بە شتێك بیسەلمێنم کە ئەم هەڵبژاردنو پەرلەمانەم قبوڵ نیە .. لە راستیشدا ناکرێت وا بکەم، چونکە ئەگەر دەنگ نەدەم هەر باشترە، بەڵام دوایی نان بڕوایشمان دەکەن، وەکو وەرگرتنی مووچەی مانگی یەکی ٢٠٠٥ داوای فۆڕمی دەنگدانیان دەکردو بەر لەوەش بە چەند مانگێك لە کەرکوك دەگەڕانو دەیان ووت ئەگەر نەچن بۆ دەنگدان خۆراکەکەتان دەبڕین .. ئەمەش یەکێکی دیکەیە لە عاجباتی هەڵبژاردنەکانی عێراقو کوردستان لە هەزارەی سێهەمدا.

دەنگ بدەن بە لیستی ژمارە(سفر) .. دەنگم پێبدەن .. بڕوابکەن هەموو شتێکتان بۆ دەکەم بە خەیاڵ.

من رەخنەم هەیە لە سیاسەتی حیزبە کوردستانیەکان لەمەڕ هاوپەیمانی بوون لەگەڵ ئەمریکاو چوونە بەغداو تەنانەت بەشداری کردنیان لە پەرلەمانی عێراقی .. بەڵام ئەوان بزانن یان .. نا، دۆڕانی ئەوان دەکاتە دۆڕانی نەتەوەکەی من .. دۆڕانی کورد .. دۆڕانی خەباتو شۆڕش، هەر بۆیە لەبەر خاتری ئەو شەهیدانەی لە پێناو رزگاری کوردو کوردستان خۆیان بەخت کردو بۆ یەك چرکەش بیریان لە پلەو کورسیو سەروەتو سامان نەکردەوە، دەنگ دەدەم .. پێم خۆش نیە هیچ حیزبێك وابزانێت

لەبەر خاتری چاوی ئەوانە .. نەخێر ئەو بڕوایەم لا دروست بووە کـە دەبێـت .. نەك هـەر دەنـگ بدەم بـەڵکو دەنگیـش کۆبکـەوە، زۆرم پێخـۆش دەبـوو ئەگەر کورد بەشداری پەرلەمانی عـێراقی نەبووایە، بـەڵام کـە هـەر دەیکـەن دەبێت بیر لە چارەنووسی گەلەکەمان بکەینەوە.

دەنگم پێبـدەن .. دەنـگ بـدەن بـە لیسـتی ژمـارە(سـفر)، لیسـتی لاوە سەربەخۆخوازەکانی کوردستانو لیستی دڵسـۆزانی کـوردو کێشـە ڕەواکـەی کورد، ئەمڕۆ بۆ پەرلەمانی عێراق گرەو لەسەر هەستی نەتەوەیی ئێمە کراوە .. نـەك ئـەو هێمایانـەی کـە بـۆ سیاسـەتکارانی کـورد دەرکـەوتووە، گــرەو لەسـەر داتـای تـەواو نـەکراوە کـە دەنگـی کـوردو ژمـارەی کـورد چـەندە، سیاسـەتوانەکانمان هەرەمـــەکی خۆیـــانو لیســـتەکانیان بـــەرەو بـــەغدا کەوتنەڕێو ئێستایشی پێوە نازانن ڕێـژەی کوردی دەنگدەر چەند دەبێت لەو هەڵبژاردنەدا، ئەوان نازانن لـەو کۆنـە بەعسیانەی ئێسـتا بـەر لێبوردنـی گشتی کەوتوون .. کەسانێك هەن دەنـگ نـادەن بـە کـورد .. ئایـە یـەکێتیو پارتی، ئاگایان لەو پێشـمەرگە دێرینـەی گـەڕەکی ئـازادی ـ شـاری کـەرکوك هەیە، کە بە هەموو هەوڵێك تا فرنێکی سەمونی داناوە، ڕۆژی هـەڵبژاردن بـە خۆڕایی سەمون دەدات بە خەڵك بۆ ئەوەی خەڵك لـە هەسـتو بیرکردنـەوەی ئەوەوە بڕواننە پرۆسەکەو بـە گـوڕتـر بـە پیرییـەوە بچـن ..!! دڵنیـام .. نـا ئاگایان لە خەڵك نیە، کـە لەبـەر خـاتری ئـایندەی کـوردو شـاری کـەرکوك چ زەحمـەتێك دەکێشـن، هـەر چـەند کـادرێکی حیزبـەکانی خۆیـان دەبینـنو دەستخۆشیان لێدەکەنو وادەزانن: بە هەوڵو کاری ئەوان دەنگـی زیـاتر کـۆ دەکەنەوە.

لیستەکانی دیکەی پەرلەمان هەر کەس پڕوپاگـەندەیان بـۆ بکـات .. پـارە وەردەگریو هـەندێ جاریش کـارتی باڵانسـی مۆبـایلی(ئاسـیا سـێل)یـان دەدەنێ، بەڵام لیستی من .. لیستی ژمارە(سفر) .. هـەر کـەس ریکلامـم بـۆ بکاتو دەنگم پێبـدات مـن پـارەی لێوەردەگرم بـە قـەرز تـا سـەری مـانگو سەری مەعاش.

**لەهەفتەنامەی(کەرکوکی ئەمڕۆ)دا بڵاو بووەتەوە**

## دیموکراسیەت وەکو خۆی

دیموکراسی ئەو سیستمەیە کە تیایدا گەل بە ئازادی ئەو کەسانە هەڵدەبژێرن کە دەیانەوێ فەرمانڕەواییان بکەن، بە واتا لە دیموکراسیەتدا گەل ناڕاستەوخۆ حوکمی خۆیان دەکەن.

دیموکراسی سەرەتا وەکو چەمکو وەکو زاراوە لە دەوڵەتەشاری یۆناندا بەکار هاتووە، بەڵام وەکو پراکتیك تەنها ئەو کەسانەی گرتووەتەوە کە سەربەست بوونە، بە واتا سەر بە چینی کۆیلەکان نەبوونە، لە سەرەتاکانی هاتنە ئارای سیستمی دیموکراسیدا بۆ حوکمڕانی تەنها خەڵکانی سەربەست بۆیان هەبووە بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن، کە ئەمەش لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون بووە، بە دیوێکی دیکەشدا کۆیلەکان مافی هاوڵاتیبوونیان نەبووە.

بۆ هاتنە ئارای دیموکراسیەت سێ کارەکتەری گرنگ هەن، کە دەبێت وڵات رەچاوی بکات، پاشان بیر لە کارکردنی جدی بکرێتەوە بۆ بە دیموکراسی کردنی سیستمەکانی دەسەڵاتو کۆمەڵگە، ئەویش(پەرەپێدانو سەقامگیریی سیاسیو بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگە)یە، لێرەدا پرسیار دێتە ئاراوە، ئایە تا چەند کار بۆ ئەو سێ کارەکتەرە کراوە؟.

هەڵبەتە پرسیار لە بارەی پەرەپێدانەوە، شەقامو بازاڕو کایەکانی پەروەردەو فێربوونو خوێندنی باڵا، وەڵامی پڕاوپڕی ئەو پرسیارەن.

سەقامگیری سیاسیش دۆخەکانی هەڵبژاردنو یەکدی قبوڵکردنو تەوافوقو پێکهاتن بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی، کە لە وڵاتی ئێمەدا بەدی ناکرێت، پێمان دەڵێت: شتێك نیە ناوی سەقامگیریی سیاسی بێت.

تا چەند کار بۆ بە مەدەنی کردنی کۆمەڵگە کراوە، ئەمەیان ئامارەکانی کوشتو بڕو کوشتنی لەسەر ناموس، دەتوانن ببنە وەڵامی ئەوەی کە ئەو هەوڵانەی دراون لەو پێناوەدا بە کوێ گەیشتوون، بە مەدەنی کردنی کۆمەڵگە ئەرکی گرنگو سەرەکی دەسەڵاتە، دەبێت دەسەڵات پشتیوانی سەندیکاو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکات، تا زۆرترین هەوڵ لەو پێناوەدا بدەن.

بەر لەوەی بڕیار لەلایەن سیاسیەکانەوە بەرەو خوار دابەزی کە جۆری سیستمی دەسەڵات .. سیستمی دیموکراسیەتە، دەبێت



کۆمەڵگە هۆشیاری تەواویان بدرێتی لە بارەی چەمكو پرەنسیپەکانی دیموکراسیەتەوە، چونکە گەلو میللەت چۆن بە سیستمێك رازی دەبن، کە نەزانن تیایدا مافو ئەرکەکانی هاوڵاتی چیە!!، گرنگەو پێویستە دەسەڵات بیر لە وەها پرۆژەیەك بکاتەوە، چونکە گەر بێتو ئێستا بە بازاڕو شەقامەکانی کوردستانو عێراقدا بگەڕێیت، راپرسیەك لەو بارەیەوە بکەیت، دەردەکەوێت کە رێژەیەکی زۆر کەم لە هاوڵاتیان لە سیستمی دیموکراسی تێدەگەن، کەواتە دەسەڵات شتێکیان پێشکەش دەکات ئەوان نازانن چیە، دەی کەوابوو مافی هاوڵاتیبوون لە کوێدایە، گەر پرۆژەی وەرگرتنی زانیاری نەبێت لەسەر ئەو سیستمەی دێتە ئاراوە بۆ حوکمڕانی وڵات ؟!!، گەر هۆشیاری کۆمەڵگەو پیادەکردنی بنەماکانی هاوڵاتیبوون .. بوونی نەبوو، دوو رەگەزی سەرەکی دیموکراسیەت بوونی نیە، کە زۆر گرنگو پێویستن بۆ ئەکتیڤکردنی سیستمی دیموکراسی.

دیموکراسیەت دەبێت لە منداڵدانیدا ئازادی هەڵگرتبێ بۆ سەرجەم هاوڵاتیانی وڵات بەبێ جیاوازی چینایەتی، گەر ئازادی نەبوو، شتێك نیە ناوی دیموکراسیەت بێت، چونکە پرەنسیپەکانی دیموکراسیەت وەکو باسی لێوە کراوە: پەیڕەوکردنی مافەکانی مرۆڤو پەیڕەوکردنی سیستمی دەستوریی بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتو فرەیی سیاسیو سیستمی نوێنەرایەتیو دەستاو دەستکردنی سیاسیو ئاشتیانەی دەسەڵاتە.

وەکو دەبینین خاڵی یەکەمی پرەنسیپەکانی دیموکراسیەت پەیڕەوکردنی مافەکانی مرۆڤە، گەر بە وردیش سەرجەم بەندەکانی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ بخوێنینەوە، دەبینین لە وڵاتی ئێمەدا هیچ کام لە مافەکانی مرۆڤ بەرجەستە نەکراوە، تەنها لە چوارچێوەی دروشمی حیزبو رێکخراو و سەندیکاکاندا ماوەتەوەو بانگەشەی بۆ دەکەن.

پەیڕەوکردنی سیستمی دەستورییش بۆ پیادەکردنی دەسەڵات، ئەوەیان ماوەی رابردووی دەسەڵاتی کاتی عێراقو دەسەڵاتەکانی کوردستان بەڵگەن لەسەر ئەوەی تا چەند توانراوە کار بە سیستمەکانی دەستور بکرێت، یاخود تا چەند گەندەڵیو فێڵکردن زاڵبووە بەسەر شێوازی حوکمڕانیدا، نموونەش وەلانانی مادەی(٥٨)ی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی وڵاتە لە دەستوری کاتی عێراقدا.

فرەیـی سیاسـی خـاڵی لاوازی هاتنـە ئـارای دیموکراسـیەتە لـە کوردستان‌و عێراقدا، چونکە کەس بەوی دی رازی نیەو(گەل)یش لە هەموان، کەس قبوڵی نیە ئەوی دی خۆشەویست‌و ئازیزی هاوڵاتیان بن زیاتر لە خۆی، لەو پێناوەشدا زۆرترین نائاکاری سیاسی ئەنجامدراوە، هەر لە کاری جاسوسی بەسەر یەکەوەو کاری تێکدەرانە لەگـەڵ یـەکدا تا دەگاتە بیرۆکەی یەك خواردن، نمونەی ئەم حاڵەتەش .. لەبەر یـەك هەڵوەشـانەوەی حیزبـە بچووکەکانـەو توانەوەیانـە لـەنێو حیزبـە زلهێزەکاندا.

سیستمی نوێنەرایەتی .. کە بەناوە خەڵکگەلێك کاندید کران‌و ناویان لێنرا نوێنەری خەڵك‌و دەنگیان پێدراو بوون بە ئەندامی پارلەمان، ئـەم نوێنەرانە خاوەنی تەنها یەك گوتاریش نین لـە کاتێکدا ئـەو کەسانەی دەنگیان پێدان پێویستیان بە گوتارێکی نوێنەرەکەیانە، ئەو نوێنەرانە خاوەنی هیچ دەسـەڵات‌و توانایـەك نـین گـەر بێت‌و حـیزب‌و مەکتـەبی سیاسی رێنماییان نەکات‌و رێیان نەدات.

دەستاو دەستکردنی سیاسی‌و ئاشـتیانەی دەسـەڵات، ئـەم خاڵـەیان زۆر ئەسـتەمە ببێتـە ئـەمری واقیع، چونکـە هیـچ کـام لـە خـاوەن دەسەڵاتەکان ئامادە نین لە تۆزقاڵێك نفوزی جوگرافی‌و سیاسی خۆیان ببـورن بـۆ ئـەوی دی، نمونـەی ئـەم حاڵەتـەش ململانێ سـەختەکانی ناوخۆی کوردستانە کە شەڕی ماڵوێرانی لێکەوتەوە.

گەر لەم سۆنگەیەوە بڕوانینە ماهیەتـەکانی سیسـتمی دیموکراسـیەت لە کوردستاندا، دەبینین مەفهومی دیموکراسیەت زۆر لاوازەو کاڵ بووە تا ئێستا، گەر پێداگریش بکەین لەوەی کە بڕیارێکی حەتمیـەو دەبێت دیموکراسیەت سەقامگیر بێت، مومکـین نیـە بەرجەسـتە بوونـی بـەبێ ماندوو بوونی هەمەلایەنـەو لێبوردنـی هەمەلایەنـەی ئـەو هـێزو لایـەن‌و توێژانەی کە مەبەستیانە دیموکراسیەت ببێتە ئەمری واقیعی وڵات‌و لـە سایەیدا هاوڵاتیان ئاسودە بژین، نـاکرێ بـیر لـە هیـچ بکەینـەوە بـەبێ دەستەبەرکردنی ئـازادی بـۆ سـەرجەم توێژەکـانی کۆمەڵگـە بـەپێی بـەندەکانی جـاڕی گـەردوونی مـافی مـرۆڤ .. نـاکرێ دڵمـان بـەو دیموکراسیە نەوعییە خۆش بێت کە تا ئێستا بەرهەمی نیـە، پێویسـتە دەنـگ هـەڵبڕین بـەرووی دەسـەڵات‌و لایەنـە سیاسیەکاندا بـۆ ئـەوەی ریفۆرمـی بنـەڕەتی بکرێـت لـە کـارکردن بـۆ بەرجەسـتەکردنی دیموکراسـیەت، ئەگـەرنا هـەنگاوەکانی دیموکراتـیزەکردنی کۆمەڵگـەو



وڵات هێندە خاو بەڕێوە دەچن، کە ئومێدی بە پراکتیکردنی لێناکرێت، تەنها وەکو وێنەو دروشمی سەر دێوارەکان دەمێنێتەوە.

**لە ژمارە(٢٠)ی گۆڤاری(بانەڕۆژدا) بڵاو بووەتەوە**

# گەمە لەگەڵ دڕندە

هەر گیانلەبەرێك زیانی بۆ مرۆڤ هەبێت، مرۆڤ بە دڕندەی ناو دەبات.

بەلاّم نازانم بۆچی مرۆڤی کورد نازانی ناو لە نەوە جاهیلەکانی ئەعراب بنێت، کە بۆ هەموو مرۆڤایەتی زیانیان هەیەو مێژووش شاهیدی ئەو راستیەیە، ئەوان ئەوەندەی کار بۆ مەزن کردنی نەتەوەکەیانو خاکە بێفەڕەکەیان دەکەن .. ئەوەندە کار بۆ گەیشتن بە مەعریفە ناکەن، هەڵبەتە مەبەستم مرۆڤ بوونو مرۆڤدۆست بوونو تێگەشتنیانە لە ژیان، عەرەب مێژوویەکی هەیە تەنها باسی خوێنڕشتنو شکستو سەرکەوتنی ناعەقلاّنیە، باسی پیرۆز کردنی نەتەوەکەیانو وەك خوداوەند دانانی نەوەکانی رابردویانە، بە هەموو خراپەکانیانەوە، بۆ نموونە: حاتەمی تەیو ئیمامەکانیانو حیکایەتە دوور لەراستیەکانیان، باسی ئەوە دەکات کە عەرەب خەیرو لئوممەیە، دەی من نازانم کە ئەگەر ئەوان خەیرولئوممەن، دەبێ شەڕولئوممە کێ بێت..!؟

خەیرولئوممەیەك کە خۆشیان نەزانن وێڵی دوای چینو تەنها بە دیمەنی خوێن ڕشتن شاگەشکە بن .. ئیدی کام خێریان لێ چاوەڕوان دەکرێت ..!! گێلێتیە .. گەلێك .. میللەتێك .. چارەنووسی خۆی بە عەرەبی نەزانەوە گرێ بداتو واشبزانێت کە ئایندەیەکی باشی دەبێت.

من سەیرم بەوەدا نایەت عەرەب بۆچی خەریکی سەربڕینو کوشتنو بە کەم زانینی منی کوردن، سەیرم لەوە دێت کە بۆچی منی کورد ئەوی بەربەریو هەمەجیم قبوڵ بێت، منێك تەنها دەیەیەك بێت لەژێر زەبری شەقی ئەو رزگارم بووبێت ..! بۆ بە خواستی خۆم بچمەوە ژێر دەستی ئەوان.

هەڵبەتە ئەم پرسیارە گرنگە، بەلاّم کەسێك نیە بەڕاست وەلاّم بداتەوە، گوناهی خەڵکی سادەی شەقامی کوردی نیە، کەس عاشقی چاوە رەشەکانی عەرەب نیە، بەڵکو گەمە ئیفلیجەکانی سیاسەتکارانی ئێمەیە وامان لێدەکات باوەڕ بهێنین بە قەدری پێکەوەژیان لەگەڵ عەرەبدا، لەگەڵ ئەو خەڵکگەلەی کە دەستیان سوورە بە خوێنی منی کوردو سەریان پڕە لە حەزی نەهێشتنی منی کورد، وتاری نەرمو



نیانی سیاسەتی کوردییە وا دەکات، من فریو بخۆم بەوەی کە دەکرێت لەگەڵ عەرەبدا هەڵبکەم.

منێك کە رۆژ نیەو مانگ نیەو ساڵ نیە .. بە دەستە زبرەکانی عەرەب .. هاوڕێو کەسو هاوزمانەکانم نەکوژرێنو پارچە پارچە نەکرێن، بۆ دەبێت خۆشم بوێن، بۆ دەبێت بیانبەخشم، بۆ دەبێت سەر بۆ وتارە ساردەکانی سیاسەتکارانی کورد بلەقێنمو ئامین بکەم بۆ کروزانەوەکانیان.

بەر لە دەستپێکردنی جەنگی ئەمریکا بۆ روخانی سەدام، لە وەلاّم بە پرسیاری رۆژنامەوانێکی فەڕەنسی، گوێم لە رۆشنبیرێکی کورد بوو، ووتی: "ئێمە بۆیە شەڕمان پێ باشە بۆ روخانی سەدام، بە مانەوەی سەدام شەڕێکی بەردەوام هەیە، دژی منی کورد"، بە واتا شەڕ بۆ نەمانی شەڕ، بەلاّم ئێستاش .. لەم دەمەدا، پێویستمان بە شەڕە بۆ نەمانی شەڕی ئەعرابەکان، ئەمەش رای پێشترمەو پێم وایە دەبێت هەر شەڕێك بکەین، ئەگەرنا ئەو عەگاڵ بەسەرانە لێمان ناگەڕێن، لێمان ناگەڕێن فێریان بکەین.

ئەوان زیانیان بۆ خۆیانو بۆ مرۆڤایەتی هەیە، دڕندانە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا دەکەن، هەر بۆیە دەبێت خۆمان لە دڕندە بپارێزین .. باشترین چارەسەریش یەکلایی کردنەوەی هێماکانی ناکۆکیە بە هەر نرخێك بێت.

**لە لاپەڕە(٢)ی ژمارە(٤٩)ی هەفتەنامەی(کەرکوکی ئەمرۆ)ی رۆژی ٢٦/١٢/٢٠٠٤ بلاّوبووەتەوە.**

## مام جەلال و سەرۆک جەمهوری عێراق

هەڵبەتە دەستکەوتەکانی گەلی کورد هەرچەندە گەورەو زۆربن، هێشتا لە ئاستی خەباتو تێکۆشانیدا نین، چونکە مافو خەونی ئێمەی کوردستانی زۆر لەوە گەورەترە کە پێمان رەوا دەبینرێ.

ئێمە خاوەنی زمانو خاکو کەلتورو دیرۆکی نەتەوەیی خۆمانینو لە ئەنجامی حەزی داگیرکاری سوڵتانەکانی تورکو خەلیفەو سەرکردەکانی عەرەب، خاکمان بە گوریس دابەش دەکرێت بەسەر چوار وڵاتی هەمەجی ناوچەکەداو وڵاتانی دیکەش پشکدار دەکەن لە خێرو سامانی وڵاتی کوردان .. تا ئێرە هەموو شتێك زانراوەو هاوکێشەکە بە ئاڵۆزی ماوەتەوەو تا ئێستا دراوی نوێ نەبووە تا بتوانین لە یەکێك لە هاوکێشەکاندا پاساوی بدەین، بۆ وەدەست هێنانی بەرەنجامی باشتر لەوەی کە هەیەو بە هەوڵو خەباتو قوربانی کورد هاتووەتە بوون.

با ئێمەی کوردیش نەبووبین کە سەدامو دارو دەستەکەیمان لەسەر عەرشی حوکمی وڵاتی عێراقیدا سەرەو خوار کردبێتەوە، با ئێمەش نەبین کە سەدامامان لە کونێکی تاریکدا هێنابێتە دەر، بەلاّم ئێمە بووین قوربانی دەستی سەدامو هەموو سەدامەکانی پێشتری عێراق بە درێژایی ٨٤ ساڵی رابردوو، هەر هەموو حکومەتەکانی عێراق لەو ماوە دوورو درێژەدا، بە هەمان سیاسەتو تێڕوانینەوە دەرهەق بە کورد مامەڵەیان کردوە، تا دەمی روخانی سەدامو بەعس.

بەلاّم شتێك کە ئێمەی خاو کردووەتەوە نەمانی سەدامو بەعسە، واشدەزانین پاش ئەوان ئیدی عێراق .. عێراقی هەموو نەتەوەکانی ناو چوارچێوەی جوگرافیا دروستکراوەکەیەتی، وا دەزانین دەکرێت ئێمەو سێ گۆشەی سوننەو شیعە توندڕەکانو تورکمانەکانی بەرەی تورکمانی، پێکڕا لەژێر پەرچەمی یەك دەسەلاّتدا پێکەوە بژین، تا ئێرە هەموو رووداو و پێشهاتەکان بڕیار لەسەر تەندروستی ئەو بیرکردنەوەیە دەدەن، بەلاّم لێرە بەدوا .. دەکرێت ئێمە گێلانە خۆمان بکەینە نێچیری نەوەی ئەو سیاسیە جاهیلانەی عێراقی عەرەبی !!؟.

وەکو هەمووومان دەبینین ئێواران لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە تیرۆریستەکانیان دەهێننە سەر شاشەکانو گوێ بۆ دان پێانانەکانیان دەگرین، دەردەکەوێت کە ئەوان هێشتا تینوی خوێنی کوردن بە گەورەو بچووکو ژنو پیاویانەوە، دەبینین هێشتا بیابانەکانیان تینووی



ئێمەن، هێشتا پێویستیان بە کۆکوشتنی ئێمەو بە خستنە نێو گۆڕی بەکۆمەڵی ئێمەیە ..!! دەکرێ ئێمە بیر لەوەها پێکەوەژیانێك بکەینەوە کە هەموو شتێکمان کەڕەتی نەمانو هیچ بکرێتەوە !!؟.

بە سەرۆك کۆمار هەڵبژاردنی مام جەلال، ئاماژەگەلێك هەڵدەگرێت بۆ کردنەوەی قفڵی عەقڵی عەرەبی لەسەرجەم وڵاتانی عەربیدا، دەتوانین هەر لە دەرەنجامەکانی دەنگدان بە لیستی ژمارە(یەك)ی سەرۆکایەتی کۆماری عێراقەوە هەندێك لە سەرە داوەکان دەستنیشان بکەین .. بینیمان چەندین کەس لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق دەنگەکانیان بە مام جەلالو دوو جێگرەکەی رەوا نەبینیو بە بەتاڵی خستبوویانە سەندوقەکەوە، ئەمەش .. بەڵێ مانای بوونی ئازادیو دیموکراسیەتە لە پرۆسێسی هەڵبژاردنەکەدا، بەلاّم لە هەمان کاتیشدا کە دیاری کردنی پۆستەکان بە تەوافوق لە نێوان هەر سێ لیستی(ئیئتیلافو هاوپەیمانی کوردستانو عێراقیون)دا بڕیاری لەسەر دەدرێتو دواجار پەڕەی بەتاڵ دەکرێتە نێو سەندوقەکەوە، ئاماژەنمایەکە بۆ دەمارگیریی ئەو ئەندامانەی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق کە دەنگ نادەن بەو تەوافوقەی کە لیستەکانیان رێکەوتوون لەسەری، هەڵبەتە ناشیرینترین ئەنجامیش لە هەڵبژاردندا، بەدەست هێنانی لە سەدا .. سەدی دەنگەکانە، بەلاّم منێك دەمو چاوی ئەو بخوێنمەوە .. منێك بزانم ئەو بە بوونی کورد بە سەرۆك کۆمار قەڵسو نارەحەتە، تاکەی بیر لەوە بکەمەوە کە دەکرێ لەگەڵیاندا هەڵبکەم، ئەوان سیاسەتکارو سیاسەتوانەکانیان بەو شێوەیە مامەڵە دەکەن، دەبێ درزو چەتەو تیرۆریستەکانیان چۆن بن !!؟.

زۆرم پێخۆش دەبوو ئەگەر پاش ئاشکرابوونی دەنگەکان کە مام جەلال بوو بە سەرۆکی کۆماری عێراق، چەند ووشەیەکی بە کوردی بوتبایە لە وتارەکەیدا بۆ گەلی کورد، کە لە سەنگەرەکانی شەڕی سیاسی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق بێ درێخی بوون، خۆشتر بوو لە ساتو ئانێکی وا گرنگدا بە کوردییش بێتە گۆو هەر نەبێت دەستخۆشییەکی لە گەلەکەی بکردایە کە دەنگی جەماوەری گەلی کوردستان سەنگی مەحەك بوو بۆ یەکلاکردنەوەی زۆرێك لە گومانو ئەگەرەکانی ئایندەی کورد لە پاش دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن.

ئەم دەستکەوتەش هێشتا هەموو شتێك نیەو زۆرمان لەبەردەم ماوە بۆ بەدەستهێنانەوەی مافی رەوای نەتەوەکەمان، دەکرێت لە ئێستاش

بەدواوە بیر لە جۆرێکی دیکەی خەبات بکەینەوە، تا ئایندەیەکی باشتر بۆ کورد بێتە بوون، لەو رێیەشەوە بتوانین خۆمانو رۆحی شەهیدەکانمان ئاسودە بکەین، ئەو شەهیدانەی بۆ ئازادیو سەربەستی ئێمەی کورد بوون بە قوربانی.

**لە ژمارە(١)ی هەفتەنامەی(دەنگ)دا رۆژی ٢٠٠٥/٤/٢٤ بلاو بووەتەوە**



## ئەم شارە بەرەی جەنگە

زۆربوونی رێژەی چەکداریو پێشمەرگە لەشاری چەمچەماڵ و ناحیەی شۆرشدا، بووەتە میکانیزمێك بۆ زیادبوونی رێژەی کوشتن و برین و دروستبوونی کێشە لەناو شاردا، ئەمەش گەیشتووەتە رادەیەك کۆنترۆڵ کردنی هەروا کارێکی ئاسان نەبێت، جێی خۆیەتی گەر بلێین حکومەتی هەرێم پێویستە پلانێکی چارەنووسسازی هەبێت بۆ ئەم شارە، ئەگەر حکومەت و دەسەلات، پشتیوانی نەکەن لەئیدارەو پۆلیس و ئاسایشی شار، ئەستەمە بتوانن بەر بەو هەموو چەکدارە سەرپێچیکارانە بگرن کە شەوانەو رۆژانە کێشە دروست دەکەن، ئەمەش جگە لەکەمی ژمارەی پۆلیس و زۆری رێژەی کێشەو ژمارەی سەرپێچیکاران، ئەم سەرپێچیکارانە پشتگیری دەکرێن، یان بەهۆی ئەوەی چەکداری لێپرسراوێکن، یاخود خزمی سەرۆك عەشیرەتێکن، یاخود .. هتد، جگە لەو لاوە پێشمەرگانە، لاوانی دیکەش کێشە دروست دەکەن، دەستکەوتنی چەك و تەقەمەنی زۆر کارێکی ئاسانەو تەنها برێك پارەی دەوێت وئیدی هیچ مەرجێك نیە بۆ ئەو کەسەی کە چەك دەکرێت، چونکە بازارێکی نیمچە ئازادی هەیەو مەبەست لەو بازرگانی کردنەش تەنها قازانجێکی مادییە، سەرەتا گەر لەو بازارە سەربازییەوە دەست نەکەن بەرێگرتن لەتەشەنەکردنی کێشەکان، ئیدی لیژنەی ئەمنیو لیژنەی قەزائی، تەنها پاش کارەساتەکان دەگەن و ئەوەی دەمێنێ کردنەوەی فایلێکی نوێیە لەبنکەی پۆلیس.

شەوی ١٩-٢٠٠٢/٩/٢٠ لەگەرەکی شۆرش هەر لەنزیك خۆرئاواوە ناوبەناو بۆ چەند جارێك تا گەیشتە کاتژمێر یانزەی شەو تەقەو شەرو پێکدادان روویدا. لەنێوان هاولاتیاندا، دواجاریان ماوەی زیاتر لە(١٥) خولەك تەقە بەردەوام بوو لەچەند لایەکەوە، بۆ بەیانی چومە بنکەی پۆلیس و ئاسایشی شۆرش بۆ پرسیار، وتیان: ئاگادار نین، چونکە کەس نەهاتووە سکالا بکات لێرە، تەنها بیستومانە .. ئەمە قەیناکە، بەلام هێزێك پێکهێنراوە لە تیپی پارێزگاریو پۆلیس و ئاسایش بەناوی لیژنەی ئەمنیەوەو ئەی کامەیە پاراستنی ئەمنیەتی شارو هاولاتییان؟

**لە لاپەرە(٢)ی ژمارە(٩١)ی رۆژنامەی(هاولاتی) .. رۆژی دوو شەممە ٢٠٠٢/٩/٢٣دا بلاو بووەتەوە**

## باشتر کە جەعفەری نەهات

جەعفەری سیاسیەکی راستگۆی درۆزنە ..!! مەبەستم ئەوەیە دەزانێ چۆن سیاسەت دەکات لەگەڵ کوردا.

بەر لە پێکهێنانی حکومەتی عێراق، جەعفەری چەندین جار هاتە کوردستانو لەگەڵ سەرکردەکانی کوردا کۆبووەوە، تا بەرەو بەغدای بردنو ئامانجەکانی خۆی بەدی هێنا، لەگەڵ ئەوەشدا درۆی وەك یەکی لەگەڵ کردن.

جەعفەری کە نایات بۆ مەراسیمی سوێندخورادنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مانای ئەوە نیە کۆنە قینی هەبێت لەگەڵ بارزانی.. مانای ئەوەش نیە کە ئارەزووی لە کەشو هەوای هەولێر نیە، بەڵکو رێك ئەوەمان پێدەڵێت: کورد نابێت ئیبراز بکرێت، پێمان دەڵێت: دەبێ بە هەر شێوەیەك بێت کورد بکرێتە قاوغی عێراقی بوونێکی ژێر دەستەیی، بەلام ئەم نەهاتنەی خێری پێوەیە گەر سیاسیەکانمان عاقلانەتر سوود لە لوتەلایی جەعفەری وەربگرن، نەهاتنی جەعفەری ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی نەك هەر گروپو لیستەکەی خۆی قبوڵیان نیە کورد بکرێت بە خاوەن کیانێکی نەوعی لە جوگرافیای خاکی خۆیداو هەندێکیشیان لێ حەرام کرابێت، بەڵکو سەد دەر سەد پێکانی ئامانجو خواستی ئەو سێ وڵاتەی دیکەشە کە خاکی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە .. بە تایبەت ئێران کە هێلانەی بیرۆکە سیاسیەکانی جەعفەریو هاوبڕواکانێتی لە عێراقی ئەمڕۆدا.

لێرەوە دەکرێت چ ئەمریکاو چ عەرەبی عێراقی بخەینە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوەی سیاسیو بڕیاریش لەو بارەیەوە بدرێت .. بۆ نموونە لە لایەك هێزی فرە رەگەز لە شاری کەرکوکدا وێنەی تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراقو بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەدڕێننو سوکایەتی بە ئاڵای کوردستان دەکەن، لەلایەکی دیکەشەوە جەعفەری سەرۆك وەزیرانی عێراق، نایات بۆ مەراسیمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان .. تێکڕا هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن: کە چیدی کاتی نەرمو نیانی نیەو کاتی هەڵوێست وەرگرتنە لە نیەتە خراپەکانی ئەو هێزو لایەنە سیاسیو چەکدارانەی کە کورد خۆی بە هاوپەیمانی ئەوان دەزانێتو ئەو نائاکارییەش قبوڵ نەکرێت لێیان.



بە چ پێوەرێك دەبێ ئێمە نازی ئەوان هەڵگرین ..!!؟، ئەی ئێمە نین زۆرترین تاوانمان دەرهەق کراوە لەلایەن ئەحبابو ئەقریباکانی جەعفەریو عەلاویو یاوەرو هەموو ئەو دارو دەستەیەی ئێستای بەغداوە ؟!!.

پێدەچێ جەعفەری بەم هەڵوێستەی بیەوێ هاوڕایی خۆی بۆ بەناو مقاوەمەی عێراقیەوە دەرببڕێ .. ئەگەرنا بیانووی چیە بۆ نەهاتن .. خۆ گەر هەلامەتیشی بوایە دەیتوانی پاکەتێك کلێنکس بهێنێت لەگەڵ خۆیدا.

باشتر کە جەعفەری نەهات .. بۆ ئەوەی لانی کەم کورد بزانێت بواری عێراقی بوونەوە زۆر تەسکەو مەگەر ببینەوە بە هاوڵاتی پلەی دوو، لەو عێراقەی کە تەنها کورد وادەزانێت ناوی عێراقی فیدراڵی دیموکراتیە، ئەگەرنا ئەوان .. بەردەوام ئێمەو خەباتمانو شەهیدەکانمانو سەروەرییەکانمانوداواکانمان کەڕەتی هیچ دەکەنەوە ..!!

**لە هەفتەنامەی(کەرکوکی ئەمڕۆ)دا بڵاو بووەتەوە**

## کێ بەر بەم تەقینەوانە دەگرێت ..؟

گۆڕانکاری بەردەوام .. هەموو پنتێکی دونیا دەگرێتەوە، بە پێی شوێن‌و کات گۆڕانکارییەکان جیاوازی هەیە لێرەو لەوێ.

لە عێراقی پاش سەدامدا، کە نەمانی سەدام‌و دەسەڵاتەکەی بۆ خۆی گۆڕانێکی گەورە بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گۆڕانکارییەکی زۆر .. ڕۆژانە دێتە ئاراوە، سەیرترین‌و ترسناکترینیان دیاردەی تیرۆرو تەقینەوەکانە لە گۆڕەپانی ئەمڕۆی عێراقیدا.

هەڵبەتە قسەکردن لەسەر دەست‌و لایەن‌و پشتیوانانی تیرۆریستان زۆر هەڵدەگرێت، چونکە بۆ هەموو جیهان روونە کە مرۆڤگەلێك هەن، نازانن لەگەڵ عەقڵی سەردەم‌و گۆڕانکاری سەردەمدا ڕێبکەن، دواجاریش دەبنە باشترین ڕۆبۆتی ئەکتیڤیستی کردەوە تیرۆریستیەکان لە هەموو شوێنەکانی جیهاندا، جگە لەوەش زۆرێك لە وڵاتانی بەرژەوەندخواز کە لەو ڕێیەوە سوودمەند دەبن، زۆرترین کۆمەکی مادی‌و مەعنەوی تیرۆر دەکەن لە جیهاندا.

بەڵام لێرە پێویستە لەسەر ئەو هێزەی دژایەتی تیرۆر دەکات‌و کار بۆ سەقامگیریی ئاسایشی وڵات دەکەن، هەڵوەستەیەك بکەین‌و لە خۆمان‌و لەوان بپرسین: ئاخۆ سەقفێکی زەمەنی هەیە بۆ ئەوەی تیرۆرو تەقینەوەکان ئیستێکیان پێبکرێت‌و لە لوتیان بدرێت !!؟ یاخود تا چەند بەرنامەکاری هۆشیاری خەڵکی کە لەڕێی میدیاوە کاری بۆ دەکەن، سەرکەوتووە لەوەدا کە گەرای تیرۆریستان کەم بکاتەوە لە عێراقدا؟!!، ئەمانەو چەندین پرسیاری دیکە، کە ناکرێت لێی بێدەنگ بین، چونکە گەر بڕیارە لەگەڵ عێراقداو لە یەك جوگرافیای وڵاتێکدا جارێکی دیکە بژین، دەبێت ئاوڕێك لەو لافاوی خوێنە بدەینەوە، کە زۆربەی هەرە زۆری شارەکانی عێراقی گرتووەتەوەو بەرەو کوردستان هەڵدەکشێت‌و سنورێکمان نیە دابەشی دوومان بکات‌و کەمتر بترسین لە تیرۆر.

سوپای عێراق، ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیان زیاتر دەبێت‌و هێزی پۆلیس‌و گادری نیشتمانی‌و جۆرەها ناوی دیکە دادەنێن بۆ دروستکردنی دەستەو تاقمی تایبەت بە پاراستنی ئاسایشی شارەکانی عێراق، ژمارەی ئەو هێزەی عێراق زۆر لە ژمارەی تیرۆریستەکانی نەك هەر عێراق بگرە جیهانیش زیاترە، بەڵام عەقڵیەتی کارکردن بۆ بنبڕکردنی



تیرۆرو توندڕەوی، هەڵبەتە بەرنامەی لەباری دەوێ، چونکە لە عێراقدا دیاردەیەکی نوێیەو دەبێت خوێندنەوە بۆ تیرۆر بکرێت‌و پاشان بەرنامەڕێژیی بۆ نەمانی بکرێت.

هێزێك کە ژمارەی لە سەد هەزار کەس زیاتر بێت‌و نەتوانێ ڕێ لە چەند سەد کەسێك بگرێت کە رابەرایەتی بزوتنەوەیەکی تاسەر ئێسك دوژمن بە مرۆڤایەتی بکەن، هێزێك بەو هەموو خەرجی‌و کەرەستە جەنگیەوە نەتوانن دەستی تیرۆر لە بندا بقرتێنن، هێزێك کە ڕۆژانەو هەفتانەو مانگانە پشتیوانی زیاتر پەیدا دەکەن‌و پارەیەکی زۆر خەیاڵیان تیادا خەرج دەکرێت .. نەتوانن بەر بە تیرۆر بگرن، دەی خەڵکی سڤیلی بێ توانا لە بەرامبەر ئەو خوێنڕێژە پڕ چەك‌و تەقەمەنیانە چییان پێدەکرێت ؟!!.

لە ماوەی رابردودا شەوانە لە بەرنامەی کەناڵەکانی(عێراقیەو شەرقیەو کوردسات‌و سەتەلایتی کوردستان)ەوە، بەرنامەی(تیرۆر لە چنگی دادوەریی)دا نمایش دەکرا، خەڵکی تینێکیان بە بەردا هاتەوەو وایاندەزانی بەڕاستی ئیدی تیرۆر لە چنگی یاساو دادگا رزگاریان نابێ‌و دەبێت ئەم وڵاتە جێبهێڵن، بەڵام لە پڕ بەشێوەیەکی چڕتر کەوتنەوە چالاکی‌و ڕۆژانە شەقام‌و بازاڕو فەرمانگەکانی عێراق دەهێننە لەرزەو خوێنی زۆرێك لە مرۆڤی بێتاوان دەڕێژن لە هەوڵدانیاندا بۆ پێکانی ئامانجەکانیان، هەر بۆیە جێی خۆیەتی هەر یەکێ لە ئێمە بپرسین: تاکەی ئەو هەموو پارەیە بۆ ئەو هێزە تەرخان دەکرێت ..!! کە ناتوانن چارەسەری کێشەی گەورەی عێراق بکەن‌و ڕۆژانەش لەشێوەی مانۆڕی سەربازیدا لە شەقام‌و کۆڵانەکانی شاردا خەڵکییان هەراسان کردووە، تاکەی تەنها چەکێك دەدەنە دەست منداڵی خەڵکەوەو دەیاندەنە دەمی دڕندەکانی تیرۆرەوەو یەك میکانیزمی گونجاویشتان نیە بۆ بەرگرتن لە تیرۆر؟!! ئێمە دەمانەوێ لە پاش نەمانی دەسەڵاتی سەدام بە ئازادی‌و بەبێ ترس بژین، ئەگەر ئەو هێزەی بەناو پاسەوانی نیشتمانی‌و پۆلیسی وڵاتن .. ناتوانن ئاسایشمان بۆ دابین بکەن، دەکرێت وڵات بسپێرن بە قەزاو قەدەرو بەسەر ئێمەدا پۆز لێنەدەن لەوە زیاتر، دان ئێشەیەکیان بێت بە(لێو .. لێو)و(واقە .. واقە) ئۆتۆمبێلەکانی پۆلیس مێشکی هەموو ئەو کەسانە دەبەن کە بە شەقامەکاندا دەڕۆن، خەڵکی وا دەزانێ مەترسیەك لەو ناوەیە، کاتێك دەگەنە ئەو شوێنە، پێ لەسەر سکلێتەری بانزینەکە توند دەکەن‌و بۆی دەردەچن!!!.. دەزانن وەکو شوانە درۆزنەکەتان لێهاتووە،

ئەگەر بۆ کاری زۆر گرنگیش بێن بۆ گەڕەکێك خەڵکی بڕواتان پێناکات، چونکە هێندە لە بەلاش(ویقە .. ویقە)ی ئۆتۆمبێلەکانتان کردووە بە گوێی خەڵکدا .. راهاتوون کە هیچ نیە، وا دەزانن بۆ پیاسە هاتوونو خەریکی مانۆڕو شتی لەو جۆرەن.

پێویستە لانی کەم رۆژی یەك کاتژمێر وانەی تایبەتی هەبێت بۆ پۆلیس، تا بزانن ئەرکەکانیان چۆن جێبەجێ بکەن، تا فێربن چۆن لەگەڵ خەڵکدا مامەڵە بکەن لە بنکەکانی پۆلیسو لەناو بازاڕو لە شوێنە گشتیەکاندا، چونکە تا ئێستا هێزی پۆلیس بە ئاڕاستەی ترساندنی خەڵکدا کار دەکەن، وادەزانن ئەگەر لە هەر شوێنێکەوە تێپەڕین، حەتمەن دەبێت خەڵکی لێیان بترسێت، ئاخر خۆ خەڵکی هەمووی لە دەرەوەی یاسا نینو تیرۆریست نین، خەڵکی حەز بەو شوێنانە دەکەن کە پۆلیسی لێیە، چونکە وادەزانن پۆلیس ژیانیان دەپارێزێ!!، کەچی تێگەیشتنی پۆلیس جیاوازە، فیرکردنیان فێرکردنێکی ئەکادیمیانە نیە بە پێی واقیعی کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسی کۆمەڵانی خەڵك، ئەگەر وانەیەك هەبێت بیخوێنن، وانەی دەمو چاو گرژکردنە، وادەزانن پۆلیس دەبێت بونەوەرێکی ترسناك بێت.

پۆلیس دەبێت تەنها ئامانجی چاوەڕوانی سەری مانگی موچە نەبێت، کە رۆژانە بێخەمو خەیاڵ لە شەقامەکاندا لێیان دەبێتە قوربانی دەستی تیرۆریستان، پێویستە خەمی وڵاتو خەڵکی .. ئامانجی سەرەکیان بێت، پێویستە بەرپرسانی پۆلیسیش ئاگاداری ئەو حاڵەتە بن، کە دەبێت پۆلیس لە نێو خەڵکەوە بۆ تیرۆر بگەڕێت، لە چاوی خەڵکەوە، بە عەقڵی خەڵکەوە .. نەك خۆیان وا دابنێن کە بە تەنیا ئەو ئەرکەیان پێ جێبەجێ دەکرێتو ئیدی هەموو خەڵکانی دیکەش سفری دوای فاریزەبن.

گەر بمانەوێ بەر بە تیرۆر بگرین، دەبێت یەکڕیزی هەبێت، نەك جاری وا هەیە ئەفسەرەکانی پۆلیس متمانە بە پۆلیسەکانیش ناکەن ..!!، ئەگەر پۆلیسێك جێی متمانە نەبێتو ترسی ئەوەی لێبکرێت کە دەستی لەگەڵ تیرۆریستاندا تێکەڵە، بەهانە چیە بۆ هێشتنەوەی لەریزەکانی پۆلیسدا !!، ناکرێ تەنها شەوگەڕی لە گەڕەکە کوردییەکاندا بە گەشتی شەوانەی هێزەکانی پۆلیس دابنرێت، پۆلیس تەنها بە پۆشینی جلو بەرگی پۆلیسی .. پۆلیس نیە، بەڵکو بە ئەنجامدانی ئەرکەکانیەوە پۆلیسە .. جێی خۆیەتی ئەگەر پۆلیسی مەدەنی هەبێتو موچەیان وەکو پۆلیسی ئاسایی بێتو کاری باشتر



بکەن لەسەر تیرۆرو کردەوە نایاساییەکان، ئایە ئەم کارە کراوە تا ئێستا؟!! ئەگەر کراوە کوا؟ ئەگەر نەکراوە، ئەوە دڵنیابن کە بەرگرتن لە تیرۆر وا نابێت، با دە ئەوەندەش موچەی پۆلیس زیاد بکات مەرج نیە بە زیادکردنی موچە ئیدی ببن بە(ماری مارخۆر)، هەر ئەو پۆلیسانەو هەر ئەو فەرماندەییەیە .. ئیدی پارە لەوانەیە قەڵەویان بکات، بەڵام رێوشوێنی باشتریان نیشان نادات بۆ دژایەتیو نەهێشتنی تیرۆر، لەبری زیادکردنی موچە با پلانو کارکردنی نوێیان پێ بوترێتەوە لەسەر چۆنیەتی نەهێشتنی تیرۆرو بەگژداچوونەوەی، باشە گەر بێتو بەراورد بکەین لەنێوان پارەی تێچووی تەقینەوەکانی یەك مانگی شارێکی وەکو کەرکوكو کرێی تیرۆریستەکانو پارەی فرۆشتنی مرۆڤە خۆکوژەکەش، چەندجار لە پارەی موچەی گشتی پۆلیسەکانی سنوری پارێزگای کەرکوك کەمترەو ناتوانن بیناقاقای تیرۆریستان بگرن بەر لەوەی بە پەنجەی مەرگ بیناقاقای خەڵکی خێر لەخۆنەدیوی ئەم وڵاتە بگرن .. کێ بەر بەتیرۆر دەگرێت ..؟؟!!

**لە ژمارە٧٠ی رۆژی یەك شەممە ٢٠٠٥/٦/٥ی هەفتەنامەی کەرکوکی ئەمڕۆدا بڵاو بووەتەوە**

## له نێوان(تاڵەبانیو جەعفەری)دا

هەڵبەتە قسە کراوە لە بارەی ئەگەرەکانی هەڵوەشاندنەوەی ئەو هاوپەیمانیە نەوعیەی نێوان کوردو شیعە، کە سەر لەبەری موجامەلەکردنێکی بێ تامو بێ مانا زیاتر نیە، بەلاّم گەر لە گوتارو جموجۆڵەکانی شیعە بڕوانین لە ئێستادا کە سەرۆك وەزیران لەوانە، لەوانەیە هەندێك سەرە داوی دیکەمان چنگ کەوێ.

جەعفەری کە بۆ خۆی راستەوخۆ دەورێشێکی دڵسۆزی سیستانیو دەمارگیرێکی مەزهەبییە، ئەوەی لێی بەرهەم هاتووە تا ئێستا تەنها فێڵو تەڵەکەبازی بووە بەرامبەر بە کوردو کێشەی کوردو تەنانەت بەرامبەر عەرەبی سوننەش لە ناوەڕاستی عێراقدا.

تاڵەبانی کە سەرۆك کۆمارەو نوێنەرایەتی کورد دەکات لە گەورەترین پۆستی سیادی عێراقەوە، ناکرێ هەروا لە دانیشتنو سەردانەکانیدا لەگەڵ جەعفەری، باوەڕ بەو سیاسیە هەزەلیە بهێنێت، کە جگە لە گێڕانی رۆڵی کارەکتەرێك هیچی دی ناکات لە پۆستی سەرۆك وەزیراندا، بیریشمان نەچێت کە سیناریستی رۆڵەکانی جەعفەری مەرجەعی شیعەو راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ(عەلی سیستانی)یە کە بەڕەگەز هاولاّتیەکی ئێرانیەو بۆ دووبارکردنەوەی پێکهێنانی جمهورییەکی هاوشێوەی جمهوری ئیسلامی ئێران لە هەوڵدایە، لەو پێناوەشدا بێ شومار کارەکتەری هاوشێوەی جەعفەریو موقتەدا بەرهەم دەهێنێت لەنێو گۆڕەپانی سیاسیو سەربازی عێراقدا.

راستە کورد سیاسەت دەکات بە عەقڵی سەردەم لەگەڵ عەرەبداو بە پلەی یەکەم لەگەڵ شیعەدا، بەلاّم ناکرێت هێندە سەرقاڵی گەڕان بین لەدووی پێگەی بیرکردنەوەکانی جەعفەریو هاوشێوەکانی تا بتوانین لەگەڵیاندا بیر لە دووبارە دروستکردنەوەی عێراقێکی زەبەلاح بە چەکو سەربازی ناهۆشیار، وەکو چۆن لەرابردودا سەربازە شۆڤێنیەکانی عێراق بە وشەیەکی(سەدام) کوردستانیان خاپور کرد، ئەمە لە کاتێکدا کە ئێستا حکومەتەکەی جەعفەری بڕیاری داوە ئەو سوپایەی لەژێر ناوی(بروسکە)دا سەرقاڵی فراوانکردنین، پەل بکێشن بۆ سنووری کەرکوکو موسڵ، هاوکات لەگەڵ گوتارە سەدامییەکانی جەعفەریو هەموو نەیارەکانی دیکەی کوردو فیدراڵی کوردستاندا.



دەکرێت هەڵوەستەیەکی جدیتر بکەین لەسەر ئەو پیلانانەی عەرەبی شیعەو سەرۆك وەزیرانی عێراقو لەوێوە بیر لە قبوڵ کردنی بیروڕاکانی جەعفەری بکەینەوە، پێویستە لە ئێستاداو هەرچی زووتریشە پەلی هەموو جەعفەرییەکان بگرین بۆ سەر مێزی کۆبوونەوەکانی پارلەمانو هەموو ئەو بەڵێنو بڕیارانەی سەبارەت بە کوردو کێشەی کوردە کە دراوە، لەژێر چاودێری ئەمریکاو نەتەوە یەکرگرتووەکاندا پێیانی ئیمزا بکەینو سەقفێکی زەمەنیشیان بۆ دیاری بکەین، کە زووتر دەست بەجێبەجێ کردنی مادەی(٥٨) بکرێت، تا نەبووە بە یەکێك لەو خەونانەی کە کورد لە رابردودا شەوی پێ رۆژ دەکردەوەو رۆژمان گەیشت بە(هەڵەبجەو ئەنفالو سوتانی گوندەکانی کوردستان)، با خەریکی تۆمار کردن نەبین بۆ مێژوو، وەکو چۆن تا ئێستاش لەسەر زاری نەوەی نوێ باسی رێکەوتننامەی(سیڤەر) دەکرێتو دواتر(لۆزان)ی بەسەردا دێت، کار وا بڕوات بەر لەوەی هیچ شتێك بکرێت، بۆ کێشەی کورد، عەرەب بیر لە هێنانە کایەی کۆدەنگیەك دەکەنەوە هاوشێوەی(رێکەوتنی جەزائیر)و ئێمەش دەبێ بڵێین دەبوایە بۆ یەك رۆژ دواخستنی جێبەجێ کردنی مادەی(٥٨) رازی نەبوینایە، بەلاّم پاش چی ..!!.

لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا کورد وەکو هێزو وەکو قەبارە بوونی هەیە، بەلاّم وەکو گوتاری سیاسی یەکگرتوو .. وەکو دەسەلاّت .. وەکو یەکدەنگی لە ئاست داواکانیکوردا، هەرگیز نیەو هیچ گوتارێکیان لە هی یەك ناچێت، بەتایبەت یەکێتیو پارتی کە دوو حیزبی گەورەی باشووری کوردستانو پێشترو ئێستاش خاوەنی دەسەلاّتەکانی کوردستانن، ئێستا هەردوو پۆستی سیادی لە عێراقو کوردستان یەکێتیو پارتین، باشە کەی کش مەلیك دەکەن لە دوا جوڵەی بیرتەسکییە نەزۆکەکانی جەعفەریو هێڵی سووری بۆ دیاری دەکەن، هەڵبەت ئەم دەردەسەرییەی ئێستای جەعفەری بۆ کورد، پێشتر یاوەرو عەلاوی بوون، بەلاّم ئێستا بارودۆخەکە زۆر ناسکترەو کاتی موماتەڵە نەما .. کاتی ئەوە نەما، ئەوان بە بیانووی گەڕانەوەی ئاسایش بۆ عێراق سەربازەکانیان قەڵەو بکەنو ئێمەش لەنائاگاییدا لەدووی دڵنەرمیو سۆزی عەرەبی شۆڤێنی عێراقو هەموو ولاّتانی دراوسێی عێراق بگەڕێین.

گەر ئێستاو لەم کاتەدا بیر لە دروست کردنی گوشار نەکەینەوە لەسەر بەغدا، هیچ گرنتیەك نیە بۆ ئایندەی پاش نووسینەوەی

دەستوری هەمیشەیی عـێراق، چونکـە ئـەوان تـا ئێسـتا تەنـها درۆیـان لەگەڵ کردووین، ناکرێت بیر لە یەك وشەی راستی بکەینەوە کە ئــەوان بیلێن، گەر بەرژەوەندی سەد دەر سەدی خۆیانی تیادا نەبێت.

**لە ژمارە(٧٦)ی هەفتەنامەی(کەرکوکی ئەمڕۆ)دا بلاو بووەتەوە**

# قسەیەک بۆ رۆژنامەگەریی ئەم سەردەمە

رۆژنامەگەریی پیشەیەکە وەکو هەموو پیشەکانی دیکەو لە هەمووشیان گرنگترە، چونکە کاری رۆژنامەوانی کەمتر نیە لە کاری ئەو سیاسەتکارانەی هەموو گرەویێك دەکەن بۆ وەرگرتنی کورسی دەسەلات، بەلام جیاوازیان لەوەدایە .. سیاسەتکار درۆ دەکاتو رۆژنامەوان درۆکانی ئەوان دەردەخات، سیاسەتکار بەرەنجامی ناکۆکیان خوێنڕشتنو جەنگو مالوێرانیەو .. رۆژنامەوان راستی کارەساتەکانی ئەوان دەخاتە بەر چاوی خەلکی.

رۆژنامەنووس کەسێك نیە کامێرایەكو ریکۆردەرێك هەلگرێتو بکەوێتە ناو شەقامەکانو لەبەردەم فەرمانگەو بارەگای حیزبو لای بەرپرسەکان کەوتبێت .. رۆژنامەنووس کەسێك نیە تازە بە تازە فێری ئەلفو بێی نووسینی خۆئاسایی بووبێتو ناوی لێبنرێت رۆژنامەنووس .. نا کاکی جەریدەوانەکان !! کاری رۆژنامەنووسی بەر لە هەموو شتێك ئاکارەو رەوشتە .. دەبێت هیچ کارێکی نارەوات قبول نەبێت لە بچووکترینەوە تا گەورەترین، ئەگەر لەو پێناوەشدا لێدانت خواردو کەوتیتە بەر هەرەشە .. دەبێت ئەو کاتە زیاتر ئاسوودە بیت کە تۆ پەیامە راستیەکەت گەیاندووە، نە وەکو کاکێك لە کاکەکانی حیزبو نازانم حکومەتو ئەو شتانە قەلس نەبێت .. قیروسیای لێبکەیتو هیچ نەلێیت لەسەر نادادیو نایاساییەك کە دەیبینیت .. یاخود بە بەلگەوە سەد دەر سەد بۆت روون دەبێتەوە.

لە هەمان کاتیشدا دانیشتن نیە لە ژوورێکداو دوو پاسەوان دەرگاکەت بۆ بپارێزنو بخۆیتو بخەویو حەیرانی رۆژنامەنووسی بە کەیفی کەسێکی دیکە بچڕیت بۆ خەلکی ستەمدیدەی ئەم ولاتە خێر لە خۆ نەدیوە.

هەر کەسەو دەبینی بەبێ ئەوەی ئەزموونێك هەبێت یاخود ۆورکشۆپێکی بینیبێت لەسەر رۆژنامەوانی .. ئیدی بە خزمایەتی بێت یان بە خۆبردنە پێشەوە بێت، خۆی گەیاندووەتە دەزگاکانی راگەیاندنو بانگەشەی کاری رۆژنامەوانی دەکاتو هیچیشی پێ نیە لەو بارەیەوە، براینە بازاڕ گەورەیە .. شاریش فراوانە .. کەسابەتیش زۆرە .. تکایە ئەو کەسەی ناتوانێ بە ئەخلاقی رۆژنامەوانی تەواوەوە قەلەم بخاتە سەر پەڕە، با کارەکەش ناشیرین نەکات لەبەر چاوی خەلکی،



چونکە یەکەمین فاکتەری هاتنە ئارای دەسەلاتی خەلکیو هێزی شەقام .. رۆژنامەوانیە، کە پاش سێ دەسەلاتەکەی دیکەی ولات .. تەشریعیو قەزاییو تەنفیزی .. دەسەلاتی چوارەم دەسەلاتی رۆژنامەنووسیو راگەیاندنە.

ئومێدێك گەر هەبێت بۆ هاتنە کایەی سیستمی ئازادیو دیموکراسی لە رێی ئازادی رادەربڕینەوەیە، بڕوایەکمان بەکاری رۆژنامەوانیو سەندیکاکانی کۆمەلگەی مەدەنیە، بەلام کار وا بڕوات هەر کەسەو بە ئارەزووی خۆیو لەبەر بەرژەوەندی خۆی قسەو هەوال بهۆنێتەوە .. حالمان باش نابێت، ئەوەندەی رۆژنامە دەردەچێت ئەوەندە خوێنەری جدیمان نیە، ئەوەندە رۆژنامەنووسی راستیمان نیە.

سەیرەکە لەوەدایە بە ئاشکرا لایەنو جێ ئاراستەو هەندێ جاریش مەبەستی ووتارو هەوالو بابەتی هونەریو ئەدەبی دەردەکەوێ تیایانداو بانگەشەی ئازادی رادەربڕینیش دەکەن، کاکی خۆم رۆژنامەوانی ئەو چەند لاپەڕە بۆرو پڕ وێنەو هەوالی دووبارەو لەیەك چووە نیە، کە هەر حیزبەو خەریکێتیو بە تیراژێکی زۆر دەیخەنە بازاڕەوە، نا ئەوە تەنها ئەنجامدانی کاری حیزبیەو هیچی دیکە، رۆژنامەوانیتەنها ناو نیە لەسەر رووپەڕی رۆژنامەکانداو رۆژانەو هەفتانەو نیو مانگانەو مانگانە بکەوێتە بەرچاوی خەلك .. نەخێر دەبێت بەوپەڕی گوێنەدان بە قسەو قسەلۆکی دلسوتاوەکانی حیزبو حکومەتو سەرمایەدارەکان .. زوبانی نووسینت کار بکات، بەلام گرنگیشە وابەستەی مەرجو پەیماننامەکانی رۆژنامەنووسان بیتو یەکە دلسۆزی یاساو مافی مرۆڤو راستگۆیی بیت.

رەوا نیە لەبەر هەر هۆیەك بێت تۆمەتی نارەوا بدەیتە پال کەسانێك کە دوور بێت لە راستیەوەو ئامانجی تایبەتی بپێکی .. رەوا نیە بەبێ ئەوەی رەشو سپی لەیەك جیابکەیتەوە .. حوکم بدەیت، ئەگەر لە یاسا لادەرێکت بۆ ئاشکرا بوو بە بەلگەی تەواوەوە ..تاوانە نەیخەیتە سەر پەڕەی رۆژنامەو چاوپۆشی لێبکەیت، لەبەر هەر هۆیەك بێت.

زۆرێك هەن وەکو چاولێکەری خەریکی نووسینی ووتارن بۆ رۆژنامەکان .. بەبێ ئەوەی هیچ شتێك لە بارەی مەرجەکانی ووتارەوە بزانن، بە پەندی پێشینانو قسەی سەر تەنوربانو ناو مەجلیسی دیوەخان دەست پێدەکەنو کۆتاییەکەیشی نازانن چییان ووتوە .. من بەو کەسانە دەلێم: بهێلن خەلکی بتوانێت رۆژنامە بخوێنێتەوە، چونکە ئێمە پێویستمان بە خوێنەر هەیە، با لەبەر بابەتی نابابەتو لاوازو

بێفەڕ خەڵكی دوور نەكەنەوە لە خوێندنەوە، ڕۆژنامە هەیە بە سەرنووسەریشەوە .. پانتایی گرنگ لە لاپەڕەكانی ڕۆژنامەكە تەرخان دەكەن بۆ باسێك .. یان شتێك كە تەنهاو تەنها بۆ بەرژەوەندی تاكە كەسی خۆی دەگەڕێ‌و لەلای هەموو خوێنەرێكی زیرەكیش ئاشكرایە، من نامەوێ تەشهیر بە كەسەوە بكەم، بەڵام دەتوانم بەڵگەی ڕوون‌و ئاشكرای یەكێك لە ڕۆژنامە زۆر دیارەكانی ناو شاری كەركوكتان بۆ بهێنمەوە، پێم باشە هەر وا لوغزێك بێت‌و بە خۆیاندا بچنەوە، چونكە سەر ئێشەیەك ئەوە ناهێنێ هەموو دونیا تێبگەیەنن.

زۆرم ماوە بیڵێم .. بەڵام بۆ ئەم باسە ئەوەندە بەسە تا شتێك لەو كارەساتی ئیفلیج بوون‌و ناشیرین بوونی ڕۆژنامەوانیە بخەمە بەرچاوی خوێنەر .. بەڵكو كار بكات لە دڵی سەرنووسەرو دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەكان‌و تۆزقاڵێك بە كارەكانیاندا بچنەوەو ڕاستی‌و هەڵەی خۆیان دیاری بكەن‌و نەیهێڵن.

***لە لاپەڕە(٢)ی ژمارە(١)ی ڕۆژنامەی(كەركوكی سبەی) ڕۆژی ٢٠/٢/٢٠٠٥ بڵاو بووەتەوە**

## ئایا چەمچەماڵ.. یاسای تیایە

هەروەك گومانی تیانیە یاسا بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی دانراوە، نەوەك چەند برگەو مادەیەك كە حكومەتی عێراقی بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە تاییەتیەكانی خۆی دایتاشیون، بەڵام سەیرە شارێكی وەك قەزای چەمچەماڵ كە زیاتر لە (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دانیشتووی تیا دەژێت هیچ سیمایەكی جوانی تیا نابینرێت، یاسا بۆ سەر خەڵكی هەژار وەك شێر پەنجەیەو لێیان نابێتەوە، بەڵام بۆ چینێكی دیكەی كۆمەڵگە یاسا پیاوێكی كوێرەو دەبێ ڕێنمایی بكرێت، بڕواناكەم ئەم حاڵەتە حكومەتی هەرێم لێی بێ ئاگابێت، مەحاڵە هیچ مرۆڤێك بتوانێت دەروونی ئارام بێتو بەبێ خەم ژیان بگوزەرێنێ لە چەمچەماڵدا بەردەوام لەترس و دوودڵی دان، هۆی ئەو ترس و دوودڵیەش چەند هۆكارێكی هەیە، لەوانە زاڵبوونی دیاردەی خێڵو عەشیرەتگەری لەناوچەكە، پێگەی جوگرافی كە ئەكەوێتە سەر هێڵی تەماس لەگەڵ هێزەكانی ڕژێمدا، كەمتەرخەمی حكومەتی هەرێم بۆ چەسپاندنی یاسا لەشارەكەدا، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدراوە كەمو زۆر بۆ بەرەو پێش بردنی شارەكە، بەڵام دڵسۆزانی ئەم شارە هێندە كەمن بەپەنجەی دەست ئەژمێردرێن، بچوكترین پرۆژە كەئەكرێت لەم شارە یان ئەبێت بەناتەواویو بەشێوازێكی نا هونەرییانە بێت یاخود هەوڵی ئیفلیج كردنی ئەدرێت یان بەئستفزازەوە ئەوترێت لەكوێ ئەكرێت؟ لە چەمچەماڵ؟

ئەمانە چەند فاكتەرێكن بۆ رووخاندنی هۆشیاری لەم شارە، زۆر لەدانیشتوانەكەی كە هەندێك باری ئابووریان باش ئەبێت دەست بەجێ بیر لە جێهێشتنی چەمچەماڵ دەكەنەوەو رووئەكەنە شاری سلێمانی خۆ ناهەقیشیان نیە، بەڵام ئەشتوانن ببنە پشتیوانێك بۆ شۆرشێك دژی دیاردە دزێوو ناشرینەكانو نەهێشتنی ئەو دواكەوتنەو هەروەها رۆڵی بەرچاو ببینن بۆ هۆشیاركردنەوەی خەڵك، ناكرێ بووترێ لەهەموو رویەكەوە دواكەوتووە، چونكە رۆشنبیرو رۆژنامەنووسو خەڵكی پێشكەوتوو خوازو هەنەرمەندی زۆر تیایە، بەڵام هەناسەكانیان لەنزیك تاساندنەوە دێتە دەر، ئەمەش هەر ئەو كارەنامرۆییانە وایانكردووە كە رۆژانە لەشێوەی كورتە فیلم پێشانی خەڵكەكەی دەدرێت، چەمچەماڵ.. كەم شەقامی هەیە لەپێچی كۆڵانو سەر سوچەكانیدا یادگاری رەشی ئەنجامدانی تاوانێكی تیانەبێت، ئەگەر ئەزمایش بكرێت دوور نیە خاكەكەی ئەو خاكە بێت كە زۆرترین خوێنی تیا رژابێت، رۆژانە ئێمەی زیندوو كە پیاسە ئەكەین لەخۆمان ئەپرسین: داخۆ كام شەقامەو كام پێچە دوا وێستگەی شەمەندەفەری رۆحمان ئەبێت؟ ئەمەش ترسنۆكیمان نیە، لەبەرئەوەی حاشا هەڵنەگرە ئەگەر رۆژانە بەبازاڕدا تێپەڕین كەسانێكت تووش ئەبێت كە دوور نیە كەسێك یان زیاتری كوشتبێو یاخود كەسانێك ئەبینی بەچەكەوە بۆ تۆڵە سەندنەوە ئەگەڕێن یاخود زۆر كەس كوژرا لەپێش چاومانو تا ئێستا بكوژ دەستگیر نەكراوە، هەندێ جار یاسا نەیتوانیوە، بۆیە وەكو بەرزەكی بانان بۆی دەرئەچن، كە شارێك ئەمە رەفتارە جوانەكانی بێت گەرەنتی چیە بۆ ژیانی خەڵكی سادەو هەژار لەوشارە..؟ ئەم بارودۆخە ناكەوێتە ژێر ركێفی یاساوە ئەگەر بەرپرسەكانی حكومەتو هەموو حزبەكانیش بەراستی كاری بۆ نەكەن، بەبێ گوێدان بەئینتمای حیزبیو پلەی ناوریزەكانی (پ،م)و دەزگا حكومییەكان هەموو تاوانباران بدرێنە دادگاو یاسا سەروەر بێت، وەك یەكێك پیاو كوژە لێی گەڕێ خۆمانەیەو یەكێك گوڵە بەڕۆژە فرۆشە تەوقیف بكرێ، موخالەفە چیە، هیچ تەرازووی عەقلێك ئەم دادپەروەرییەو ئەم یاسایە بە لۆژیك نازانێت، كەیەكسانی تەواوی تیا نەبێت، شارستانیەت زۆر بەخاوی پێش ئەكەوێت لە چەمچەماڵدا، گەر وا بڕوات لانی كەم (٣٠بۆ٤٠)ساڵی تر هێشتا ناگات بە ئێستای شاری سلێمانی نەك هەر وەك سیمای شارستانیەتی خەڵكەكەی بەڵكو پابەندبوونی بەیاساوە وەك ئەوەی ئێستا لەشاری سلێمانی فەراهەم كراوە.

نازانم رووی پێنووسەكەم بكەمە كوێو ئۆباڵی ئەم هەموو ناشرینیە بخەمە ئەستۆی كێ؟ كەسێك خۆی بەبەرپرسیار نەزانێ لەم دیاردە دزێوو نابەجێیانە وەك ئەوەی حكومەتو دەسەڵات نەبێت.

ئێستای حاڵی حازر تا رادەیەك گۆڕانكاری روویداوە بەسەر مەسەلەكاندا، بەڵام كێ دڵنیایە؟ جارێكی دی كارەساتەكان دووبارە نابنەوە؟ هەروەها بەپێی ئامارێك كەبەرچاوم كەوت رێژەی كوشتنو برینداربوون لەساڵی(٢٠٠١) دوو ئەوەندەی ساڵی( ٢٠٠٢)ە.

**لە لاپەڕە(٢)ی ژمارە(٥٥)ی رۆژنامەی(هاوڵاتی) .. رۆژی٧/١/٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە**

# چیدی باسی پێکەوەژیان مەکەن

لە یەکەم ڕۆژەوە کە من زاراوەی (پێکەوە ژیان)م بیستووە، بەبێ ویستی خۆم قینم لە وشەکەو لەو کەسانەیش بووەتەوە کەدەیڵێن‌و دەینووسن‌و باوەڕیان پێیەتی، بەو مانایە.. نا کە من نامەوێ لەگەڵ کەسدا بژیم‌و تاکڕەو توندڕەوبم، بەڵکو بڕوام بەوە نییە لەگەڵ نەتەوەگەلێکدا بژیم دەم‌وچنگیان بەخوێنی ژن‌و پیاو پیرو منداڵی نەتەوەکەم سوور بێت‌و تائێستاش کەڵکەڵەی نەمان‌و سڕینەوەی من‌و نەتەوەکەم لەسەریاندا بێت.

کورد مێژوویەکی خوێناوی‌و ژێردەستەی هەیە، ئەمەش لەسەر دەستی ئەو سێ نەتەوە هەمەجییەی کە چوار دەوری سنووری خاکەکەیان داوە، لەتورك‌و عەرەب‌و فارس.

هەر لەمێژووی کورددا ئەوەشمان بۆ باسکراوە کەلەهەموو شۆڕش‌و بەرخودانێکماندا، (مەرگەوەڕ)ێکمان بۆ پەیدابووەو هەموو (ڕێسەکەی لێکردووینەتەوە بەخوری).

نازانم بەو سیاسەتەی سیاسەتکارانی کورد بڵێم چی کە کوردستانیان کردبوو بە ئارامترینماڵی تورکمانەکانی (بەرەی تورکمانی)و ئۆپۆزسیۆنەکانی (شیعە)ی عیراق‌و نەك هەر ئەوەندەش، بەڵکو خزمەتی باشیش دەکران، کەچی ئێستا نمەك حەرامن‌و هەرچی بۆ کورد خراپە دەیخوازن، هەر وەکو چۆن باوباپیرانیان لەڕابردوودا لەگەڵ کوردا کردوویانەو کردیان‌و ئێستاش خۆیان دەیانەوێ مێژوو دووبارە بکەنەوە.

سیاسەتکارانی کورد نە لەڕابردوداو نە لەئێستای حاڵی حازریشدا نەیانتوانیوە ماڵێکی سیاسی یەکگرتوو بۆ کورد چێکەن‌و لەوێشەوە سیاسەتی سەرکەوتنی کێشەی کوردی بکەنە بنەمای ئاوها پرۆژەیەك کەڕۆژی ئازادی‌و سەربەستی نەتەوەیی بگاتە دەم کەل.

لەئێستاداو لەباشووری کوردستان کە شاری کەرکوك زۆرترین گەلە گورگی جیهان دانی لێ تیژدەکەن، خاڵی سەرەکی ململانێی کوردو دوژمنەکانیشێتی.. خۆخەڵەتاندنە گەر لەدەرەوەی کورد کەسی دیکە بەبراو دۆست‌و هاوپەیمانی نەتەوەی کورد بزانین، کوا.. کێ.. هاتووەو خشتێکی خستووەتە سەر دیواری داواکانی کورد.



منێك بەدەیان هەزار هاوولاتی کوردستانەکەم.. بەدەستی نەوەکانی ئەعرابی بیابانەکان بەدڕندانەترین شێوەو بەنامرۆڤانە کۆکوژو زیندەچاڵ کرابن.. ئیدی چۆن هەموو کاتێك دیمەنی (عەگاڵ‌و دشداشە)و عەرەب خوێ نەکەنە سوێی برینمەوە؟!

منێك بەفیتی کەمالیستە تۆرانییەکان هەموو دەمێك‌و ئێستاش بەزوبانی دڕکاوی (تورکمان)ە سەرلێشێواوەکان گاڵتە بەبوونم بکرێ‌و هەوڵی دزینی شارێکم بدرێ .. چۆن بتوانم ئەو (قارداش)انە بەبرا بزانم‌و لەگەڵیاندا بژیم.

منی کوردی ڕاگوێزراو سەروماڵ تیاچووی کەرکوك، کاتێ دەگەڕێمەوە شارەکەم‌و لەسەر خاکی ئەو باپیرەیەم کەعەرەب‌و تورك‌و فارس بوونیان نەبووە.. ئەو هەبووە ماڵێك دەکەم تیای بژیم، بەغەریب‌و خاکدزم ناوزەد دەکەن، ئەوان چەند دەیەیەکە لە حوشترەکانیان دابەزین‌و دەوارە شڕەکانیان لەبیابان جێهێشت‌و هاتنە کەرکوکی شاری کوردان‌و ئێستاشی پێوە کلتووری بیابانیان وەلا نەناوە.. لەکوشتن‌و دزین‌و کاری (دەعارە).. تورکمانەکان غەریب نین کەبنەماڵەیەکیان نییە ڕەگیان نەگەڕێتەوە سەر کوردو زوبان‌و کلتورێکی شکاو دروست کراویان هەیەو نەك خاوەنی خاك نین.. بەڵکو خاوەنی خۆیان‌و عەقڵ‌و ئاکارو سیاسەتی خۆشیان نین، کەچی بێشەرم.. زۆر بێشەرم دێنە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان‌و جۆرەها دروشمی شەڕانگێزانەو قێزەونانە بەکوردو شۆڕش‌و خاکەکەی دەڵێن، کەچی بەسەدانیان شەهامەت‌و کەرامەتی یەك لاوی خوێنگەرمی نەتەوەی کوردیان نییەو هەموو خۆیان فرۆشتووە بەنەوەی (تۆرانییەکان)و گەندەڵترین سیاسەتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەهێننە کەرکوکەوە تاگرەوێك ببەنەوە.. کەخەونی سوڵتانە ڕووڕەشەکانی عوسمانی‌و کەمالیستە چاوشۆڕەکانی مێژووە.

هەموو ئەو نەتەوانەی لەچواردەوری کوردا دەژین‌و لەسەروەت‌و سامانی خاکی کوردانیان خواردووەو لەشارەکانیدا ژیان دەگوزەرێنن، قەرزاری لێبوردنن کە لە کوردی داوا بکەن.

ئاشتبوونەتەوەو لێخۆشبوون لەعەرەب، مەرجەکەی داوای لێبووردنی نێودەوڵەتی‌و تائەبەد سەرشۆڕی لەئاست وشەی (کورد)و (کوردستان) دەبێت.. چونکە ئەوەتا لەوێ.. لەدڵی بیابانە سۆزانییەکانی عەرەب ئێسك‌و پروسکی دەیان هەزار ڕۆڵەی نەتەوەی کورد بێناز کەوتووە برا چاوڕەشە نامرۆڤەکانیان تەنها بەتاوانی کوردبوون بەو دەردەیان بردن.

تورکمان جگە لەوەی زۆربەیان کوردن چەند بنەیەکی پاشماوەی سەردەمی داگیرکاری عوسمانییەکانن‌و هاوکارو دەست‌و پێوەندی ئەو ئیمپراتۆرییەتە بەربەرییەن کە خاکی کوردستان‌و خەڵکی کوردستانیان برسی کردو شێواند، خۆشبوون لێیان مەرجی دەم داخستنیانەو هیچی دیکەو.. دەست هەڵگرتنە لەکلکایەتی تۆرانییەکان.

ئەمریکا هیچی بۆ کورد نەکردووە تائاڵقە لەگوێی بین‌و هاوپەیمان‌و ملکەچی بین، دەبێ چیدی بیر لەداهاتووی کورد بکەینەوەو قومار بە چارەنووسی کوردو خاک‌و شارەکانییەوە نەکرێت.. باشە تۆ بڵێی (موقتەدا سەدر)و (پاشماوەی بەعسییەکان) نیو هێندەی کورد هەقیان بەدەست بێت‌و باشووریان لەئەمریکاو هاوپەیمانەکانی کردووەتە دۆزەخ‌و جەنگەڵی مەرگ؟!

منی کورد هەموو پلانەکان دەبینم بۆ لەخشتەبردن‌و فێڵ لێکردنمە ئیدی بۆ گوێ رایەڵیان بم.

ئێوەش ئەی حزبە کوردییەکان لەوە زیاتر سیمای شۆڕش‌و کوردایەتی لەبەرچاوی کورد ناشرین مەکەن.. چیدی حەوسەڵەی گەمەکانی ئێوەمان نەماوەو بێدەنگو بێ هیوا فاڵ بۆ بەختی کورد بگرینەوە، ئێوە بەئاوازی خۆتان حەیرانی شۆڕشمان بۆ دەچڕن‌و ئێمەش لەم بەستەو باڵۆرەیە ناحاڵین.. هێندە نەبێ ئەمە نەکوردایەتییەو نەشۆڕشە.. گەر رەنگەکانی حزبایەتی بەرچاومان بەو شێوەیە بتەنن.. ناچارین.. ناچارین.. بڵێین چیدی باسی پێکەوەژیان مەکەن.

**لە لاپەڕە(٤)ی ژمارەی(٤٧)ی هەفتەنامەی(کەرکوکی ئەمڕۆ)، رۆژی ١٢/١٢/٢٠٠٤ بڵاوبووەتەوە**

# ئەخلاق و تێگەیشتن لە ئەخلاق

ئەخلاق وەکو زاراوە کە وەرگیراوە لە زمانی عەرەبیەوە، لە زمانی کوردیدا ووشەی(ئاکار)و(رەوشت)مان هەیە بەرامبەری، کە لەوانەیە سەد دەر سەدو پڕ مانای ئەو وشەیە نەبێت، بۆ ئەم رایەش بۆچوونی جیاواز هەن، بەڵام دەکرێ بەشێوەیەکی رووکەش بڵێین: (ئەخلاق) بە واتا(ئاکار).

رۆژانە ئێمە بەرگوێمان دەکەوێت: کە خەڵکیی ئەم زاراوەیە بەکار دەهێنن و هەر یەکەو بە مەبەستو واتایەك دەیلێت، بۆ نموونە: پیاوێك لادەری سێکسی هەبێت، یاخود ژنێك لەشفرۆش بێت، پێیان دەڵێن: بێ ئەخلاق! ! لە لایەکی دیکەوە بە کەسانێك دەوترێ بێ ئەخلاق، کە باوەڕییان بە ئالودەییو رێزی کەسایەتیو هاوڕێتی نیە، بەواتایەکی دیکە پەیوەست نین بە ئاکاری پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانو کارییان تەنها خۆویستیو بەرژەوەندخوازییە .. لە زۆر شوێنی دیکەشدا ئەو وشەیە بەکار دەبرێت.

ئەوەی من دەمەوێت لەبارەیەوە شتێك بڵێم ئەوەیە کە ئەگەر زاراوەکە لەنێو خەڵکی عەوامدا بە شێوەیەکی نادروست تەشەنەی کردبێت، ناکرێت لەناو کەسانێکدا کە خۆیان بە خوێنەوارو قەڵەم بەدەستو رۆشنبیر بزانن هەمان مامەڵەی لە تەکدا بکرێتو هەمان تێگەیشتن هەبێت بۆی.

گرفتە کەسێك خۆی بە رۆشنبیر بزانێتو نەزانێ چۆن گەمە لەگەڵ وشەیەکدا بکات، کە بەکارهێنانی زەرورە لە وڵاتێکدا کە زۆربەی شتەکان چوونەتە دەرەوەی ئەخلاق.

گەر ئەخلاقمان هەبێت رێمان نادا هیچ شتێکی نادادوەرانەو ناجۆر قبوڵ بکەین، گەر ئەخلاقمان هەبێت رێمان نادا قبوڵمان بێت کە کەسێك لە کەسێکی دیکە مەزنترو گەورەترو لەپێشتربێت، گەر لە ئاکاردا جیاوازییان نەبێتو لە یەك بواریشدا کار بکەن .. دەکرێ ئەخلاقی منو براکەم .. منو هاوڕێکەم .. منو هاوپیشەکەم جیاواز بن لە یەك، ئەمەش مانای جیاوازی مرۆڤەکانە، بەڵام ناکرێ من خۆم لە کەسێکی دیکە لەلا زیاتر بێتو لەسەر ماندووبوونی ئەوان پلەو پایەم قایمتر بکەمو قبوڵیشم بێت بە ناوی منەوە کاری جوان پێشکەش بکەنو ئەوان ماندووبنو من دانیشم، ئەخلاق گەر هەبێت مرۆڤ دەبێت



رێنەدا کەسێکی دیکە لە پێناو ژیانی ئەودا هەموو زەحمەتێك بکێشێتو خۆیشی تەمەڵو تەوەزەل .. لێی دانیشێو بخوڕێو ببڕێ، نموونەی ئەو مرۆڤانەمان زۆرن، کە لێرەوە دەکرێت هەموویان بخەینە دەرەوەی ئەخلاق، بەڵام تکایە وەکو سەرەتا ئاماژەم پێدا : ئەخلاق ناکاتە لادانی سێکسی ..! !، بەڵکو نابەرپرسیاری لە شوێنکدا کە بەرپرسیارێتیەك لە ئەستۆتدایە دەکاتە نەبوونی ئەخلاق.

برادەرێك کە ناوی لە ستافی رۆژنامەیەکدا وەکو ئەندامی دەستەی نووسەران نووسراوەو ئیعتیباری ئەوەی دراوەتێ کە ناوی هەیەو دەکرێت دەستەی نووسەران بێت، بەڵام وەکو کوێخا لێی دانیشتووەو تەنها یەك کاری رۆژنامەنووسیشی پێشکەش نەکردووە بە رۆژنامەکە .. قبوڵیشی نیە گەر داوای لێبکەیت وەکو ئەرکێکی ئەخلاقی کە لە ئەستۆیدایە، کاری رۆژنامەکە فەرامۆش نەکات، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو وەکو ئەوەی بارەگاو رووپەڕی رۆژنامەکە بە دیوەخان بزانێت دێتە وەڵامو دەڵێت: من وەکو کەسێکی کۆمەڵایەتیو ئەدەبی ناوم دانراوە لە ستافی رۆژنامەکەدا، لە کەسی قبوڵ ناکەم باسی ئەخلاق بکات لەگەڵ من، ئەوە مانایەکی زۆر خراپی هەیە، رێزنەگرتنی منە.

دەی باشە برای نووسەرو کۆمەڵایەتیو ئەدەبیو بەناو رۆژنامەوان .. دەکرێت قسە لەسەر هەندێك لە هونەری وشەکاری بکەیت لەلای کەس نا .. لای خۆت ! ! ؟ .. دەکرێت شتێك بنووسێت لەسەر شێوازەکانی داڕشتنی هەواڵ ؟ .. دەزانیت باسێکی وردی ریپۆرتاژ بکەیت ؟ یان لە بارەی کاری ریپۆرتێرەوە هەندێك سەرەخاڵ بنووسێت ؟ بێگومانم نەخێر ناتوانێتو نازانێت، بەڵام گەر ئاکار بوونی هەبێت، دەبێت رێنەدا بە خۆی لەسەر حیسابی خەڵکی دیکە ناوی زلترو گەورەتر ببێتەوە .. دوو ئەوەندەو سێ ئەوەندەی بونیادی رۆشنبیری خۆی.

دانانی ئیعتیبار بۆ ئەو کەسانە لە ناوەندەکانی راگەیاندندا .. کە هیچ مەعریفەیەکی پێنیە لە بارەی کاری راگەیاندنو رۆژنامەوانیەوە بۆ خۆی چوونە دەرەوەیە لەئەخلاق، ئیفلیجی بیرکردنەوە لە وەها پرۆسیسێکدا ئەوەیە کە لەو رێیەوە زۆرترین نێودارو خاوەن ناوبانگ کۆبکەیتەوە .. لە بنەماشدا خاوەنی هیچ وزەو توانایەکی ئەرکو کارەکانی ئەو بوارە نەبن، بە خۆداچوونەوە پێویستە لە هەموو دەمێکدا، گەر ویژدانو ئەخلاق هەبێت هەموو مرۆڤێك دەتوانێ خۆی هەڵبسەنگێنی بەر لەوەی کەس بێت قسەی لەسەر بکاتو هەڵوەستە لەسەر ئاکاری ئەو بکات.

هەڵبەتە نووسینی ئەم بابەتە، منیش دەخاتە بەردەم پرسیاری ئێوە .. ئایە تا چەند لەم بابەتەدا پەیوەستم بە ئەخلاقی نووسینەوە، ئەوەیان جێدەهێڵم بۆ ئەو کەسانەی بە ویژدانەوە دەڕواننە ئەم نووسینە .. قبوڵیشمە گەر وەکو دیالۆگەکەی نێوان(بەرناردشۆ)و یەکێك لە نووسەرەکان لێی بڕوانن، کاتێك نووسەرەکە لە بەرناردشۆ دەپرسێت:"بۆ ئەوەندە باسی نان دەکەیت، بۆ باسی ئەخلاق ناکەیت؟ لە وەڵامدا دەڵێت: هەر کەسەو باسی ئەو شتە دەکات کە نیەتی"، گەر منیش لێرەوە بکەومە بەردەم ئەوەی کە پەیوەستم نیم بە ئەخلاقەوە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئاکاری کۆمەڵایەتی کە ئێمە بە جوانی پەروەردە ناکات، گەر نا لەوانەیە خولیای هەموومان ئاکاری جوان بێت، جگە لە خۆمان لە بەرامبەرەکەشماندا بەدی بکەین.

لێرەوە کاتێك درك بەوە دەکەین کە هەنگاوەکانی بڕینی زەمەن لای کۆمەڵگە، پەیوەستە بە سڕینەوەی رۆژێکی دیکەی هەفتە لە رۆژمێری ناو ژوورێکداو کارکردن نیە بۆ بەدەست هێنانی ئەوەی کە نیمانە، بۆمان دەردەکەوێت کۆمەڵگە لەبەردەم پرسیاری پێگەی ئەخلاقە لەنێوماندا، لە کوێدا توانیومانە بە ئەخلاقو بە ئینسافەوە حوکم لەسەر مەسەلەکان بدەین، کێ هاوکارمان بووە بۆ ئەوەی هەر نەبێت .. بیر لە وەك خۆی پێناسەکردنی ئەخلاق بکەینەوە، ئایە ئەخلاق ئەوەیە کە ئێمە کار بۆ مەزن کردنی مرۆڤگەلێك بکەینو خەڵکی دیکەش وەکو نەبوو .. وەکو ئەوەی مرۆڤ نەبن لێیان بڕوانین !!؟ تەنانەت لە پرسە سیاسیو سەربازییەکانیشدا کە بەرژەوەندی میللەتمان لەبەردەم مەترسیدا جێدەهێڵی، نەمانتوانیوە بە ئەخلاقەوە دەنگ هەڵبڕینو روئیاو ئایدیا فاشیلەکانی .. سیاسیە ئیفلیجەکانی بەغداو هەڵوێستی سەرکردەکانی کورد بخەینە بەردەم پرسیاری واقیعیو کار بۆ گۆڕانکاری ئەخلاقی بکەین، کە تا ئێستا هەرچی تێپەڕیوە بەسەرماندا بە زۆر پێیان هەرس کردووین، چونکە لە راستیدا گەر ئەخلاق بوونی هەبێت نابێت پرسی ئەنفالو هەڵەبجەو کۆڕەو لەبەرچاو نەگیرێتو وەکو مەرکەبی سەر کاغەز مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت .. جگە لەوەی ئەوە تاوانە دەرهەق بە مرۆڤایەتیو نەتەوەی کورد، بێدەنگ بوونو قبوڵکردنی بڕیارو گوتارە بێسەرو بەرەکانی بەغداش تاوانەو لە ئەستۆی ئێمەدایە.

مەفهومی ئەخلاق بە پلەی یەك پێویستیەکی گەورەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە، بەڵام لە جیهانی ئاژەڵو باڵندەکاندا ئەخلاق بە باشی



درکی پێدەکرێت، بۆ نموونە: گیان لەبەرە دڕەندەکانیش پەیوەستن بەوەوە کە دەبێت رۆژانە قووتی بێچووەکانیان بەدەست بهێنن، رێز بە پێی سیستمی جیهانە پڕ لە نهێنیەکەیان بە باشی دەبینرێت، دواجار کە بێچووەکانیش گەورە بوون هەمان سیستم پەیڕەو دەکەنو بە شێوەی بۆماوەیی ئەکار لە نەوەی پێشترەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەی نوێ، بەڵام ئاخۆ ئێمە چی جێدەهێڵن بۆ نەوەی داهاتوو تا کاری لەسەر بکەن!!، فێری ململانێو راپۆرتنووسیو دووبەرەکیو لاموبالاتییان ناکەین بەرامبەر بەو مێژووەی کە ساڵەهایە بەو شێوەیە دێتو دەڕواو جگە لە دەمارگیری هیچی دیمان بەرهەم نەهێناوە؟!!

جێی خۆیەتی دان بەوەشدا بنێم کە من وەکو کەسێکی ئەکادیمی باس لە باری شێوای کۆمەڵگە ناکەم، من لێکۆڵەرەوەی کۆمەڵایەتی نیم، بەڵام بێدەنگ بوون لەو پرسە هەستیارە، بە تاوانو کەمی دەزانم بۆ خۆم، بۆیە دەمەوێ هەندێك سەرنجو تێبینی بخەمە بەرچاوی قەڵەمە بەبڕشتەکان تا ببێتە مەسەلەیەکی جدیو کاری باشتری لەسەر بکەن، چیدی کاتی ئەوە هاتووە بە ئەخلاقی خۆماندا بچینەوەو راستگۆیانە دان بەهەڵەو نائاکاریماندا بنێین .. بۆ ئەوەی هەندێك لە جوانی بگەڕێتەوە بۆمان.

دوا وتەشم بۆ ئەو بەڕێزەیە کە وەکو نموونە هێناومەتەوە لەم باسەدا .. هەندێ لە خۆت وەرە خوارەوە، لەوانەیە کەڵکت نەبێت بۆ کۆمەڵگە، باڵ رامەوەشێنە بەسەرماندا گوایە سێ دەیەیە تۆ دەنووسێت، چونکە من هیچ لە تۆوە فێر نەبوومە، تەنها ئەوەندە نەبێت: خەریکە ساڵەکان کۆ بکەمەوە کە من تیادا دەنووسم بۆ ئەوەی بەسەر کەسانی دیکەدا پۆز لێبدەم. لێگەڕێ لە خودپەسەندی .. هاوڕێ بە تەمەنەکە ئەخلاق بۆ هەموومان پێویستە.

**لەلاپەڕە(٧)ی ژمارە(٦٨)ی هەفتەنامەی(کەرکوکی ئەمڕۆ)دا بلاّو بووەتەوە**

# شۆڕشی کوردیو .. گەمەی دەسەڵات

کورد لەوەتەی هەیە، نەبووە بە هیچ .. جگە لەوەی وەکو ناوێك لە زۆربەی دونیادا ناوی هەیە، مێژووی نووسراویشی بەشێوەیەکی گشتی باس لە شۆڕش دەکات بەر لە هەر شتێك، بێگومان شۆڕشیش بۆ ئازادیو رزگاری کراوە، ئەمە لەلایەکو هەوڵو تەقەللاکان بۆ وەرگرتنو بەدەستهێنانی دەسەڵاتو کورسیو پلەو پایە لە لایەکی دیکەوە.

تێکڕا هەموو شۆڕشەکانمان هەوڵدان بووە بۆ دروستکردنی کیانی کوردی لە رۆژهەڵاتی ناویندا، کە پێگەی سەرەکی کوردانو خاکی کوردانی هەر چوار پارچەکەی تیادایە، بەڵام لە بەرامبەر هەموو شۆڕشو بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی کورددا .. لەناوخۆی کوردانو لەلایەن دوژمنانیشیەوە بە ئاسان کار کراوە بۆ تەشویهکردنی سیمای شۆڕشو ئامانجەکانیو دواجاریش بەرەو ئیفلیجکردنو نوشست پێهێنانی، بەڵام لە هەمووی کارەساتتر .. ئەوەیە کە خاڵی لاوازی کورد لەهەموو سەردەمەکاندا .. دەستی لەبار بردنی هەوڵو کۆششەکانی لە ناوخۆوە بووە .. ئیدی چ وەکو کلکایەتیو جاشایەتیو فریوخواردن بووبێت .. یاخود ململانێی وەرگرتنی دەسەڵاتو ناو و پلەو پایە.

بە گشتی نەتەوەی کورد نەیتوانیوە ستراتیژی سیاسەتی کوردایەتی هەبێتو تەوەرێکی دیاریکراوی نەبووە لەو رووەوە، هەر بۆیە بە بەردەوامی گۆڕانکاری کتو پڕ هەبووە لە بەرنامەکارو سیاسەتی پارتو لایەنە سیاسیەکانی شۆڕشی کوردیدا .. ئێستاشی پێوە، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە: کورد .. نە ستراتیژی سیاسەتی پاراستنی ئاساییشی نەتەوەیی هەیەو نە هەنگاوی جدی لەو رووەوە ناوە .. نە هاوپەیمانێکی راستەقینەی هەیە لە دەرەوەی خۆی، لە ناوخۆشدا ناتەبایی کوردان هەموو هێزو گوشاری پارتو بزوتنەوەکانو تەنانەت رای شەقامیشی لە زوڕنای دەستی مناڵی سەر شەقامێکی ئەوروپا بێ بەهاتر کردووە.

لە هەموو سەردەمەکاندا دوژمنەکانی کورد لە رووی سیاسەتو هێزو میکانیزمەوە لە کورد بەهێزتر بوونەو هەرچی گیانبازیو نەفەسدرێژی کوردانیش بووە، نەبووەتە خاڵی گوشار بۆ دروست کردنی ئەو کیانەی کە کوردان ساڵەهایە خەباتی لە پێناودا دەکەن.

ئێستاو پاش روخانو نەمانی دەسەڵاتی پارتی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبی، دەرفەتی زێڕین لە بەردەمی کورداندایە، تا بتوانن خەونە لە مێژینەکانیان بەدی بهێنن، بەڵام موبادەرەی پێکەوەژیانو یەکێتی خاکی



عێراق لە باشووری کوردستان، لاوازی دەدات بە رەوایی داواکردنی مافی سەربەخۆییو بە دروست کیانی کوردی لەم پارچەیەی کوردستان.

دەبێ چی لەوە نائاگاییتر بێت کە بۆ پشتگیری لە داواکانمان، روو لە دوژمنەکانمان بکەین، کە لێرە رۆژانە سەرکردەو سیاسەتکارەکانمان دەبینین .. لەوڵاتانی دوژمنو داگیرکاری خاکی کوردانەوە .. بانگەشەی برایەتی دەکەنو پێم وابێت بۆ بە دەستهێنانی پشتگیریش دەچن.

ئەم ئازادییە نەوعییەی لە باشووری کوردستاندا هاتووەتە بوون .. تروسکەی ئومێدو خەونی کوردانی هەر سێ پارچەکەی دیکەی کوردستانیشە، لەبار چوونو کەمکردنەوەی .. کاریگەری لەسەر رەوشی سیاسیو کۆمەڵایەتی کوردانی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەبێت.

دەکرێت لە سەر ئاستی بەرزی سیاسەتکارانی کورداندا .. لە هەموو بەشەکانو هەموو پارتە کوردستانیەکاندا .. بە هەموو جیاوازییەکانیشەوە، ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردی پێکبهێنرێت، کە بالاترین دەسەڵاتی سیاسی کوردیان پێ بسپێردرێت، هەر ئەو ئەنجومەنەش سەر پشك بن لە داڕشتنو دیاریکردنی ستراتیژی سیاسەتی نەتەوەیی، بە مانا ناسیۆنالیستیەکەی .. نا، بەڵکو فاکتەرێك بێت بۆ بەهێز کردنی دەنگو سیاسەتی کوردی لە رۆژهەڵاتی ناوینو هەموو جیهانیشدا، نەك وەکو ئەوەی ئێستا زۆر جاران لە گوتارو دروشمی پارتە کوردییەکاندا کاڵبووەتەوە.

لێرە .. لە باشووری کوردستان ئەوەندەی کار بۆ بردنەوەو وەرگرتنو بەدەستهێنانی دەسەڵات دەکرێت، ئەوەندە بیر لە سەرکەوتنی ئامانجەکانی شۆڕشی کوردی سەردەمی شاخ نەکراوەتەوە، کە ئەگەر هەندێك وردتر سیاسەتکاران مێژووی کورد بخوێننەوەو لێی بکۆڵنەوە، خراپترین سیاسەتێکە لەم سەردەمەدا جوداخوازیو تاکڕەویو دابەشکردنی دەسەڵات .. لە خاکێکدا کە هێشتا دوژمنەکانمان بە حەرامی دەزانن لێمان.

**لە ژمارە(٤٢)ی رۆژی ٢٠٠٤/١٠/٣١ رۆژنامەی کەرکوکی ئەمڕۆدا بڵاو بووەتەوە.**

## ڕەوشی کۆمەڵایەتی کەرکوک

کەرکوک شارێکی تاسەر ئێسک وێرانکراوە، بە پێی بەرنامەیەکی تۆکمەی دوژمنکارانە لەلایەن بەعسەوە، ئەمەش وای کردوە بەها مرۆڤایەتیەکان تاڕادەیەك کاڵ ببێتەوەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەبەر یەك هەڵوەشێنەوە.

هەڵبەتە قسەکردن لەسەر باری کۆمەڵایەتی هەر شارو ناوچەیەك خوێندنەوەی وردی دەوێ تا بتوانرێ هەق بە هەموو پێودانگەکان بدرێت، بەڵام من لێرەدا دەمەوێ بەشێوەیەکی رووکەش لەسەر هەندێ لایەنی نێو شەقامی شاری کەرکوك هەڵوەستە بکەمو شتێك لەو بارە گرانەی هاتووەتە سەر شانم وەکو مناڵێکی پێشووتری ئەم شارەو لاوێکی ئێستای .. بخەمە سەر رووپەڕی رۆژنامە.

گەر بە نێو بازاڕو شوێنە گشتیەکاندا سەر پێیانە گوزەرێك بکەینو هەندێ بە تیاڕامانەوە لە جۆری مامەڵەو لێکگەیشتنی خەڵکی ئەم شارە فرە نەتەوەیە بڕوانین، دەبینین کە ئەوەی مێژوو لە بارەی پێکەوەژیانی وەك یەکی برایانەی نەتەوەکانی شاری کەرکوکەوە تۆماری کردوە، ئێستا لە هیچ روویەکەوە لە جێی خۆی نەماوە، هەر لە شێوازی ئاخاوتنو یەکدی قبوڵکردنو رێز لە یەکگرتنو تا دەگاتە باوەڕهێنان بە خاوەنداریێتی هەمە لایەنەی کوردو تورکمانو کلدو ئاشوریو کەمینەیەکی عەرەب، لە چوارچێوەی کوردستانیەتی شارەکەدا.

ئەمانە لەلایەكو ئەو گرفتە دەروونیانەی بۆ هەر یەکێ لە دانیشتوانی شارەکە دروست بووە لە لایەك، کە بەجوانی هەستی پێدەکرێت خەڵکی شاری کەرکوك، بە هۆی دەسەڵاتداریێتی بەعسەوە تووشی گرفتی هەڵچوونی دەروونی بوونە، ئەمەش گەر لێکۆڵەرەوە کۆمەڵایەتیەکان بێنو دیراسەیەکی مەیدانی بۆ بکەن، لەوانەیە بەرەنجامەکەی ئەو راستیەمان بۆ وەدەربخات کە تا چ رادەیەك کەرکوك تێکشکێنراوە لە هەموو روویەکەوە، بۆ نموونە: هەر لە شێوازی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلێکەوە تا دەگاتە فرۆشتنو کڕینو تەنانەت زمانی گفتو گۆو دیالۆگیش، هەر دەمارگیری پێوە دیارەو ناحاڵیبوون زاڵە بەسەر تاکەکانی نێو شەقامو بازاڕی کەرکوکەوە، ئەمەش



ناگەڕێتەوە بۆ هەڵسوکەوتی بۆماوەیی دانیشتوانی پێشینەی شاری کەرکوك، بەڵکو بەرەنجامی ئەو سیاسەتە نامرۆڤانەیەیە کە بەعس لەم شارە گرنگەی کوردستاندا پەیڕەوی کردوەو خۆی کردبوو بە دێوەزمەی شەوو رۆژی هەموو تاکێکی ئەم شارە.

**لە ژمارە( ١٠٧) ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٥ هەفتەنامەی(باسەڕە)دا بلاۆ بووەتەوە**

# دەستورو دەستدوور

دەستور ئەركی یاساناسانو دادپەروەرانی ولاتە، كاتێك دەیانەوێ لەرێی یاسای تایبەتەوە ئەركو مافەكانی هاولاتیان دیاری بكەن لە چوارچێوەی نەخشەیەكی دارێژراوو سنوردارو تۆكمەدا.

جیاوازی نێوان دەستوری ولاتانیش، ئەوە شتێكی روونەو پێویست بەوە ناكا هیچی لەسەر بوترێ، بەلام گەر بە مەبەستی گەیشتنو نزیكبوونەوە بێت لە دەستوری بەجێو شیاوتر بۆ دابینكردنی خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ هاولاتیان.

لێرە .. لە ولاتێكدا كە تاوەكو ئێستاش، دانانو دارشتنی یاساو دەستوری ولات، تەنها بۆ پاراستنی بەرژەوەندیو ویستی لایەنو كەسانێكە، كە دواجار دەیانەوێ لەو رێیەوە جلەوكێشی هەموو وزەو ویستی خەلكی بكەن، دەبێت دەنگێكی جودا بێتە ئاراوە، تا كار لە كار نەترازاوە، ئەگەرنا زیانی گەورە لە میللەت دەكەوێت.

ئیبراهیم جەعفەری كە ئێستا لە پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراقدا بیر لە وەدیهێنانی خەونو ئامانجە سیاسیەكانی شیعە وەكو پێشەكیو دواتر عەرەب دەكاتەوە، دەبێ ئێمە بگەرێینەوە بۆ چەند مانگێك لەمەوبەر كە جەعفەری بە چی گیانێكەوە رووی دەكردە كوردستان بۆ ئەوەی لەگەل سەركردەكانی كوردا بگاتە ئەنجام، دەبێ بزانین كە بە زمانی شیرینی خەریكی چ گەمەیەك بووە لەگەل كورداو ئێستا دەردەكەوێ مەبەستی نیازپاكی نەبووە لەگەل كوردو سەركردەكانی، دەنا بۆ لە پاش دارشتنی دەستوری كاتی ولاتو لە پاش هەلبژاردنو دانانی سەرۆك كۆماریش، نمایشێكی دیكە دەست پێدەكاتو قەلس دەبێت بە دەستەواژەی(عێراقی فیدرالی دیموكراتی)، دیارە ئەو ئێستا دلنیایە لە بردنەوەی گرەوی خۆی لە كورد، بۆیە بێشەرمانە نائامادەگی خۆی دەردەبرێ بەرامبەر بە سوێندخواردنی .. لەسەر وەها دەستەواژەیەك كە دروشمی عێراقی ئایندەیەو دەكرێت لەو روانگەیەوە كار بۆ پێكەوەمانو یەكێتی خاكی عێراق بكاتەوە، نەك جێبەجێ كردنی بریارەكانی پشتی پەردەی ئیئتیلافی شیعە، كە رونو ئاشكرا دەیانەوێ كۆمارێكی دیكەی ئیسلامی هاوشێوەی ئێرانمان بۆ بهێننە بوونو تیایدا دەبێت هەموو سیستانیو موقتەداكان پیرۆز بنو خەلكانی دیكەش بەر نەفرەتی ئەوان بكەون.



كابینەی حكومەتێك پاش دوو رۆژ پرۆسەی سوێندخواردنیان پێ دووبارە بكرێتەوەو متمانەیان پێنەكرێت، دەبێت متمانەی چییان پێبكرێت بۆ ماوەی داهاتووی حوكمرانیان لە پۆستەكانی دەسەلاتەوە، بەلێ ئەنجومەنی نیشتمانی دارێژەری دەستورو یاسایە، بەلام خۆ ئەنجومەنێكی نیشتمانی كاتیش هەبوو، كاتێك لە دەسەلاتە كاتیەكەی پێشتر یاوەرو عەلاوی زۆرێك لە پیلانو فێلەكانی خۆیان جێبەجێ كرد .. هەر لە دواخستنی مادەی(٥٨)ی یاسای كاتی بەرێوەبردنی ولات .. تا دەگاتە وردەكارییەكانی دیكەی بایەخدان بە هێنانەوەی بەعسیەكان بۆ نێو كایەكانی دەسەلاتو پەراوێزخستنو گرنگی پێنەدانی كوردو كێشەكانیو زمانەكەیشی.

لێرەوە دەبێت بیر لە چارەسەر بكەینەوە، كە پێدەچێ برینی سبەینێ، لە برینە كۆنەكان سەختتر بن، چونكە لە پاش نەمانی سەدامو بەعسیزم قبول ناكرێ چەندین سەدامی دیكە دروست ببنەوەو جارێكی دیكە بكەونەوە جەستەمانو بمانكەن بە قوربانی شۆڤێنیزمە جاهیلەكانی خۆیان.

هەقیان بە دەستە ئاوهامان لەگەل بكەن، كە دەبینن لیستی هاوپەیمانی كوردستان لە مالی خۆیاندا نا تەباو دژ بە یەكن، ئەوەتا لیستی برایەتی كەركوكو تازە پەرلەمانەكەی كوردستان لەسەر هیچ رێكناكەون، ئەوەتا هەر خەریكن خالی لاواز دەدەنە دەستی نەیارانو دوژمنانی كوردەوە، ئەوەتا خەریكە مالی كوردی دەخەنە مەترسی لەبەر یەك هەلوەشانەوەوە.

سیاسیەكانی ئێمە میللەتیان پشكدار نەكرد لە هیچ بریارێكدا، هەموو رێككەوتنەكانیان لەگەل بەغدادا لە دانیشتنە داخراوەكانیاندا تاوتوێ كردو هیچ كەسێك لە دەرەوەی ئەوان، نەیتوانی بە یەك وشەش پێشنیار بداتە بەرێزیان، تا لە ئایندەدا گەر دۆخەكە بە خراپ شكایەوە، تاوانەكەی تەنها نەكەوێتە ئەستۆی سەركردەكانی كورد.

خەلكی كوردستان دەنگی خۆیان دا بە لیستەكانی پارتیو یەكێتیو ئەوانیش بەبێ بیر كردنەوەو رێزلێنانو بایەخدان بەو ئەركەی كە خەلكی كوردستان كێشایان بۆ ئەوەی لیستی كوردیی زۆرترین دەنگ بە دەست بهێنێت، تەنها بیریان لە بەرژەوەندی حیزبی كردووەتەوەو ئەوەی نەچێتە تەرازوویانەوە نایكێشن، گەر باشترین رێگەچارەیش پێشنیار بكرێت بۆیان، ئەوان نایبیستنو نایبینن، چونكە پێیان وایە كوردو كوردستان تەنها دابەشی سەوزو زەردەو هیچی دی .. ئاخر

بەڕێزینە دەکرێ هەنگاوێك لەم دیو کورسیەکانتانەوە گوێ لە خەڵکی بەویژدانیش بگرن، کە پێتان دەڵێن: بۆ هەموو جارێك بەرژەوەندی خۆتان لەبەر چاو دەگرن‌و هەموو ماف‌و بەرژەوەندییەکانی گەلیش وەکو سفری دوای فاریزەیەو هیچ ماهیەتیەکی نیە لاتان ؟!!، گەر میللەت داوای لێك تۆران‌و دووربەرەکی لێتان کرد بە گوێیان مەکەن، گەر داوای دوو ئیدارەیی لێتان کرد بە گوێیان مەکەن، گەر داوایان کرد کورسیەکانتان جێبهێڵن‌و بڕۆنەوەماڵەوە هەر بە گوێیان مەکەن ..!! بەڵام کە دەڵێن: تکایە با پەشیمان نەبینەوە لەو دەنگانەی پێمان دان‌و بەرژەوەندی کورد لەبەر چاو بگرن .. قەیچێکە هەندێك لەو داوایە رابمێنن، ئاخر ئێوە دەزانن یان .. نا، ئەو دەنگانەی بەدەستتان هێنا تەنها دەنگی کادرو پێشمەرگەو لایەنگرانتان نەبوو، دەنگی هەموو کوردێکی کوردستان بوو کە وایان دەزانی ئەمجارە بەڕاستی بیرتان لە کوردو کوردستان کردووەتەوە، ئەگەرنا دەتوانن راپرسیەك بکەن، بزانن کەس رازییە بەوەی کە جارێکی دیکە لەگەڵ عێراق‌و دەستوورە دەستوورەکانی سیاسیە ئیفلیجەکانی عەرەبدا هەڵبکات‌و جارێکی دیکە بچێتەوە چوارچێوەی جوگرافیایەك کە تیایدا ئیهانەی کوردبوون‌و مرۆڤبوونمان کراوە ..!!؟.

بڕوا ناکەم هێندەش بێ ئاگا بن .. ئاگاتان لەو داوا سادەیەی خەڵکی کوردستان نەبێت، بەڵام پێدەچێ بورجی تاکی کورد شوێنەکەی خراپ بێت لەسەرەتای هەڵهاتنییەوە بۆ یەکجار لە ئاسماندا، هەر بۆیە هەمیشە دەبێت لە دوودڵی‌و یەئسدا بژین‌و ئەو ئومێدەی کە هەشمانە ئەوەیە کە دەڵێین: بەڵکو خوا نای لە دڵییان‌و ئەمجارە بیریان لە کورد کردەوە.

ئاخر منێك لە ئێستاوە کە دوو ساڵ بەسەر نەمانی سەدامدا تێپەڕیوە .. هەموو فێڵ‌و تەڵەکەبازییەکانی(یاوەرو عەلاوی‌و جەعفەری‌و ..)کێ‌و کێی دیکە ببینم !! بۆ دەبێت ئیمان بهێنم بەوەی کە سبەینێ لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا مافەکانی کورد دەچەسپێت‌و کێشەو گرفتەکانمان چارەسەر دەبێت !! .. باشە گەرەنتی چیە بۆ ئەوەی دەستوری پێشنیار کراو .. دەستوری چەوسانەوەو جارێکی دیکە دیلکردنی کورد نابێت لە چوارچێوەی عێراقێکی نا دیموکراتی‌و نا فیدراڵی وەکو ئەوەی خواستی جەعفەری‌و یاوەرو عەلاوی‌و شەعلان‌و هەموویانە .. !!؟؟.



کاتی ئەوە هاتووە کە چیدی بێدەنگ نەبین‌و بیر لە ئایندەمان بکەینەوە، چونکە لە ئێستادا ئایندەمان تاریك دێتە بەرچاو ئەگەر کار وا بڕوات.

با بەو دەستورە دەستوورەی عەرەبیش رازی نەبین، کە رێ دەگرێ لە بیرکردنەوە لە جیابوونەوەی کورد لە عێراقی عەرەبی.

**لە لاپەڕە( ٢ )ی ژمارە( ٦٧ )ی هەفتەنامەی( کەرکوکی ئەمڕۆ )دا بڵاو بووەتەوە**

## ئەو کوڕی باشەو ئێمەش(..)ین!!

ئەو یەکێکە لە کوڕە گوێ ڕایەڵەکانی حیزب، ئەو راپۆرتنووسێکی بە سەلیقەیە، ئەو بەدبینە بەرامبەر زاراوەکانی(ئازادی رادەربڕین، دیموکراسی، یەکسانی ژن‌و پیاو .. هتد)، ئەو زۆرجار بۆ کاری تیرۆریستیش چەپڵە دەکوتێ کە بەرژەوەندی حیزب گەرەکی بێت، ئەو من دەبینێ وەك تارمایی دوژمنی خۆی، من‌و ئێمە دەمانەوێ بۆ پاکبوونەوە بنووسین، پاك بوونەوە لەو تەمەنەی گێلانە لێمان تێپەڕیوە، پاکبوونەوە لە رەشیی شەپۆلەکانی تاوان.
ئەو هەمیشە توانای جوێ کردنەوەی(خائین)و(دڵسۆز)ی هەیە، خائین لای ئەو، ئەو کەسەیە بەخوێن‌و رۆح لەگەڵ حیزبدا نیە .. خائین لای ئەو، ئەو کەسەیە نووسەری بابەت‌و هەواڵی بەرپرسۆکە موخالەفەچییەکانە، دڵسۆز لای ئەو، ئەو کەسەیە بەڕشتنی خوێنی ئەو مرۆڤانە ئاسودە بێت کە لەدەرەوەی حیزبەکەیدان، دڵسۆز لای ئەو، من نیم‌و ئێمەش نین، ئەو کە مانشێتی رۆژنامەیەك دەبینێ نووسراوە بەرپرسی فلاّن فەرمانگە، کە سەر بە حیزبی(فلاّن)ە، موخالەفەی کردووە، ئیدی حوکمی بەپەلە دەدات‌و دەڵێت:"ئەمانە هەمووی کاری جاسوسیە. مەبەستیان دوورخستنەوەی خەڵکە لە حیزبمان"، لەوێشەوە خۆی دەکات بە کوڕی باش‌و ئێمەش بە(جاش)! ئەو بەم وتارەی منیش خۆشحاڵە، چونکە وادەزانێ باسی نەیارانی حیزبەکەی(ئەو) دەکەم، (ئەو) هەموو خراپیەکانی خۆی وەك سەروەری دێتە پێشچاو، جوانی‌و چاکەی ئەوانی دیکەش وەك چالاکی دوژمنکاری.
(ئەو) دەیەوێت بە مەقەستی چاوەکانی زوبانی پێنووسەکانی ئێمە ببڕێتەوە،(ئەو) کە دێتە قسەش هەر دەبیستی دەڵێت:"تێدەکۆشین لەپێناو ئازادی‌و دیموکراسی‌و یەکسانی‌و سەربەخۆیی‌و .. هتد"، ئیدی بەقسەی ئەو،(جاشەکان) باش دەکرێن‌و(باشەکان)یش جاش، چ سەراسیمەیەکە کەسێك گوللە بۆ ئازادی کوردستان دەتەقێنێ، کەسێك کە گوللە دەنێت بە ئازایخوازانەوە، لە تەرازوویەکدا دادەنرێن‌و زۆر جار لە پاداشتیشدا، تای تەرازووی ئازادیخوازەکان سووکتر دەردەچێت، ئەمەیە باشێتی(ئەو)و (جاشێتی) ئێمە.

**لە گۆشەی(هەناسە)ی دوا لاپەڕەی ژمارە(١٠٦)ی هەفتەنامەی(هاولاّتی)دا بلاّوبووەتەوە.**



## بۆ(دلێر)ی دلێر

دەستە بچوکەکانی خەمی منداڵە بێ نازەکانی "شۆڕش"، زوو زوو دەستی فرمێسکەکانتیان دەگرت بۆ پیاسە لەسەر گۆنا تۆز لێ نیشتوەکەت، خەمی "شۆڕش"بالاّی دەکردو بالاّی پێکەنینت کورت دەبوەوە، شەڕت بۆ کوشتنی خەمی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دەکردو بەزوبانە شیرینەکەت لە ئینجانەی ماڵی کوردە بێ موبالاتەکان خونچەی هیوات دەدزی بۆ یەخەی ژنە رەشپۆشەکان، تۆ لە "شۆڕش"دا گەوری بوویت، "شۆڕش" لەتۆدا جێی دەبوەوە، زۆر گەورە مەسئول هەبون دەترسان کە لە دەرگایان دەدرا "دلێر" بێت، دلێر .. دلێر بوو، ئاخر بۆ نەتزانی بەخامە ماندوەکەت بەری لوولەی تفەنگ ناگیرێت، حەز ئەکەم وەسێت کردبێت کە دوای خۆت پێنوسەکەت بەکێ بدرێت، کێ وەك تۆ بوێرەو یەخەی بێ خەمەکانی شار بگرێت..، هێندە خەمی خەڵکی شارەکەت بوو دواجار بالاّی خەمیان روخا بەسەرتا، تۆ ویستت لە بری شەڕە گوللە شەرەماچ بکەن، ئەوان ماچی قەرەوڵی تفەنگەکانیان کردو ماچە گوللە رووی تێکردی، زۆر دڵسۆز بووی بۆ گووللەکانشیان هەروەکو خەمەکانیان بەتاسەوە گرتنە سنگەوە، "دلێر" گەورەییت لەوەدا بوو جەستە خەوتوەکەت بەسەر دەستی هاوڕێ خۆشەویستەکانتەوە بوو، هەرچەندە لاوێك بووی ریشت سپی نەکردبوو بۆ خەمی ئێمە، بەلاّم دڵنیابە هیچ ریش سپیەکی ئەم شارە هێندەی تۆ خەمی ئێمەی نەبوو، هاوڕێم "دلێر" تۆ بە کۆڵێ خەمی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان‌و خەڵکی بێ دەرامەتی "شۆڕش"ەوە لەگەڵ چەند گوللەیەکدا چوویتە پیاسەی مەرگو بەدولبەرەکەتت نەووت من ئەڕۆم‌و ناگەڕێمەوە، ئێمەت جێهێشت لەنێو ئەم جەنگەڵە بێ سەرو بەرەیەو نیو هێندەی تۆشمان لەدەسست نایەت، نوستیت‌و دڵی ئێمەت هێنایە گریان، بەخوێنە پڕ لە بەرائەتەکەت بەهاری ئەم ئازادییە پەژموردەیەت ئاڵ کرد، کوشتنی تۆ پەیامێك بوو بۆ جیهان کە بزانن "شتێك نیە ناوی ئازادی بێت لەم ولاّتە"، بە لێپرسراوانی شارەکەشت دەڵێیت:. "من دەڕۆم‌و توخوا ئیدی خەمەکانی من هەڵگرن، ئەنفالەکان لەبیر مەکەن، خەڵکی پشت گوێخراوی "شۆڕش" بێ نازتر مەکەن، خزمەت بەشارە بچوکەکەم بکەن".

ئەم وتانەم لە سيماتدا خوێندەوە هاوڕێم كاتێك گەيشتمە سەرتەرمەكەتو هێشتا خوێنت لێ دەچۆڕا.

**لە(دوالاپەڕە)ی ژمارە(١٢٥)ی هەفتەنامەی(هاولاتی)دا بلاوبووەتەوە.**



## بۆ ئەوەی كەركوك ببێ بەشار

شاری كەركوك خاوەن مێژوويەكی دێرينە، مێژوويەكی پڕ لە نەهامەتیو پڕ لە كارەساتو پڕ لەژێر دەستەيی، بەڵام ئێستا كاتێك بەناويدا گوزەربكەيت بزە دێتە سەر لێوەكانت بۆی، كە دەبينی خەڵكی شارەكەو شەقامەكانی ئازادييان بەبالادا كراوە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرت سوڕدەمێنێ كەديمەنی شێواوی ئەو شارە دەبينی، لەكەركوكدا ژێردەستەيی وايكردبوو كەكەس نەتوانێ تەنانەت خانوەكەی خۆيشی نوێ بكاتەوە، هەميشە مرۆڤەكانی وەكو ميوان بوونە، لەكاروان سەرايەك دەچێت زۆربەی شەقامەكانی شكاوەو زێرابی نيە، ئاوی ئاوەڕۆكانی لەزۆر شوێن بە شەقامەكاندا تێدەپەڕێت، بۆنێكی زۆر ناخۆشو نا تەندروستی هەيە، خۆ نەدەكرا كاتی خۆی سكاڵا بكەنو داوای زێرابو قيرتاويان بكردايە، چونكە گرتوخانەكانی شار زۆربوون بۆ پڕكردنەوەيان بەخەڵكی بێ تاوان، ئەم هۆكارانە وايان كردبوو شارەكە وەك وێرانەيەكی لێ بێت، دەسەڵاتدارە بەعسيەكانيش تەنها سەرقاڵی داڕشتنی پرۆگرامی سەركوتكردنو دەستەمۆكردنی دانيشتوانی شاربوون، لەوەش زياتر خەڵكی چاوەڕێی مەرگی لێدەكردن كە دياری دەستو تفەنگەكانيان بێت. پاش ئەوەی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی بەعس بەسزای خۆيان گەيشتن كە نەمانی دەسەڵاتەكەيان بوو، ئێستاش كاتی ئەوە هاتوە ئەو لايەنەی كە شەرعيەتی ئيدارەی شاری كەركوك بەخۆی دەدات بكەوێتە كار بۆ خزمەتگوزاری لەهەموو روويەكەوە بۆ كەركوك. كەركوكی دابڕاو پێدەكەنێ، كاتێك بەرەبەيانی ڕۆژی ٤/١٠ هەواڵی گەڕانەوەی خۆی بيست بۆ باوەشی كوردستانی دايك، ماچبارانی هەموو پێشمەرگەو ڕۆژنامەنووسو ميوانەكانيان دەكرد، نەياندەزانی كە جگە لە پياوەكانی ڕژێم، خەڵكی كوردستانيش دەروون نەخۆشيان تيادايە، هەر بە تاڵانيەوە نەوەستان خوێندنگەو كۆلێژەكانيشيان تاڵان كردو سوتانيان، سەرچاوەی ئاوی شارەكەيان بڕی، كەركوكيان توڕەكردو گريا.

لاوانی ئەم شارە لەهەموو خۆشگوزەرانيەكی ژيان بێبەش بوون، ئەوەی فێردەكرانو ڕێيان پێدەدرا ئەوە بوو كە لەبۆنەو هەڵبژاردنەكاندا، چەپڵەو بەلێ.. بەلێ دوبارە بكەنەوە بۆ سەركردەيەك

بەرلەوەی ببێ بەسەرۆك هەموو بنەما مرۆییەکانی خۆی دۆڕاندبوو، بۆ حیزبێك مرۆڤی وەکو گەلای دارێکی نەخۆش تەماشا دەکرد، تەنها سوتانو بەکۆمەڵ کوشتنی پێ ڕەوا دەبینین، بۆ دەسەلاتێك تینوی خوێن بوو.. خوێن. بۆ ئەوەی ئەو رۆژە خوێناویو رەشانە لەبیرو هۆشی خەڵکی شاری کەرکوك کاڵ بکەینەوە، پێویست دەکات جگە لە پرۆژە حکومیەکان پرۆژەی ئەهلیش بیگاتێ، وەکو سەنتەرەکانی تەلەفۆنو فاکسو ئینتەرنێت، بۆ ئەوەی ئاشنای جیهانی دەرەوەی شارەکەیان بن، رێکخراوەکانی لاوانو ژنانو منالپاریزی کوردستان با خێراکەن بۆ کردنەوەی بارەگاو کەوتنەکار بۆ بوژاندنەوەی دەروونی خەڵکی ئەو شارە بەکوردو عەرەبو تورکمانو ئاشوورییەوە، با ژیانی کەرکوك بکرێت بەژیانی شارێکی ئاسایی. بە بازاردا کە تێپەڕبووم چەند لاوێکم بینی لە "شارع الجمهوری"ی کەرکوك بانگیان کردم کە دەیانەوێت قسە بکەن، وتیان ئێمە بەس لەژێر شەقو گوشاردا بووینە، دڵمان زۆر خۆشە بەم رۆژە، دەمانەوێ ئەو قسانەی کە زۆر زوو نەماندەوێرا بیکەین ئێستا بیلێین، حەز دەکەین خۆمان لە تەلەفزیۆنو رۆژنامەکان ببینینەوە، وتەکانی خۆمان بخوێنینەوە، هەموو گیانمان شوێنی سوتانو کێبلو شەقی زیندانەکانە، زۆر شتی دیکەی گێڕایەوە..، بەلام لەو رووشەوە هەستم کرد کە بە هەموو کەنالو رادیۆو رۆژنامەکانی کوردستان هێشتا تەغتیەی رۆژنامەوانی ئەو نەهامەتیو کارەساتو پێویستیانەی شاری کەرکوك ناکرێت، هەر بۆیە لەبری دانیشتوانی شاری کەرکوکو شەقامو کۆلانەکانی دەلێم:. پێویستی بەخزمەتی زۆرە شاری کەرکوك، چیدی کاتی ئەوەیە "بۆ ئەوەی ببێ بە شار" خزمەت بکرێت، دەستی هەموو لایەکی دەوێت کە خزمەتی بکات.

**لەلاپەڕە(١١)ی ژمارە(١٢٠)ی هەفتەنامەی(هاولاتی)دا بلاوبووەتەوە.**

## بۆ دەوڵەتی کوردی نەبێت ..!!؟

ئەم ناونیشانە .. دروشمو داوای پارتو رێکخراوەکانی گۆڕەپانی سیاسەتی کوردی نییە، بەڵکو ویستی هەموو تاکێکی نەتەوەی کوردەو دەبێت لێی بێدەنگ بین!!!.

سەدەی بیستو یەکو هەزارەی سێهەم زۆری لەگەڵ خۆی هێنا .. لە ئازادیو سەربەستی بۆ گەلانی دونیا، کورد نەبێت نەخشەیەکی وای بۆ دەکێشن تاهەتایە بەم چەشنە .. ژێردەستەییو خاکدزراوییە بمێنێتەوە.

کورد کە خاکێکی چوار پارچە کراوی هەیە لەنێوان چوار وڵاتی تاسەر ئێسك شۆڤێنیزمو دیکتاتۆرو هەمەجیدا .. ناکرێ چاوەڕوانی سۆزو سەخاوەتی ئەوان بێتو بێ خەم ئایندەی بداتە دەستی قەدەرێکی پەنهانەوە.

گەلێك خاوەنی ئەدەبو زمانو مێژوو و شارستانیەتو کلتورو خاکی تایبەتی خۆی بێت ..!! بۆ دەبێت هەمیشە بە ترسەوە لە بارەی بەدەوڵەت بوونی کوردەوە گفتو گۆ بکەین؟ هەموو جیهانو وڵاتانی ناوچەکەش گومانو ترس ناخی تەنیون .. نەبادا ئێمە سەرسەختانە داوای(دەوڵەتی کوردی) بکەین ..!! کەچی کە پرسیار دەکاتە بەردەم سەرکردەکانی باشووری کوردستان .. نەرێ دەکەن لە ویستی کورد .. لە دروست بوونی دەوڵەتی کوردی.

پێویستییەکی مێژووییە لە ئێستادا بچینە سەنگەرەوە بۆ داواکردنی(دەوڵەتی کوردی)و خۆمان پڕ چەك بکەین بۆ ئەو جەنگە، چیدی کاتی ئەوە نەماوە تەماشای ئەو یارییە سیاسیانەی سیاسەتکارانی کورد بکەین، کە بنەماکەی روون نییە بۆ ئێمەی کورد.

بۆچی رەوا بێت هەموو دەوڵەتانی دونیا رەقیب بن بەسەرمانەوەو خەریکی پاکانە بین بۆیان .. کە گوایە کوردو کێشەی کورد دەوڵەتی کوردی نییە.

بەڵام با هەموو نەتەوەی کورد باشتر وەئاگابێینەوەو دەنگ هەڵبڕن لە هەر چوار پارچەی کوردستانو داوای ئازادی بکەن بۆ هەموو خاکی کوردستانی گەورەو هەموو خەڵکی کوردستانی گەورە .. لە چوار چێوەی وڵاتێکی کوردی .. دیموکراتی .. سەربەخۆدا.



کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا .. فیدراڵیەت نییە بۆ بەشی باشووری کوردستان .. گەرچی سیاسەتکارانی ئەم بەشە هەڵبژێردراوی هەر چوار بەشەکەی کوردستان نین .. بەڵام بۆ ئەو مێژووەی بێڕەحمانە رەقیبە بەسەریانەوە .. هەق وایە رۆژێك زووتر .. چرکەیەك زووتر خۆیان یەکخەنو گوتارێکی سیاسی یەکگرتوو لەبارەی هەموو نەتەوەی کوردو هەموو خاکی کوردانەوە رابگەیەنن .. ئەو کاتە دەبینن چۆن نەوەی کوردی تینوو بە ئازادی .. بەسەربەخۆیی .. بەدەوڵەتی کوردی .. نەعرەتەی قینیان قەلاگانی داگیرکەرو دیکتاتۆرەکان ژێروبن دەکەن.

ئایە لەمێژووی سەد ساڵی رابردووی کورددا لە ئێستا زیاتر خاوەن هێزو تواناو شتێك لە دەسەڵات بووەو ئەو داوایەی شاردبێتەوە .. وا ئەمان نایانەوێ بەڕووی نەوەی ئەتاتورکو ئەعرابەکانو کۆماری عەبا لە شانەکاندا بێشەرمانەو بێترس بڵێن: کورد دەبێت دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت.

پێویستمان بە هاوپەیمان بوون نییە، کە لەسەر حیسابی کوردان زلهێزەکانی دونیا سەروەتو سامانی عێراق دەخۆن .. خۆ ئەگەر کوردیش لە باشووری کوردستان بەڕووی داگیرکەراندا قوت ببنەوە .. مەحاڵە هێزی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەعێراقدا خۆیان بگرن .. هەر بۆیە جێی خۆیەتی لە ئێستادا زۆرترین توانا بخەینە گەڕ، لەپێناو دارشتنی ستراتیژی سیاسەتی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ.

مەرجیش نییە وەکو جاران چەکەکانمان پڕ فیشەك بکەین، وەها جەنگێك دەبێت کە ئاگامان لە ئیمزاکانمان بێت لەسەر رێکەوتنامەکان، لەسەر ئاستی عێراقو هەموو جیهان.

**لە لاپەڕە(٢)ی ژمارە(١٨)ی رۆژنامەی(نێوەند)دا بلاوبووەتەوە.**

## پەیامێک بۆ هەڵەبجە

هەڵەبجە ئەگەر لەدڵو جەستەماندا برینێکی قوڵ نەبێت، بێگومان لە زاکیرەماندا تابلۆیەکی خوێناویو کارەساتبارە، هەر بۆیە زەروورەتێکی مێژووییە هەموو تاکێکی کورد سەردانی یادەوەری هەڵەبجە بکات، بۆ ئەوەی هەر نەبێت ئەو برینە گەورەیەی جەستەی خاکو نەتەوەی کورد لە کوردستان بەچاوی خۆی ببینێ.

هەڵەبجە تەنها خۆی بوو .. بوو بەناسنامەی یەکەمی کوردی جینۆسایدکراو، لە پاش ئەنفال.

گەلی کورد بەوە تاوانبار کراوە ژێر دەستەییو ماف خوراوی رەتدەکاتەوە، نایەوێت چیدی بەندایەتی هیچ دەسەڵاتو نەتەوەو وڵاتێکی دیکە بکات، ئەمەش بوو وای کرد کە دوژمنان هەموو رێگەیەك بۆ قڕ کردنی کورد بەڕەواو شەرعیی بزانن.

مێژووی زوڵم لێکردنو جینۆسایدی کوردان کۆنە، بەڵام هاوشێوەی هەڵەبجەو ئەنفال نەبووە.

هەموو وڵاتانی دونیاو بەتایبەت زلهێزەکان دانیان بۆ لە خشتەبردنی مافی رەوای گەلەکەمان تیژ کردووە، هیچ نەتەوەو وڵاتێك نیە کە بەڕاستی دڵسۆزو خەمخۆری گەلی کورد بێتو بیەوێت برینێك لە جەستەی نەتەوەی کوردمان کەم بکاتەوە، هیچ وڵاتێك تێناگات خەباتی گەلی کورد لەپای چیە، گەر بشزانن نایانەوێت باسی بکەن، راستیەکان ئاوەژوو دەکەن.

لێرەدا پێویستە سەرکردەکانی کورد ئەو راستیە بزانن کە دەنگی ناڕەزایی منداڵێکی کورد لە موجامەلەی بێ بنەمای گەورەترین وڵاتی دونیا گەورەترە بۆ دروستکردنی فشاری هێزی سیاسیو چەکداری بۆ بەدەست هێنانی مافەکانمانو دژایەتی کردنی دوژمنو نەیارانی نەتەوەکەمان.

هەڵەبجەش گەورەترینو زیندووترین بەڵگەی دەستی میللەتەکەمانە کە وەك چقڵ بیکات بەچاوو جەرگی ئەو وڵاتو لایەنانەی دەستیان بە خوێنی رۆڵەکانی گەلەکەمان سوورەو دەیانەوێ مافی کورد بەڕەوا نەبینن.

هەڵەبجە .. ئەگەرچی نەمانتوانیوە ببین بە هەوایەکی پاکو تەمی خەمی ئاسمانەکەت بڕەوێنینەوە، ببین بە هەتوانی هەندێ لە



برینەکانت، ببین بە نەرمە شەپۆلێکی سیروانو لێوی وشکت تەڕ بکەینەوە، ببین بە نێرگزو سیەکانت پڕ بکەین لە بۆنی بەهار.

ئەوە بمانبەخشە تەنها دەتوانین لەگەڵ پێنووسەکەماندا بۆت بگرین.

**لە لاپەڕە(١٠)ی رۆژنامەی(٣/١٦) ـ ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٠٤دا بڵاو بووەتەوە**

# کەرکوک ئالأی بۆچییە؟

سالأنێك بوو بەعس بۆ سڕینەوەی نەژادی کورد، هەموو ڕێگەیەکی دەگرتەبەر لە عێراقو کوردستاندا، جینۆسایدی جەستەو رۆحو هزرو زوبانو خاکی دەکردین، ئەو درەختانەشی دەسوتاند کە سیمای کوردی پێوەبوو، ئالأی چی ..!! مافی ژیانیشی نەدەداینێ لەشاری خۆمان، عەرەبەکانی بیابانی دەهێناو دەوارە شڕەکەی بۆ دەکردن بە کۆشك لە شارەکەماندا، حوشترەکانی بۆ دەگۆڕینەوە بە ئۆتۆمبێلی باش، گامێشچییەکانی دەهێناو دەیویست بیانکات بە(بولبولەوان).

ئێستاش بەعسو سەدام کە(با) بردونی، کاتی ئەوەیە چیدی لە هیچ کەسێك سلێ نەکەینەوەو پڕ بەدەم هاوار بکەین .. کوردینو کەرکوکیش زێدی باوباپیرانمانە، تۆ بلێی بستێ خاك مابێت بۆ ئەوەی جارێکی دی گۆڕی بەکۆمەڵمان بۆ بکەن.

کۆمەڵە خەڵکێك هاتوون بە هەر شێوەیەك بێت خۆیان کردووە بە دەمڕاستی کەرکوك، بێ ئەوەی یەك هاولأتی دەنگیان بداتێ، ئەمەیان بۆ باری ئێستا قبوڵە، بەلأم ئەوە چ یاسایەکەو چ مەعریفەیەکە ڕێیان دەدات باس لە داهێنانی(ئالأ)یەك بکەن تایبەت بە پارێزگایەك کە کەرکوکە، ئەوە کێیە شوێن پێی ڕژێمە بابردووەکە هەڵدەگرێتو خۆی پێی نازانێت، کوردە بەڕێزەکانی نێو(ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك) ئەگەر باشتان پێ ناکرێ خراپیشمان بۆ مەکەن.

پێشنیاری کێیە داهێنانی(ئالأ)یەك بۆ کەرکوك، کە کتو مت لە حەزی(سەدام) دەچێت، لاتان گرانە شاری کەرکوك سەرپۆشی دایکی لەسەر بکات !!؟ یان دەستێکی دیکەیە فڕیوتان دەداتو پێی نازانن، ئاگاداربن مێژوو شاهیدە بەسەرتانەوە، ئەوەی ئێوە لەسەری رازی بوونە خوێنی شەهیدانی کەرکوك کەڕەتی(سفر) دەکات، ئەگەر ناتوانن دڵی کوردان شاد بکەن ئازاریشمان مەدەن، ئەوەندەی بیر لە ئەلتەرناتێڤی(ئالأ)ی کوردستان دەکەنەوە کە شەقامو شوێنە گشتییەکانی رەنگاڵە کردووە بە رەنگە بەریئەکانی، هەر لە حەزی پێشەوا(قازی محەمەد) دەچێت، بیر لە بنبڕ کردنی ئالأ نەگریسەکەی عێراق بکەنەوە کە هێشتا بە(الله اکبر)ەکەوە لە زۆرینەی گەڕەکە عەرەب نشینەکاندا لەگەڵ وێنەی کەللەسەری دیکتاتۆرە بەزیوەکەدا هەڵئەواسرێ، ئەو ئالأیەی لە سایەیدا سەدان هەزار کورد بە بیانووی



جیاجیا جینۆساید کران، خۆ ئەگەر دادگایەك هەبێت بۆ دادگایی کردنی ئالأ، تاوانبارترین ئالأی جیهان، ئالأی عێراق دەبوو لە هەزارەی(سێ)دا، ئەوەندەی بیر لە پێشنیاری گۆڕینی ئالأی کەرکوك دەکەنەوە، کە فرۆشتنی ناسنامەکەیەتی، بیر لە پاکژ کردنەوەی کەرکوکو ئاووهەواکەی بکەنەوە لە(عەرەبەکانی پرۆسەی تەعریب) .. بیر لە گەڕانەوەی ئاوارە بێ مەنزڵەکان بکەنەوە، مەگەر پێشنیاری یەکەمی(پۆڵ بریمەر) گەڕانەوەی ئاوارەکان نەبوو کەرکوك ..!!؟.

سەیر لەوەدایە رۆژی راگەیاندنی ئەو ئالأیە کەوتووەتە(١٤)ی تەموزەوە کە دەڵێی دیاری(سەدام)و(مجلس قیادة ثورة)یە بۆ خەڵکی کەرکوك، ئەی دەبێت لە یادی(١٧ ـ ٣٠)ی تەموزدا چ دیارییەکتان هەبێت بۆ خەڵکی شارەکە!؟ ئایا بیرتان لەوە کردووەتەوە کە کەرکوك شارێکی کوردییەو نەتەوەکانی دیکەی تیا دەژی، نەك شاری هەموو نەتەوەکانە؟ بە پێی چ ئامارێك بڕیار لەسەر دابەشبوونی کەرکوك دەدەن بە یەکسانی بەسەر هەموو نەتەوەکاندا؟ ئاماری سالأنی(١٩٤٧ ـ ١٩٥٧ ـ ١٩٦٧) ببینن ئەو کات بلێن شاری هەموو نەتەوەکانە، چ بەڵگەیەکی مێژووییتان لەبەردەستە ئەو راستیە بسەلمێنێ؟ بۆ ئەوەی نەکەوینە هەڵەی مێژووییو ئەخلاقییەوە، پێویستە لەو مەسەلانەدا بڕیاردەر بین کە پسپۆڕین تیایدا.

کێ لە ئێوەی بەڕێز پسپۆڕی کاروباری نێودەوڵەتین وا بەپەلە پڕوسکێ بڕیاری داهێنانی ئالأیەك تایبەت بە کەرکوك دەدەن، ئەی پارێزگاکانی دیکەی عێراق چ ئالأیەك هەڵکەن؟ دەکرێت ئەنجومەنی پارێزگایەك بۆی هەبێت ئالأ بگۆڕێت، بەبێ بیرکردنەوە لە ماهیەتی ئەو(ئالأ)یە.

حەز دەکەم لەڕێی ئەم ووتارەوە بە ئاگاتان بهێنمەوە لەوەی نوێنەرایەتی کردنی کورد لە کەرکوکدا کە ئێوەن، تەنها بۆ رازی کردنی دڵی ئەوانی دیکە لەوێ نین، وەزیفەی دیکەتان زۆرە، لێپرسراوێتی مێژوویی لەسەر شانتانە، ئەگەر کەسێکتان لەخۆی رانابینێ بتوانێ خزمەت بکات با پۆستەکەی جێبهێڵێت بۆ خێرخوایەك، چونکە گەر هەڵبژاردنی سەرتاسەری لە پارێزگای کەرکوکدا بکرێت، کێ گرنتیتان دەداتێ کە ئێوە دەردەچنو دەنگ بەدەست دەهێنن؟ باشتر وایە لیژنەیەك دروست بکەن رۆژانە سەردانی(پزیشکی دادوەری) شاری کەرکوك بکەن، بۆ زانینی ژمارەی کوژراوەکانو هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی

چارەسەر بۆ ئەو کوشتو برە، بزانن شارەکە بووەتە چ لافاوی خوێنو جەنگەڵی راوو رووتو دزییەك؟!!.

لە ئێستادا ئێمە پێویستمان بە ئاسایشو ئارامی‌یە بۆ کەرکوکو لەئێوەی داوا دەکەین، بڕواناکەم هیچ کەسێك سکالأی هێنابێتە پارێزگاو داوای داهێنانی ئاڵایەکی لێکردبن تایبەت بە کەرکوك.

**لەلاپەڕە(٧)ی ژمارە(١٣١)ی هەفتەنامەی(هاولاتی)دا بلاو بووەتەوە**

# کوردەکانی هەندەران دەکرێن بە عەرەبی عێراقی

ئەم هەڵبژاردنەی پەرلەمانی عێراقی پڕە لە عاجباتی دژ بە بەرژەوەندی کورد، هەر ڕۆژەو شتێکی نوێ ڕادەگەیەنرێو هیچی خزمەت بە دۆزی کوردی ناکات، نە لە ئێستاداو نە لە داهاتووشدا.

شتێك کە زۆر سەرنجی ڕاکێشامو دەمەوێ ڕوناکیەك بخەمە سەری، ئەوەیە کە زۆرێك لە کوردی باشووری کوردستان ـ ئەوەی ناوی لێنراوە کوردستانی عێراق .. لە دەست نەهامەتیو تەسك بوونەوەی مەوداکانی ژیان لە عێراقدا هەڵهاتن، هەندێکی دیکەش لە دەست باری شێواوی کوردستان ڕوویان کردە وڵاتانی ئەوروپا، زۆربەیان کەیسەکەیان سیاسیە .. بە تایبەت ئەوانەی سەرەتا وڵاتیان جێهێشت، تێکڕا وتویانە حکومەتی عێراقی ڕێی ژیانی لێگرتووینو ئازادی لێسەندووینەتەوە، نەك هەر ئەوەندەش بەڵکو ووتویانە هەڕەشەی مەرگمان لەسەر بووە.

زۆربەیان وازیان لە ناسنامەی عێراقی بوونی خۆیان هێناوە، بەڵام هەر دەڵێن ئێمە کوردین، ئەگەر ڕاپرسیەکی وردیش بکەیت لە ناویاندا، من دڵنیام بە دەگمەن تیایاندا هەیە کە قبوڵی بێت عێراقی بێت.

لەوەش سەیرترو کارەساتتر ئەوەیە کە ئەو کوردانە بۆیان نیە دەنگ بدەن بە هەڵبژاردنی پەرلەمانو شارەوانیەکانی کوردستان، بەڵکو تەنها کار بۆ ئەوە کراوە کە دەنگ بدەن بە پەرلەمانی عێراقی .. باشە ئەگەر ئەوان قبوڵیانە عێراقی بن، دەبێت ڕۆژێك زووتر بگەڕێنەوە خاکی عێراق، ئەگەر نا چۆن بڕیار لەسەر مرۆڤگەلێك دەدرێت بە حوکمو بڕیارو یاسای ئەو وڵاتە قایل نینو قبوڵیشیان نیە پێیان بوترێ عێراقی .. نەك هەر ئەوەندەش بەڵکو لەم هاوکێشەیەدا مافی عەرەبێکی عێراقیان هەیەو هیچی دیکە، ئەمەش ڕێك دەکاتەوە درێژەدان بە پرۆسەی بەعەرەبکردنو سڕینەوەی ناوو ناسنامەی کورد لە عێراقدا.

ئەم بڕیارو حوکمە هیچی کەمتر لە بڕیارێکی دیکتاتۆرییانە .. کە لە دووری چەندین سنورەوە بڕیار لەسەر ئەو هاوڵاتیە کوردانە دەدرێت بەبێ ئەوەی پرسێکیان پێ بکرێت، خۆ ئەگەر ئەمە یەکێك بێت لەو موبادەرانەی ئەمەریکا بۆ کارئاسانی کردنی دەنگدان لە دەرەوەی وڵات کردبێتی .. دیسانەوە ڕووە ڕاستیەکەی ئەمەریکا نیشان دەدات



بەرامبەر بە کورد، کە بەناوی دیموکراسیەتەوە گەورەترین درۆمان لەگەڵ دەکاتو ناشایستەترین مافمان پێ ڕەوا دەبینێت.

لەوانەیە ئەوەیان شتێکی تازە نەبێت کە ئەمەریکاو هەموو وڵاتانی دراوسێمان بیانەوێت لە شەئنی کورد کەم بکەنەوە، بەڵام سەیر ئەوەیە ئایە هیچ سیاسەتکارێکی کورد درکی بەمە نەکرد ..!؟ ئایە کەسێك نەبوو بزانێت ئەو هەموو ڕێوشوێنانەی بۆ هەڵبژاردن گیراوەتە بەر دژاژەتیەکی تاسەر ئێسکی دۆزی کوردییە ..!! .

ئێمە دڵێکمان بە نەمانی سەدام خۆش بوو، بەڵام لە سایەی ئەو دیموکراسیەتەی کە بەر لە ئازادی تاکەکان دێتە ئاراوە، دەیان سەدامی دیکە دێنە بوونو بە هەمان عەقڵی ئەو بڕیار لەسەر ئایندەی عێراقو گەلی کورد لە باشوری کوردستان دەدەن .. کێ گرنتی دەدات یاوەرو عەلاویو شەعلانو .. کێو کێی دیکە نابنە کۆمەڵە سەدامێك .. کە هەمان مێژووی دەسەڵاتی پێشووی عێراق دووبارە بکەنەوە ..!!.

ئەو بێبەش کردنەی هاوڵاتیە کوردەکانی هەندەران لە دەنگدان بە پەرلەمانی کوردستان، کەمتر نیە لە داڕشتنی پلانی پەراوێزخستنی بەندی(٥٨)ی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، کە هەردوو پلانەکە بۆ کەمکردنەوەی قەوارەی کوردیو دزینی کەرکوکو لە نێوبردنی بونیادی دەسەڵاتە لۆکاڵیەکانی هەردوو هەرێمە کوردییەکەیە.

ئەم کردەیەو زۆرێك لە کردە نابەجێکان .. کە ئەمریکا قبوڵێتیو دەیکات، ئەزمایشکردنی توانای کوردییە لە ئێستادا، داخۆ تاکەی پێ دەنرێت بە سەرمانداو ئێمەش قبوڵمانە .. داخۆ ڕۆژێك بە دەنگ دێین یان هەر بێدەنگ وەکو کەڕەی شەربەت خۆمانو سەرکردەکانمان سەر بۆ فەرمانەکانی ئەمریکا دەڵەقێنین.

ئەوەتا دەبینین ئەمریکا بە فیتی عەرەبە شۆڤێنیزمەکان پیاوو ژنو منداڵی گوندی(تەرجل)ی کورد کە سەر بە ناحیەی(لەیلان)ە .. ئازاریان دەدەنو لێیان دەکوژن .. ئەوەتا خوێندنگانەکانی بەشی ناوخۆیی(خەیرواڵڵا عەبدولکەریم)ی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، دەدرێنە بەر موشەکو گوللەباران دەکرێن، گوناهیشیان ئەوەندەیە ئومێدی چەند خێزانێکی کوردینو هیچی دیکە .. بە پێچەوانەشەوە گروپە تیرۆریستیەکانی ناو کەرکوك لە(مەمدودەو عروبەو واحید حوزەیران)ەوە موشەکبارانی شار دەکەنو ئەمریکاش دڵداریان لەگەڵ دەکات.

چۆن گومان لە هەموو حەزو ویستەکانی ئەمریکاو عێراق نەکەین، کە هێندەی گەردێك سودو بەرژەوەندی نەتەوەی کوردی تیا نیە، چۆن بە گوتاری ساردی سیاسەتکارانی کورد بڵێم ئامین کە خۆشیان نازانن بۆچیو چۆن رازی دەبنو ئایندەو چارەنووسی کورد چیە.

خۆ ئەگەر ئەم پلانانە هەروا بەردەوام بن بۆ گیان کوردو .. کوردو سیاسەتکارانیشی بەوە رازی بن .. ئەوە مەگەر ئێمەش بیر لە جێهێشتنی ولات بکەینەوەو لە دوورەوە بڵێین:" نەعم .. نەعم للیاور".

**لە ژمارە(٥٢)ە هەفتەنامەی(کەرکوکی ئەمڕۆ)دا بڵاوبووەتەوە**



## ئەو قسەیەی کەنابێ بوترێ

ئەو مەسەلانەی کە ناکرێ هیچیان لەسەر بوترێ نابێت کەس قبوڵی بێت، بە مانا ئەگەر شتێك هەبوو .. رێنەدرا یاخود پەنجەرەکانیان داخستو رێگەی گفتو گۆو دیالۆگو قسە لەسەر کردنیان قەدەغە کرد، دەبێت هەرایەکی لەسەر بنێینەوە کە ئیدی جورئەتی ئەوە نەکرێت ئەو بابەتو مەسەلانەی پەیوەستن بە ئێستاو ئایندەی چارەنووسی ئێمەوە، لە ناو هۆڵە دخراوەکاندا بڕیاری لەسەر بدرێ، بۆ ئەوەی بتوانین سیستمی ئازادی بهێنینە بوون و چیدی لەو داخراوییە دەرباز بین .. دەبێت خۆمان تەیار بکەینەوە بە عەقڵی نوێو روئیای نوێ .. تا هەموو بەربەستە نا لۆژییەکان ببەزێنینو دەرووی چوونە سەر رێی مەدەنیەت والا بکەینو دەنگی لێهەڵبڕین .. کە چیدی قبوڵ ناکرێت هیچ کەسێك یاری بە چارەنووسو ئایندەمانەوە بکاتو نەزانین لە پشتی دیوارەکانەوە چی دەگوزرەێو بێ خەیاڵ بەرەو رۆژە هاتووەکان هەنگاو بنێین، لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە دەبێت لاو ئەو دابنەمۆیە بێت کە من باسی لێوە دەکەم بۆ گۆڕینی رەوتی بەرەو پێشچوونو سیستمی دەسەڵاتو هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگە لە مەترسیەکانی دواکەوتنو نا هۆشیاری.

دە .. دەی با هەموو بیر بکەینەوە بۆ ئێستایەکی باشو ئایندەیەکی باشترو چیدی ئەو قفڵە بشکێنین کە لە دەممان دراوە.. باوەڕ نەهێنین بەوەی کە قسەیەك هەیەو نابێ بوترێ.

**لەلاپەڕە(٥)ی ژمارە(٤٢)ی هەفتەنامەی(کەرکوکی ئەمڕۆ)دا بڵاوبووەتەوە**

## کاتی گەمە نەما لەگەڵ دوژمن

کورد نەتەوەیەکە.. لە مێژووی نووسراو و وتراویدا لە دەرەوەی هاوزوبانەکانی خۆی هیچ دۆستێکی راستەقینەی نەبووە جگە لە دوژمن.

دوژمنەکانی تاسەر ئێسک تینوو بوونە بە خوێنی .. تەنانەت گیان لەبەرەکانی زەمین‌و ئاسمانیشی.. هەڵەبجەو ئەنفالیش باشترین بەڵگەن لەسەر ئەو راستیە..بەو مانایەی دوژمنانی کورد هیچ کات ژیان‌و سەربەستیان بۆ کورد نەویستوەو ناوێ.. هەڵەیەکی گەورە دەکەین گەر وابزانین وڵاتێك یان لایەنێك هەیەو دۆست‌و هاوپەیمانی کوردن‌و دەکرێ پشتیان پێ ببەسترێ.. ئۆپۆزسیۆنەکانی عەرەبی عێراقی‌و وڵاتی ئەمریکایش بەڵگەیەکی دیکەی ئەم وتەیەن.

پاش ئەوەی لە رێکەوتنامەی(لۆزان) خاکی کوردان بەسەر چوار وڵاتی شۆڤێنیزم‌و تا بڵێی دواکەوتوو و جاهیلدا دابەش کرا، ئیدی پەیتا.. پەیتا حەزی لەنێوبردن‌و سڕینەوەی نەژادی کوردو دزینی خاك‌و بەروبوومی وڵاتی کوردان رۆژ بە رۆژ لە دڵی هەموو دوژمنانی کوردا زیاتر چەکەرەی دەکرد.

بەرامبەر بەو هەموو نادادی‌و نامرۆڤایەتیەی دوژمنان دەرهەق بە مافی رەوای نەتەوەی کوردو تاکی کوردی کرا، هەمیشە لە کوردستانی گەورەدا شۆڕش‌و بەرخودان درێژەی هەبووە.. تا خاکی کوردانیش بە تەواوەتی ئازادو سەربەخۆ نەبێت مەحاڵە ئەو چوار وڵاتە بتوانن شەوێك ئارام بخەون، چونکە دەمی راپەڕین‌و هەڵسانەوەو ئازاد بوونەو رۆڵە بە ئەمەکەکانی نەتەوەو خاکی کوردستان، هەمیشە لە بیری باشترین رێگەن بۆ گەیشتن بە ئازادی خاکی کوردان‌و دروست بوونی دەوڵەتی کوردی، ئەمەیش نە خەون‌و نەخەیاڵە، بەڵکو بابەتی هەرە گرنگی تەوەری شۆڕشی ئەم سەردەمەیەو دەبێت هەموو کوردێکی شۆڕشگێڕو کوردپەروەر دامەزراو بێت لەسەری کە چیدی نامانەوێ گوندەکانمان بڕوخێ‌و ئەنفال‌و کیمیاباران بکرێینەوە، ئەمەیش تەنها لە باشوری کوردستان نا، بەڵکو دەبێت کار بۆ یەکخستنەوەی هەر چوار پارچەکەی بکەین‌و دەسەڵات‌و جەبەرووتی ئەو فیرعەونانەیش لەبەردەم نەعرەتەی نەوەی کورداندا بێ گومان دەکەوێ.. ئەمەیشیان مێژوو پێمان دەڵێ کە کورد لەوەتەی بوونی چۆکیان بۆ هیچ داگیرکەرو



ناحەزێك دانەداوە، بەڵگەیش بیرەوەرییەکانی(تەیموری لەنگ)ومێژووی(ئەسکەندەری مەکەدۆنی)وتێکشکانی(هۆلاکۆ)یە، بەلاّم کێشەی گەورەی کوردان تەنها ناتەبایی‌و ناجۆرییە، کە ئەمەیش دیسان بۆ خۆی مێژوویەکی تاڵمان هەیە لەگەڵیدا، هەر لەسەردەمی میرنشینەکانی کوردەوە تا رۆژی ئەمڕۆمان هەمیشە بە گفتی ناحەزان‌و دوژمنانمان بووینەتە دوژمنی سەرسەختی یەکدی‌و تێك بەربووینە.

بەلاّم ئێستا سەردەمێکی دیکەیەو کاتی هەستانە سەرپێ‌و روخاندنی کۆشکی داگیرکارانە، چیدی(کاتی گەمە نەما لەگەڵ دوژمن)، ئەوەتا رۆژ بە رۆژ نەوەکانی ئەعراب لە باشووری کوردستان زەفەر بە نەوەی کورد دەبەن‌و لە باکوری کوردستانیش تۆرانیەکان بەدەر لەوەی هەرچی دەنگی کوردانە خەفەی دەکەن.. پەل بۆ خاکی باشوری کوردستانیش دەهێنن‌و لە رێی چاوساغەکانیانەوە دەیانەوێ لە ماهیەتی کورد کەم بکەنەوەو لە رۆژهەلاّتیش کۆماری عەبا لەشانەکان، هەموو مافێك کە بەنەوەی ئازادی خوازی کوردانی رەوا دەبینن، زیندان‌و لە سێدارەدانی بەردەوامە هەر وەکو چۆن کوڕە گەورەکەی حافز ئەسەدو رژێمە نا مرۆڤانەکەی لەگەڵ کوردانی ئەو بەشەی کوردستاندا پەیڕەوی دەکەن.

ئەگەر ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بەڕاستی ئازادی خوازن، لەپای چی لەو هەموو نادادییە بێدەنگن کە لەگەڵ نەتەوەی کوردا کراوەو نەك هەر داگیرکردنی خاکەکەی تەنانەت مافی ژیانیشی لێدەسەندرێت.

کە ئەم هەموو راستیەمان لێوە دیار بێت، بەهانە چیە بۆ دەست خستنە نێو دەستی دوژمن‌و لەپای چی ئێمە چاوەڕوانی سۆزو بەزەیی لەوان بکەین، ئەی مەگەر خاوەن ماف تۆڵە ناکاتەوە، من تێناگەم لە سەرکردەکانی باشووری کوردستان، بۆچی بە ڕەوای دەزانن کە بڵێن کەرکوك شاری برایەتی‌و پێکەوەژیانە، ئایە کەس داوای برایەتی لێکردوون، ئەی کەسی دیکە لە کورد زیاتر خاوەنی یەك بست ئەرزی کەرکوکە، وا ئێستا نەك هەر تورکمانە تۆرانیەکان، بەڵکو خەریکەو هەندێ جاریش بەرگوێم کەوتووە گوایە کەرکوك عەرەبی رەسەنی تیا ژیاوە..

ئەمە نابێ دووبارە بکرێتەوەو نابێت رێگەیش بدرێت بوترێتەوە، چونکە ئێمەیەك هەموو ئەوان تینوو بن بە خوێنمان نابێت بە میوانیش راگیریان بکەین، چ جای ئەوەی بیانکەین بەخاوەن ماڵ.

دەبێت بیرێکی تەواو لە دەوڵەتی کوردی بکەینەوە، کورد لەم ڕۆژەی باشتری نەبووە.

**لەژمارە(٣٢)ی هەفتەنامەی(کەرکوکی ئەمڕۆ)دا بلاّوبووەتەوە**



## شێخ زاناو شێخ زاناکان

شێخ زانا بەشێوەیەك سەرقاڵی کاری مافیایی بووە کە لە ڕۆژهەلاّتو ڕۆژئـاوادا چـیرۆكو سـیناریۆی فیلمـەکانیش تەقـەبولی دڕندایـەتی لــەو جۆرە ناکەن تا جێی بکەنەوە لە ناو ئیشـێکی هونـەریدا، نـەك گەمـەی سیاسیو بە دەردی خۆیان وتەنی موخابەراتی.

بۆیە دەکرێ هــەندێ ڕەهـەندی ئـەم کارەسـاتە دوورو نزیـك تـاوتوێ بکەین بۆ ئەوەی بزانین ئایە شێخ زانایەکی دی دووبـارە دەبێتـەوە ! ! یان کۆتاییان پێهاتو بەو هێنانە سـەر شاشـەی تەلەفزیۆنـەش کەسـی دی بیر لە درێژەپێدانی ڕێبازەکەیان ناکاتەوە ! !.

ئـەو بـە بـەراورد لەگـەڵ زۆریـك لـە(پ.م)ەکـانی کوردسـتانو پیـاو ماقولـەکانیش منداڵـی دوێنێیـە، کـەچی توانیبـووی لـە نـاو جەنگـەڵی کوردسـتاندا خـۆی بکـات بـە کەسـێکی خـاوەن پایـەی کۆمەلاّیـەتیو سیاسیش، ئەو تەنها سەروەتو سامانەکەی کردبوویـان بـە شـێخ زانـا نـەك عەشـیرەتو بنەماڵەکـەی، چونکـە لـە کوردسـتاندا زۆر لـەو و لـە بنەماڵەکەی ئەویش لەپێشـتر هـەن لـەڕووی خـەباتو تێکۆشـانەوە بـۆ کێشەی کوردی، کەچی کەسیان نیو هێندەی ئەو تا یەك کـاتژمێر بـەر لە دەستگیرکردنی جێی متمانەو بایەخی حیزب نەبوونە، بـە واتایـەکی دی شێخ زانا زادەی نەفامی کۆمەڵو حـیزبو سیاسـەتی کوردسـتانە، زادەی ئەو بە زلزانینی خاوەن سەروەتو سـامانانەی کوردسـتانە، کـە لەوانەیە زۆرێك شێخ زانای دیکە هەبنو هەروا بە ئاسان .. منداڵێیکـان بۆ نەبێتە ملۆزم، تا پاش هەڵهاتنی لەدەستیان ئاشکرایان بکات.

هێزەکانی ئاسایشی کوردستان هێندە کەم ئـەزمونو کـەم سـەلیقەن کە مەگـەر قـەزاو قـەدەری ئاوهـا بـانده چڵکنـەکانی تـیرۆرو تـۆڕە جاسوسـیەکان ئاشـکرا بکـات، چونکـە بـەدەر لـە بـاندو گروپـی تیرۆریستان، کێ ناڵێ تۆڕی موخابەراتی هەموو ولاّتانی دژ بە کورد لـە کوردسـتاندا سـەرقاڵی جێبـەجێ کردنـی ئەرکـەکانیان نـین؟ ! !، گــەر مرۆڤگەلێکی کورد ببنە دڕندە بـۆ هـەنجن هـەنجن کـردنو سـڕینەوەی نامرۆڤانـەی مرۆڤگـەلێکی کوردی بێتـاوان، بـۆ نابنـە تـۆڕو بـاندی هەواڵگری کە لەوانەیە ئەم ئەرکەیان ئاسانتر بێت تـا سـەربڕینو لـەتو پـەت کردن؟ ! !.

جێی خۆیەتی سەرکردایەتی سیاسی کوردی لە هەردوو ئیدارەو دوو حیزبە گەورەکە، گەر ئەوان خۆیان بەوە دەزانن کە فەرمانڕەوایی ئەم خاكو وڵاتو گەلە دەکەن، با سەر لەبەری دەزگاکانی ئاسایشو پۆلیس نوێ بکەنەوە، بەڵام بە مەرجێ هەموو ئەوانەی دەبنە پیاوی دەسەڵاتی سێیەم(دەسەڵاتی جێبەجێکار)، لە پاش سەرکەوتن لە خولێکی ئەکادیمی هاوچەرخ سەبارەت بە کاری پۆلیسیی، ئەوکات وەربگیرێن، نەك هەر بەرپرسەو لەبەر ئەوەی موچەی پۆلیس باشە .. چەند خزمو ئەحبابێکی بهێنێتو ناوی لێبنێن پۆلیس.

وڵات لە بێخەمی دەسەڵاتدا خەریکە دەبێتە زۆنگاوی گەرای نابودترین مرۆڤەکانی سەردەمو لەوێشەوە خەونی ئاسودەیی تاکی کوردی زندەچاڵ ببێت، خەریکە گومان دەکەم لەوەی کە لەوانەیە لە هەموو دونیادا سیستمی دەسەڵاتداریێتی بەم چەشنە بێت، پێدەچێ کارکردن بۆ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە مانای مەزن کردنی خەڵکانی سەرمایەدار بێت بە هەموو پۆخڵەواتەکانیانەوەو بە کەم سەیرکردنی هاوڵاتییە سادەکان بێت بە هەموو جوانیو دڵسۆزییانەوە بۆ ئایندەی کوردستانو دۆزی کورد لە ئێستادا.

پێویستە هەرچی پیاوە گیرفان پڕەکانی دوای راپەڕین هەیە، بخرێنە ژێر میکرۆسکۆبی لێپرسینەوەوە، چ ئەوانەی لە بازاڕەکاندانو چ ئەوانەی لە پاڵ حیزبەوە خەریکی خۆدەوڵەمەندکردنن ئێستاشی پێوە، بۆ ئەوەی چیدی کەس بە خوێنی میللەتەوە بازرگانی نەکاتو رێ لەو مافیایانە بگیرێت کە لەژێر هەمەجۆر ناودا سەرقاڵی بازرگانین بە ئێمەوە.

مافی هیچ حیزبێکیش نیە کە رەخنەی نووسەرێکی بێلایەن بە ئاراستەکراوی لایەنو حیزبی دیکە لەقەڵەم بدات، کاتێك نووسەرە بە ویژدانەکان بەقەڵەمەکانیان دەیانەوێ ئاراستەی چەوتی سیاسەتی حیزبەکان بەرەو رێڕەوێکی راست رەوانە بکەن، کە خزمەت بە هەمووان بکات، هیچ کەسێك بەناوی حیزبەوە نەکەوێتە قسەی ساردو تۆمەتبار کردنیان، چونکە گەر زمانی نووسەرە بوێرەکان نەبێت، چاوی دەسەڵاتی چوارەم نەبێت، گەندەڵی ئیداریو سیاسی ماڵی کوردییان هەرزان فرۆش دەکرد، کە ئێستاش زۆر کاری نابەجێو نەشیاوی دیکە هەن، کراونو دەکرێن، زۆرێکیان لەپشت پەردەوەیەو نابینرێن، بەڵام ئەمڕۆو سبەی .. چاوی کامێراو قەڵەم هەر ئاشکرایان دەکات، بە تایبەت ئەوانەی قسەی زل دەکەنو لافی کوردایەتیمان



بەسەردا لێدەدەنو نووسینە راستیەکانیش بە کاری گێرەشێوێنی لەقەڵەم دەدەن.

**لە لاپەڕە(٢)ی ژمارە(٧٧)ی هەفتەنامەی(کەرکوکی ئەمڕۆ)دا بڵاو بووەتەوە**

## کوردەکانی کەرکوک دەنگ نادەن بە کورد

ئەم ناونیشانەی سەرەوە .. قسەی لاوێکی شەقامی کەرکوکە.

لە کەرکوکدا ئەگەرچی هەموو شتێك لە دەستی دەسەلأتی کوردرو حکومەتە کوردییەکاندا نیە، بەلأم کەم تا زۆر دەتوانن خزمەت پێشکەش بکەن .. یاخود کارئاسانی بۆ خەلٚکی بکەن.

کوردەکانی شاری کەرکوك تا ئێستا لە هەموو رەفاهیەتێکی ژیانو هەموو پاداشتێك بێبەشبوونە .. بۆ دەبێت لە ئێستاش بە دواوە بەشێوەیەك لە شێوەکان هەمان چارەنووس چاوەڕێیان بکات.

بۆ نموونە: دامەزراندنو قەرەبوو کردنەوەو .. هتد، کەمترین کوردی کەرکوك دەگرێتەوە.

عەرەبو تورکمانو ئاشووری هەر یەکەو باشترین پشتگیری دەکرێن لەلایەن حیزبو رێکخراوەکانیانەوەو دادەمەزرێنو باری ژیانیان بەرەو باشتر دەڕوات، بەلأم کوردان لە کەرکوك بێ چانسترین خەلٚکی ئەم شارەن، چونکە بە هەمان ئەزموونی سالأنی رابردووی کوردستاندا کاری حیزبایەتی زالٚە بەسەر پرۆژەو خزمایەتیو ناسیاویو واسیتەو جۆرەها شتی دیکەنو ئەوانی دیکەش بێبەش کراون.

کوردی کەرکوك لەشاری کەرکوکدا نەیانتوانیوە لەسەردەمی بەعسدا دابمەزرێن لە هیچ شوێنێك، چونکە کورد زوبانیی تاوانی گەورەیان بوو، نەیانتوانیوە خاوەنی(پارچە)یەك زەوی یاخود خانوویەك بن، چونکە کوردبوون ناشیرینترین دەمو چاوی پێ بەخشیبوون لەلای بەعسیە شۆڤێنیزمەکان.

ئێستاش بۆ ئەوەی ببن بە خاوەنی مالٚو حالٚی باش، دەبێت لە خەونو خەیالٚدا ببینن، چونکە قەرەبوو کردنەوە نایانگرێتەوە، لەبەر ئەوەی راگوێزراو نەبوونەو دەرنەکراون.

بە ئاسانی دانەمەزرێنو باری ئابوورییان تا دێت بەرەو خراپتر دەڕوات، چونکە واسیتەیان نیەو کەسیش بە یەك چاو تەماشایان ناکاتو خزمەتی پێویستیان ناکرێت، زۆر جار کە داوای دامەزراندن بەرز دەکەنەوە، رەنگی حەزو دەمو چاویان دەخوێننەوەو نائومێد دەکرێن.



زۆرێك لە لاوانی پەراوێزخراوی کەرکوك، لەسەرچاوەی توڕەبوونەوە، بێشەرم بێترس دەلٚێن:"گەر هەلٚبژاردن بکرێت .. دەنگ بدەین بە هەر کەسێك، نایدەین بە کورد، چونکە هیچمان بۆ ناکەن".

من دەلٚێم: بڕواناکەم کارێکی لەو جۆرە بکەن، بەلأم پێویستە بەرپرسانی کوردو حیزبو حکومەتە کوردییەکان کاری باش بکەن بۆ کوردی ستەم لێکراوی کەرکوك بەبێ جیاوازی، بۆ ئەوەی رێگە بۆ لاوی کورد خۆش بکرێت تا بە تەندروستی بیر بکاتەوە لە ئایندەی گەلی کوردو حکومەتی کوردی.

دەبێت پرۆژەی قەرەبوو کردنەوە ئەمانیش بگرێتەوە، چونکە خاوەنی مالٚو خانوو ئەرز نینو خانووی کرێش دەست ناکەوێ .. هەندێ لە بەرپرسانی حیزبەکان زیاتر لە چەند خانوویان کڕیوە .. دەستیان خۆش بێت، بەلأم با بیدەن بەکرێ بەو کوردانەی توانای کڕینی خانوویان نیە.

**لەلاپەڕە(٤)ی ژمارە(٣٠) هەفتەنامەی(کەرکوکی ئەمڕۆ)دا بلأو بووەتەوە**

## مادەی(٥٨)یش .. فت

دەرکەوتەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە ئەگەری فرێدانە سەلەی موهمیلاتی مادەی(٥٨)، چەند رۆژێکی ماوە، گەر بەم شێوەیە کار بڕوات.

کەرکوک خاڵی گەورەو گرنگی زۆربەی هەرە زۆری ناکۆکییەکان کە کورد دەخاتە بەردەم مەترسیەوە، هەڵبەتە ئەم دۆخەی ئێستای کەرکوک، لە وتارەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئەو کاتەی عێراق، بە تایبەت شیعەکان، لە کۆنگرەی لەندەن دەرکەوتو سیاسیەکانی کوردیش گومانیان لا دروست بوو، بەڵام لەو کاتەوە بۆ تا ئێستا لەسەر سیقە .. لە هەر کوێ گوریسەکە بچڕابێت، کورد خێرا گرێی داوەتەوە.

ئەو درۆیەی کە لە کۆنگرەی لەندەن کردیان، گوایە پاش روخانی سەدام، بارودۆخی کەرکوک دەبێت ئاسایی بکرێتەوە، ئاوارەو راگوێزراوەکان بگەڕێنەوە کەرکوکو هاوردەکانیش بنێردرێنەوە شوێنو رێی خۆیان، پاشان سەرژمێری بکرێتو دەرەنجامی ئەو هەڵبژاردنە مەسەلەی کەرکوک یەکلا بکاتەوە، بەڵام مەسەلەکە ئەوەندە ئاسانو خۆش بوو بۆ کورد، هەر زوو بڕوایان کرد کە عەرەب هەر وا بە ئاسان دەستبەرداری کەرکوک دەبن، ئەوان مەرجێکیان هەبوو لە یاری نێوان تۆمو جیری دەچوو، ئێمە ئێوەمان دەرکرد لە کەرکوک خۆمان هاتینە ناوی، ئینجا ئێوە وەرنەوەو ئێمە دەرکەن لە کەرکوک .. هیچیش ناڵێین .. هەقی خۆتانە.

ئەو هەقەی ئێستا بە ئێمەی رەوا دەبینن نازانم چییە!! مەڵێن پۆستی سەرۆک کۆمارو هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەمووی مافەو وەرمان گرتووە، ئەوە عەرەب نەبووەو نیە کە تاڵەبانیان بە سەرۆک کۆمارە قبوڵە، نەخێر .. گەر دەستیان بگەیشتبا بە کوردستان رێیان نەدەدایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکەین، ئەوەتا دان نە بە خۆمان نە بە پەرلەمانەکەماندا نانێن، فیدراڵی بۆ کوردستان بووەتە مۆتەکەی سەر دڵیانو شەوو رۆژ خەویان نیەو لە هەوڵی نەزۆک کردنیدان.

کورد زۆر گوناحە کە وادەزانێ ئەمڕۆو سبەی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵی فرەیی دروست دەبێت، گوناحی ئێمە لەوەدایە کە هەمیشە



دۆستی دوژمنمانینو دوژمنی خۆمانین، گوناحی ئێمە لەوەدایە رەهەندی گرفتەکانمان نابینین.

عەرەب لەسەر هەموو شتەکانی خۆیان پێداگری دەکەن .. موقاتەعە دەکەن .. خۆیان دەتورێنن .. هەڕەشە دەکەن .. تا ئامانجەکانیان بەدی دەهێنن، ئەوەتا ئەوەندەی نەماوە مادەی(٥٨)یش زیندەچاڵ بکەن، بەم شێوەیە کار بڕوات!! دەبێ بڵێین: مادەی(٥٨)یش .. فت

**لە ژمارە(٧٨)ی هەفتەنامەی(کەرکوکی ئەمڕۆ)دا بڵاو بووەتەوە**

# پێڕست


| ناوی بابەت | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|
| ١ـ پێشكەش | ٣ |
| ٢ـ لەبری پێشەكی | ٥ |
| ٣ـ لاوان و حیزب | ٧ |
| ٤ـ كێ گرەوەكە دەباتەوە | ٩ |
| ٥ـ دەبێ شەڕێك بكەین | ١٣ |
| ٦ـ شۆڕشی فیكریو لاو | ١٥ |
| ٧ـ كە عەرەب هۆشیار نەبێتەوە | ١٩ |
| ٨ـ شێرەكەی بارزان دەبێ چی پێبێ بۆمان | ٢٣ |
| ٩ـ ئۆج ئالان هەر شێرە ئەی پێشمەرگە ئازاكە | ٢٥ |
| ١٠ـ زوو پێمان نەوتن بگەڕێنەوە | ٢٩ |
| ١١ـ پێویستە كورد خۆی یەكلا بكاتەوە | ٣١ |
| ١٢ـ مەسەلە گرنگەكان چی بوون | ٣٣ |
| ١٣ـ كچە بێخاوەنەكان | ٣٧ |
| ١٤ـ كوردە بەعسیەكان و جارێكی دی جاشێتی | ٤١ |
| ١٥ـ دەوڵەتی سەربەخۆمان دەوێت | ٤٥ |
| ١٦ـ كەركوك بۆنی مردووی لێدێ | ٤٨ |
| ١٧ـ پرۆژەیەك بۆ مەرگی لاوان | ٤٩ |
| ١٨ـ یەكێتیو پارتیو بۆنەو بەزمەكانیان | ٥٣ |
| ١٩ـ پەرلەمانی كوردستان و .. سیناریۆو سینەما | ٥٧ |
| ٢٠ـ دەنگ بدەن بە لیستی ژمارە( سفر ) | ٦١ |
| ٢١ـ دیموكراسیەت وەكو خۆی | ٦٥ |
| ٢٢ـ گەمە لەگەڵ دڕندە | ٦٩ |
| ٢٣ـ مام جەلال و سەرۆك جەمهوری عێراق | ٧١ |
| ٢٤ـ ئەم شارە بەرەی جەنگە | ٧٤ |

# پێرست

**ناوی بابەت** | **ژمارەی لاپەڕە**


٢٥ ـ باشتر كە جەعفەری نەهات .................................. ٧٥
٢٦ ـ كێ بەر بەم تەقینەوانە دەگرێت .................................. ٧٧
٢٧ ـ لە نێوان( تاڵەبانیو جەعفەری )دا .................................. ٨١
٢٨ ـ قسەیەك بۆ ڕۆژنامەگەری ئەم سەردەمە .................................. ٨٥
٢٩ ـ ئایە چەمچەماڵ یاسای تیایە .................................. ٨٩
٣٠ ـ چیدی باسی پێكەوەژیان مەكەن .................................. ٩١
٣١ ـ ئەخلاقو تێگەیشتن لە ئەخلاق .................................. ٩٥
٣٢ ـ شۆڕشی كوردیو گەمەی دەسەڵات .................................. ٩٩
٣٣ ـ ڕەوشی كۆمەڵایەتی كەركوك .................................. ١٠١
٣٤ ـ دەستورو دەستدوور .................................. ١٠٣
٣٥ ـ ئەو كوڕی باشەو ئێمەش( .. )ین .................................. ١٠٧
٣٦ ـ بۆ( دلێر )ی دلێر .................................. ١٠٨
٣٧ ـ بۆ ئەوەی كەركوك ببێ بە شار .................................. ١١٠
٣٨ ـ بۆ دەوڵەتی كوردی نەبێت .................................. ١١٣
٣٩ ـ پەیامێك بۆ هەڵەبجە .................................. ١١٥
٤٠ ـ كەركوك ئاڵای بۆچییە؟ .................................. ١١٧
٤١ ـ كوردەكانی هەندەران دەكرێن بە عەرەبی عێراقی .................................. ١٢١
٤٢ ـ ئەو قسەیەی كە نابێ بوترێ .................................. ١٢٤
٤٣ ـ كاتی گەمە نەما لەگەڵ دوژمن .................................. ١٢٥
٤٤ ـ شێخ زاناو شێخ زاناكان .................................. ١٢٨
٤٥ ـ كوردەكانی كەركوك دەنگ نادەن بە كورد .................................. ١٣١
٤٦ ـ مادەی( ٥٨ )یش .. فت .................................. ١٣٣